# تیشکی نوێ

**گۆڤارێکی سیاسی، لێکۆڵینەوەیی، گشتییە**

تیشکی نوێ / ژمارە٤ / دەوری سێهەم / زستانی ١٣٩٧

کۆمیسیۆنی فێرکاریی و لێکۆڵینەوەی
حیزبی دێموکراتی کوردستان دەری دەکا

بڵاوکراوەی کۆمیسیۆنی فێرکاریی و لێکۆڵینەوەی
**حیزبی دێموکراتی کوردستان**


■ تیشکی نوێ
■ **گۆڤارێکی سیاسی، لێکۆڵینەوەیی، گشتییە**
■ تیشکی نوێ / ژمارە٤ / دەوری سێهەم / زستانی ١٣٩٧
■ **گرافیک:** ئەیوب شەهابیڕاد

## پێرست

٥ بەیادی مامۆستا نەسرین و کاك رەحمان
(ئاسۆ حەسەنزادە)

١١ سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە سەردەمی ترامپ و رووبەڕووبوونەوەی کۆماری ئیسلامی
(رەحمان پیرۆتی)

٢٩ ئینقلابی ئێران و فووکۆ
(وەرگێڕانی باوکی مانا)

٥١ وەهمی شرۆڤەی ئۆبژێکتیڤ
(حەسەن شێخانی)

٦١ خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ سوسیالیزمی دێمۆکراتیك
(سمایل بازیار)

٩١ ناردنەدەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی
(حەسەن حاتەمی)





# بەیادی
# مامۆستا نەسرین و کاک رەحمان

ئاسۆی حەسەن زادە

ئەم ژمارەیەی «تیشکی نوێ» یەکەمین ژمارەی ئەو گۆڤارەیە کە لەدوای مووشەکبارانی قەڵای دێموکڕات لەلایەن کۆماری ئیسلامی‌یەوە دەردەچێ. ڕۆژی ٨ی سێپتامبری ٢٠١٨ لە حاڵێکدا کە کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەنێو کۆبوونەوەی پلینۆمدا بوو، سکرتاریای حیزب و شوێنی بەڕێوەچوونی پلینۆم کەوتنە بەر هێرشی مووشەکیی سووپای پاسداران و لە ئاکامدا چاردە کەس لە کادر و پێشمەرگە دڵسۆز و بەوەجەکانی حیزب کە لەنێو واندا شەش ئەندامی ڕێبەریی حیزب هەبوون و دوو پێشمەرگەی حدکا شەهید بوون. ژمارەیەکی بەرچاویش لە هاوڕێیانمان بریندار بوون.

ئەو جینایەتە کە لە چەشنی خۆی‌دا نەک هەر لە مێژووی حیزبی دێموکڕات و بزوتنەوەی کورددا بەڵکوو لە مێژووی بزوتنەوە سیاسییەکانی جیهانیشدا کەموێنە ئەگەر نەڵێین بێ‌وێنە بوو، دەرخەری ترسی ڕێژیم لە بزوتنەوەی کوردستان و کاریگەریی حیزبی دێموکڕات لە هەلومەرجی هەستیاری ناوچە لە ئێستادا و ویستی ئەو ڕێژیمە بۆ چاوترسێن کردنی هێزەکانی نەیاری خۆی و نیشاندانی توانای تێکدەرانەی خۆی لە ناوچەدا بوو. بەڵام کۆماری ئیسلامی ئەگەر لەڕووی نیزامییەوە توانی ئامانجی هێرشەکەی بپێکێ، لەڕووی سیاسییەوە بە هیچ کام لە ئامانجەکانی نەگەیشت. تەنیا ریسواییەکی دیکەی بۆخۆی کڕی و گەورە پەڵەیەکی دیکەی بە کارنامەی ڕەشی جینایەت و بێ‌پرەنسیپییەکانی خۆیەوە زیاد کرد.

مووشەکبارانی قەڵای دێموکڕات دوو واقیعیەتی بۆ جارێکی دیکە و باشتر لە هەر جارێک سەلماندەوە:

واقیعیەتی یەکەم، ماهیەتی دڕندانە و ناجوامێرانە و ڕووی دزێو و قێزەونی کۆماری ئیسلامی بوو. ڕێژیمێک کە سەرباری بێزراوی و تەریک کەوتنەوە و گەمارۆدرانی لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا و سەرەڕای هەموو ئەو هەڵچوون و تەوژمە جەماوەری و ئازادیخوازییە کە لە نێوخۆی وڵات لەگەڵی بەرەوڕوویە، هێشتا هەر لەسەر دەستدرێژی و تێکدەرییەکانی لە ناوچەدا و لە سەرکوتی ئازادیخوازان و هێزەکانی نەیاری خۆی بەتایبەتی لە کوردستان سوور و بگرە شێلگیرتریشە و هەر جۆرە ویستێکی تەنانەت ئاشتییانە و مەدەنیانەی ئاڵوگۆڕ یان لانیکەم باشکردنی دۆخی ماف و ئازادییەکانی خەڵک تەنیا بە




زیندان و شکەنجە و ئێعدام و تێرۆر وڵام دەداتەوە. پاشماوەی تەمەنی ئەو ڕێژیمە هەرچەندێک بێ و زەرفیەتە ڕواڵەتی و مانۆڕە فرتوفێڵاوییەکانی لەمەودوای ڕێژیم بۆ مانەوەی خۆی هەرچیەک بن، موشەکبارانی قەڵای دێموکرات دەری خست کە کۆماری ئیسلامی ڕەوتی ڕوو لە نەمانی خۆی دەست پێ کردوە. لەو سەرەولێژییەی هەڵدێرانیشدا مادام کارامەیی و ئیرادەی وەدەستهێنانەوەی متمانە و دلۆڤانیی خەڵکی نیە، تەنانەت حازرە پەنا بۆ شێواز و ئامرازی نائینسانییانەتر لە ڕابردووش ببا. ڕێکارگەرێک کە لە کورتماوەدا هەرچەندێک کاری و کارا بن، لە کۆتاییدا هەر تەعبیر لە دوایین پەلەقاژەکانی ڕێژیمێک دەکەن کە زبڵدانی مێژوو چاوەڕوانیەتی.

واقیعیەتی دووەم، ئاستی لەسەرێی خۆڕاگری و توانای هەستانەوە و بەردەوامیی حیزبی دێموکڕات لە خەبات و تێکۆشانە. تەلاری ئینسانیی حیزبی دێموکڕات زۆر جار لە لوتکەی خۆیدا زەبری زۆر قورسی وێ کەوتووە، بەڵام لەبەر ئەوە کە ڕێبەرایەتییەکەی و کادر و پێشمەرگەکانی بە ئیمان و ورەوە ڕێبازی دۆزی ڕەوای گەلەکەیان گرتۆتە بەر و لە بەرامبەر میللەتی خۆیان و بارەگای شەهیداندا خۆیان بە بەرپرسیار دەزانن، هەر جارە بە ئیرادە و هیممەت و فیداکاریی ڕێبەران و تێکۆشەرانی و بە پشتیوانیی خەڵکی کوردستان لەژێر باری زەبرە قورسەکاندا هەستاوەتەوە و بە سەری

بڵیندەوە تاقیکاریی رۆژە هەرە سەختەکانیشی تێپەڕاندووە. ئەمجارەش لەگەڵ ئەوەدا کە زەبرەکە زۆر قورس و دەتوانین بڵێین لە چەشنی خۆیدا هەرگیز نەدیتراو بوو، بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕێبەران و تێکۆشەرانی زۆر جەسوورانە و قارەمانانە رووبەڕووی ئەم جینایەتە و پاشهاتەکانی بوونەوە و نەیانهێشت ئاڵای خەباتی هاوڕێیانی شەهیدمان لە هیچ کام لە سەنگەرەکانی خەبات و تێکۆشانیاندا بکەوێتە سەر عەرز. لەوەش زیاتر، یەکگرتوویی هێزە سیاسییەکانی رۆژهەڵات و بەپیلەوە هاتنی سەرجەم خەڵکی رۆژهەڵات بۆ بانگەوازی مانگرتنی سەرتاسەری بە ئیعتراز لە موشەکبارانی قەڵا و ئێعدامی چالاکانی نێوخۆ، هەڵگری ئەزموون و پەیامی هەرە گرینگ و بەنرخ بوو کە پێویستە لە بارودۆخی هەستیاری ناوچە و ئێراندا کۆمەڵگای سیاسیی رۆژهەڵات بە هەموو بەستێن و فرەچەشنیەکانیەوە بۆ رووبەڕووبوونەوەی ئاڵوگۆڕ و پێشهاتەکانی لەمەودوا زیاتر دەکاری بخا.

تەنیا درێژەدانی سادقانە و یەکگرتووانەی ڕێبازی خەباتە کە گیانی شازدە شەهیدەکەی مووشەکبارانی قەڵای دێموکڕات شاد دەکا. ئەو شەهیدانە هەر هەموویان بەنیاز بوون ڕێبواری هەتا سەری ئەو ڕێگایە بن. ئەوان یان ئەندامانی دیار و پێگەیشتووی ڕێبەریی حیزب بوون، یان پێشمەرگەی بەئەزموونی دەیان ساڵە، یان لاوی دڵگەرم و جێگای هیوا بۆ ئایندەی خەبات. لەدەستدانی هەر کام لەو سەردار و سەربازانەی ڕێگای رزگاریی کوردستان خەسارەتێکی قەرەبووهەڵنەگر بۆ حیزبی دێموکڕات و گەلی کورد بوو.

لەنێو ئەو شەهیدانەدا، دوو تێکۆشەری خەباتی چل ساڵە هەبوو کە هەردووکیان لەم ساڵانەی دواییدا هەم کارگێڕی کۆمیسیۆنی ئامووزش و هەم خەمخۆری گۆڤاری «تیشکی نوێ» بوون: مامۆستا نەسرین حەداد، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب کە وەک جێگری بەرپرسی کۆمیسیۆنی ئامووزش و - بەهۆی ئەرکەکانی تری بەرپرسی ئەم کۆمیسیۆنە- لە کردەوەدا وەک بەرپرسی ئەو کۆمیسیۆنە کاری دەکرد و لە هەماهەنگی و بەدواداچوونی ئامادەکردنی گۆڤاری «تیشکی نوێ«شدا یەکجار بەمشوور بوو. کاک رەحمان پیرۆتی، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و ئەندامی کۆمیسیۆنی ئامووزش کە لە سەرەتای دەرچوونی گۆڤاری «تیشکی نوێ«وە وەک سەرنووسەری

گۆڤارەکە و ئەندامی دەستەی نووسەرانی ئەم گۆڤارە کاری دەکرد.
داستانی ژیان و خەباتی هەر کام لەو دوو خەباتگێڕە و ئەزموون و باوەڕ و خیسڵەتە ئینسانی و شۆڕشگێڕییەکانیان سەدان لاپەڕە هەڵدەگرێ. دار و دیواری کۆمیسیۆنی ئاموزش و قەڵای دێموکڕات، فەزای دەورە و سیمینار و کۆبوونەوە و ڕێوڕەسمەکانی حیزب، لاپەڕەکانی گۆڤاری «تیشکی نوێ»، کۆڕی گەرمی هاوڕێیانی دێموکڕات و ئازیزانیان، سەنگەرە جۆربەجۆرەکانی خەبات و خاکی پیرۆزی کوردستان بۆ هەمیشە لە حزووری فیزیکیی ئەم دوو تێکۆشەرە پشوودرێژ و بەباوەڕەی ڕێبازی کوردایەتی بێبەش بوون. بەڵام یادیان و ناویان هەتا سەر بە زیندوویی دەمێنێتەوە و رووحی پاکی ئەوان و باقیی شەهیدانی موشەکبارانی قەڵای دێموکڕات هەتا وەدیهاتنی ئامانج و ئاواتەکانیان بەسەر درێژەدەرانی ڕێگاکەیاندا دەڕوانێ و چاوەدێرێکی مێهرەبان بەڵام سەختگیریان دەبن.
لەگەڵ ناردنی هەزاران سڵاو بۆ گیانی پاکی شەهیدانی قەڵای دێموکڕات بەتایبەتی دوو بەرپرس و خەمخۆری لەدەستچووی کۆمیسیۆنی ئامووزش و گۆڤاری «تیشکی نوێ»، پەیمان نوێ دەکەینەوە کە بە درێژەدانی ڕێگای ئەو ئامانجانەی ئەوان لەپێناویدا شەهید بوون، ئەمەگناسیی خۆمان لە بەرامبەر لوتکەی هەڵوێست و لەخۆبردوویی‌یان بسەلمێنین. ئەم ژمارەیەی «تیشکی نوێ» وتارێکی شەهید ڕەحمانی پیرۆتیی تێدایە و هەماهەنگی بۆ ئامادەکردن و دەرکردنی ئەم ژمارەیەش یەکێک لە دوایین کار و خزمەتەکانی ژیانی شەهید نەسرین حەداد بوو. ئەم ژمارەیە دوایین یادگاری بەجێماوی ئەو دوو شەهیدەیە و پێشکەش بە یادی وانی دەکەینەوە.



# سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە سەردەمی ترامپ و رووبەڕووبوونەوەی کۆماری ئیسلامی



# سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە سەردەمی ترامپ و

# رووبەڕووبوونەوەی کۆماری ئیسلامی

شەهید رەحمان پیرۆتی

سەرکەوتنی دۆناڵد ترامپ لە هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١٦ چاوەڕواننەکراو و بۆ زۆر کەس جێی سەرسوڕمان بوو. بەپێی ئامارەکانی ناوەندەکانی توێژینەوە و راپرسی دەبوو رێژەی دەنگەکانی هیلاری کلینتۆن و دۆناڵد ترامپ جیاوازێکی زۆریان هەبا و بەو پێیە بەربژێری دێموکراتەکان براوەی هەڵبژاردنەکان با. هەر ئەوەش وایکردبوو کە کلینتۆن بە دڵنیابوون لە سەرکەوتنی خۆی سیاسەت و پلان و بەرنامەکانی حکومەتی داهاتووڕابگەیەنێت و تەنانەت پۆستە سەرەکییەکانیش پڕ بکاتەوە. ئەو بابەتە بۆ ترامپ نامۆ بوو. ئەو هێشتا باوەڕی نەدەکرد کە سەرکەوتووی رکەبەرییەکە بێ و بەو پێیە نە ستراتێژی‌یەکی دیاری هەبوو و نە کەسیشی بۆ پۆستێک بەربژێر کردبوو، جگە لە جێگری سەرۆک کۆمار کە بە پێی یاسا و نەریت هەر دەبێت لە سەرەتاوە بەربژێر بکرێت. ترامپ و تیمەکەی لە کەمپەینەکانی هەڵبژاردن زیاتر کاریان لەسەر رەتکردنەوەی سیاسەت و بەرنامەکانی کلینتۆن و حکومەتی ئەو کات دەکرد و کەمتر

پلان و بەرنامەیەکی دیاریکراویان دەخستەڕوو. بەڵام بەو حاڵەش، ترامپ لە هەڵبژاردنەکان سەرکەوتنی بەدەستهێنا و وەک چل و پێنجەمین سەرۆک کۆماری بەهێزترین وڵاتی جیهان دەستبەکار بوو.

وڵاتە یەکگرتووەکان بەهێزترین وڵاتی جیهانە. تێچووی نیزامی ئەو وڵاتە زیاتر لە ٤٠ دەرسەدی تێکڕای تێچووی نیزامی هەموو وڵاتانی جیهانە و جگە لەوە زیاتر لە ٢٢ دەرسەدی بەرهەمی ناپاڵاوتەی جیهانی لەو وڵاتە بەرهەم دێت. ئەمریکا ٢٥ دەرسەدی تێچووی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دابین دەکات، یارمەتی ماڵی ناتۆ دەدات و خاوەنی زیاتر لە ٥٠ دەرسەدی پشکەکانی کۆمپانیا زەبەلاحەکانی جیهانە.

بەگوێرەی بڕگەی ٢ی یاسای بنەڕەتی وڵاتە یەکگرتووەکان، سەرۆک کۆمار بە هاوئاهەنگی لەگەڵ سێنا و کۆنگرە بەرپرسی سیاسەتی دەرەوە و فەرماندەی هەموو هێزە چەکدارەکانە. بەو پێیە روانین و سیاسەتەکانی سەرۆک کۆماری ئەمریکا تەواو کاریگەری لەسەر رەوشی نێودەوڵەتی دادەنێت.سەرۆک کۆماری ئەو جارە دیاردەیەکی نوێ لە پێکهاتەی سیاسی ئەمریکا بوو. ئەو خاوەن کەسایەتییەکی سەرەڕۆ، دژە ژن، خۆبەزلزان، رەگەزپەرەست، دەوڵەمەند و زۆر سەرکەوتوو لە بەستێنی ئابووری‌یە. ترامپ بەبێ ئەوەی کە هیچ پێشینەیەکی لە کاری دەوڵەتی و حکومەتی‌دا هەبووبێ، بەشداری لە هەڵبژاردن کرد و سەرەڕای دژایەتی لەگەڵ کۆی پێکهاتەی سیاسی ئەمریکا، سەرکەوتنی بەدەستهێنا. ترامپ بەو شێوە کە نیشانی دەدات، نە گرنگی بە پێکهاتەی سیاسی ئەمریکا دەدات و نە پرەنسیپە باوەکان رەچاو دەگرێت.

ئەوە لە حاڵێکدایە کە سیستمی سیاسی ئەمریکا لەسەر بنەمای «کۆنترۆڵ و هاوسەنگی» دامەزراوە. ئەو ئەسلە لەنێوان دامەزراوەکانی دەسەڵات لە ئاستە جیاوازەکان رێکخراوە؛ لە نێوان هێزە سێ‌یانەکان، لەنێوان حکومەتی فێدراڵ و ویلایەتەکان، لەنێوان حیزبی دەسەڵاتدار و حیزبی رکەبەر.هەر چەند هەڵبژاردنی بەرپرسانی حکومەت بە پێشنیاری سەرۆک کۆمار و بڕیاری کۆنگرەیە، بەڵام هەموو بابەتەکان لەژێر چاودێری حیزبی رکەبەر و رای گشتی و مێدیاکان دایە. لەو سیستمە

بۆرۆکراتیکەدا هەرچەند مەیدانی کاری سەرۆک کۆمار لە هەمووان ئاوەڵاترە، بەڵام لە زۆر شوێنانیش بەربەستی لە بەردەمە. لە ئێستادا، کۆماریخوازەکان بە کردەوە کۆنگرە، کۆشکی سپی و دادگای باڵای وڵاتە یەکگرتووەکانیان لە ژێر دەسەڵاتە کە لە مێژووی ئەو وڵاتە ڕێکەوتنێکی کەم وێنەیە. یەکدەستی ئەو سێ دامەزراوە، ئەو دەسەڵاتە دەداتە ترامپ کە بەبێ کێشەیەکی ئەوتۆ لانیکەم تا هەڵبژاردنی کۆنگرە سیاسەتەکانی بەرێتەپێش. هەرچەند ئەوە هەموو شت نییە و سیاسەتەکانی ترامپ لەناو کۆماریخوازەکانیش نەیاری سەرسەختییان هەیە.

لە ڕوانگەی ترامپ یەکێک لە هەڕەشە سەرەکییەکانی سەر ئەمریکا، لەبەرچاونەگرتنی بەرژەوەندییە باڵاکانی ئەو وڵاتە لە دانوستانە ئابووری، سیاسی، نیزامی و ئەمنییەتی وڵاتانی دیکەیە. ئەو پێی وایە حکومەتی ئۆباما لە هەڵسوکەوت لەگەڵ وڵاتانی دیکە و ڕێکخراوەکانی نێودەوڵەتی بەرژەوەندی ئەمریکای لەبەرچاو نەگرتووە و لەزۆر شوێنانیش سات‌وسەودای لەسەر کردووە.ئەو ڕێکەوتننامەکانی ئابووری چەندلایەنە و پەیماننامە هاوبەشە نیزامییەکان بەدژی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەزانێت.لە ڕوانینی ترامپ ئەم شێوە سیاسەت‌کردنە بۆتە هۆی دەرچوونی سەرمایە لە وڵات، لاوازبوونی کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکان و هاتنی بە لێشاوی خەڵکی کۆچبەر کە زەبرێکی قورسیان لە بەرژەوەندییە ئابووری و ئەمنییەتییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان داوە. ترامپ پێی وایە، سیاسەتەکانی پێشوو پێگەی ئەمریکایان لاواز کردووە و لەبەرامبەردا گوڕ و تینی داوەتە زلهێزە ڕکەبەرەکانی ئەو وڵاتە تا «سواری خۆڕایی» بکەن و سەودای خۆیان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان کەم بکەنەوە.

ترامپ وەک بانگەشەی بۆ دەکات بەر لە هەر شتێک گرنگی بە ئەمریکا دەدات.هاوپەیمانی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بۆ پرسە جیهانییەکان بەو شێوە و مۆدێلی پاش شەڕی جیهانی دووەم، لە ڕوانگەی ترامپ ئەو مانا و بایەخی جارانی نەماوە و بەو پێیە تاک‌لایەنە کار بۆ چەسپاندنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەکات. ئەمریکای سەردەمی ترامپ بۆ بەرژەوەندی وڵاتانی دیکە تێچوو نادات. هەر یەک لە هاوپەیمانانی

ڕۆژئاوایی و ناوچەیی ئەمریکا دەبێت بۆ پاراستنی خۆیان و هاوکاری نیزامی وڵاتە یەکگرتووەکان تێچوو بدەن. لە ڕوانگەی ترامپ، ئاسایش و ئەمنییەت کەرەستەیەکی زۆر بەنرخە کە ئەمریکا بەرهەمی دێنێت. ئەو کەرەستەیە تا ئێستا بە نرخێکی کەم پێشکەشی وڵاتانی دیکە کراوە و ئەوە بە قازانجی ئەمریکا نییە. ترامپ هەوڵ دەدات لە ڕێگەی بەرزکردنەوەی بودجەی نیزامی وڵاتەکەی هەم گەرەنتی ئاسایشی ئەمریکا بکات و هەم کەرەستە نیزامییە بەرهەمهێنراوەکانی وڵاتەکەی بە بەهایەکی بەرز بفرۆشێت و بە بەکارهێنانی هێز و کەڵکوەرگرتن لە هەموو دەرفەتەکان، ئەو پەیامە بە گوێی هەمووان دابدات کە لەبەرچاونەگرتنی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا چ تێچوویەکی قورسی هەیە.

ترامپ ئەمریکایەکی بەهێزی دەوێت تا بتوانێ بەرەنگاری هەڕەشە نیزامییە نەریتییەکان بێت، تێرۆریسم لەناو ببات و لە کەشێکی تۆقێنەر و ناجێگیر، کەرەستە نیزامییە بەرهەمهێنراوەکانی وڵاتەکەی بە نرخێکی گران بفرۆشێت. لەسەر ئەو بنەمایەیە کە بەڵێنی ئەمنییەتییەکانی بۆ هاوپەیمانانیی لە ناتۆ، وڵاتانی ئورووپای ڕۆژهەڵات، وڵاتانی عەرەبی، کۆریای باشوور و ژاپۆن کەم کردۆتەوە و بە ڕوانینێکی تەواو ئابووریتەوەر هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکات.

سیاسەتی ترامپ زیاتر چەقبەستوو لەسەر گوشار و هەڕەشە لە پێگەی پرێستیژی زلهێزترین و بەهێزترین سیستمی جیهانە. ترامپ لە هەر سێ سەرچاوەی گوشاری سیاسی، گوشاری دیپلۆماتیک و گوشاری نیزامی کەڵک وەردەگرێت. بەڵام کێشە ئەوەیە کە سیاسەتەکانی ئەو پێشبینی ناکرێن. هۆکارەکەشی ئەوەیە کە ترامپ بەردەوام ڕوانینەکانی خۆی دەگۆڕێت. ڕەنگە هۆکاری سەرەکی ئەو گۆڕانکارییانەش ئەوە بێ کە ئەو تا ئێستاش ئاگاداری ئاڵۆزی پرسە سیاسییەکانی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان نییە.

سیاسەتی دەرەوەی هەر وڵاتێک بریتییە لە دەستپێڕاگەیشتن بەو ئامانجانەی کە لە بەرژەوەندی وڵات دان. ئامانج و بەرژەوندییەکانی هەو وڵاتێک لە ڕەوتی بڕیاردان بەگوێرەی بایەخەکان و باوەڕەکان و تێگەیشتنی بڕیاربەدەستان لە چۆنیەتی دابینکردنیان و کەرەستە

و ئیمکانی ئەنجامدانیان دیاری دەکرێن. بڕیاربەدەست لەو ئەسلەدا، بوونەوەرێکی عەقڵانی و حیسابزانهکه لە ڕێگای کۆکردنەوەی زانیاری، لێکدانەوەی ئامانجەکان، دیاریکردنی کەرەستەکان، تێچوو و دەستکەوتەکان و لەبەرچاوگرتنی هەموو بژاردەکان، باشترین بژاردە هەڵدەبژێرێت و هەوڵ دەدات زۆرترین دەستکەوت مسۆگەر بکات.

بە شێوەیەکی گشتی هێڵە سەرەکییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا، لە چوار تەوەری سەرەکیدا ڕێکخراون: خۆشبژێوی نەتەوەیی، دابینکردنی ئاسایش و ئەمنییەت، پاراستنی بەرژەوەندییەکان، و پەرەپێدانی هێز و کارتێکەری وڵاتە یەکگرتووەکان. ئەم چەند تەوەرە ڕێنیشاندەری سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکان کە بە میرات بۆ حکومەتی ترامپیش بەجێ-ماونتا بۆبەرەوپێشبردنی وڵاتە یەکگرتووەکان، و بەرپەرچدانەوەی هێرشەکان و هەڕەشەکانی سەر ئەو وڵاتە کەڵکیان لێوەربگرێت.

ترامپ بۆ مسۆگەرکردنی ئەو ئامانجانە متمانەی بە تیمێک لە کەسانی پسپۆڕ کردووە وەک مایک پێنس، جێگری سەرۆک کۆمار، وەزیرانی دەرەوە، ڕاوێژکارانی ئاسایشی نەتەوەیی، و وەزیری خەزێنە کە بەڕای زۆرێک لە لێکۆڵەران زۆربەیان توندڕەوترین کەسایەتییەکانن و زیاتر باوەڕیان بە ڕێگاچارەی نیزامی و گوشاری ئابووری هەیە. ئەم کەسایەتییانە بە بەراورد بە سەردەمی ئۆباما، کەسانی ئیدیۆلۆژیکن، بۆ زۆربەی پرسەکان حەتمەن چاوێکیان لە بەکارهێنانی هێزی نیزامی‌یە، لەگەڵ ڕوسیە ڕێکەوتن و وتووێژ پێشنیار دەکەن، هەوڵی چارەسەری کێشە لەمێژینەکانی وەک شەڕی کۆریا و پرسی فەلەستین-ئیسرائیل دەدەن، ڕووبەڕووبوونەوەی ئابووری لەگەڵ چین بە شیاو دەزانن، پشتگیری وڵاتانی کەنداو دەکەن و لە بەرپەرچدانەوەی کۆماری ئیسلامی کۆکن.

سیاسەتی دەرەوەی حکومەتی ترامپ، بە پێچەوانەی پێشتر، بە گوتار و کردەوە، وڵاتە یەکگرتووەکان بەڵێندەر بە پشتگیری لە پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ نازانێت، بەرامبەر ئاسایشی جیهان، برەودانی ئاشتی، هاوبەشی سیاسی لەگەڵ یەکێتی ئوروپا، گۆڕانی کەش و هەوا و بابەتەکانی دیکە تا ئەوکاتەی مەترسی

ئەوتۆیان بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی نەبێت، بێ هەڵوێستە و لەبڕی ئەمانە کار بۆ خۆشبژێوی ئابووری خەڵکی ئەمریکا و پەرەی کارتێکەری سیاسی واشێنگتۆن دەکات. بەو پێیە بێ ترامپ هەوڵدەدا کێشە لەمێژینەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بە دەستێوەردان و گوشاری سیاسی و ئابووری چارەسەر بکات و لەو ڕێگەیەوە لەمپەرەکانی بەردەم دابینکردنی بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی هەڵبگرێت.

ئەو شێوە سیاسەتکردنە، هەم سیاسەتی ئاشتی و وتوویژ و دیپلۆماسی ئۆبامای وەپشتسەرناوە و هەم لە دەستێوەردانە ڕاستەوخۆکانی سەردەمی بووش دوور کەوتۆتەوە. ئەمریکای سەردەمی ترامپ تێدەکۆشێ بە هەڕەشە و هەڵوێستگرتن لە پێگەی بەهێزترین وڵاتی جیهان و بەبێ تێچوویەکی ئەوتۆ، ئامانجەکانی خۆی بەرێتەپێش و دەسەڵاتداریێتیو زلهێزی ئەمریکا پێشانی جیهان بدات و ویستەکانی خۆی بسەپێنێت.

یەکێک لە دیارترین پرەنسیپەکانی سیاسەتی دەرەوەی ترامپ، هەڵوێستگرتن و کردوەی تاکلایەنەیە. ئەمریکای سەردەمی ترامپ، بەپێچەوانەی ڕەوتی نەریتی سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە، لانیکەم لە دوای شەڕی سارد، چیتر بەدوای شەریک و هاوبەش بۆ کردەوە و هەنگاوی چەندلایەنە نییە. ترامپ لە ڕێگەی کورتە پەیامەکانی لە تویتەر، بڕیاری چارەنووسساز دەدات و چاوەڕێی ئەوەیە وڵاتانی دیکەگوێڕایەڵی بڕیارەکانی بن.تاقیکردنەوەی گەورەترین بۆمبی دروستکراوی دەستی مرۆڤ لە ئەفغانستان بەدژی هێزەکانی تاڵبان، دەرکەوتن لە پرۆتۆکۆلی پاریس بۆ پێشگرتن لە دیاردەی گەرم بوونی زەوی، ڕاگواستنی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تێل ئاڤیڤ بۆ قودس، بۆردومانی ئاسمانی سوریە، و کشانەوە لە ڕێکەوتننامەی ناوکی لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، دەکرێ چەند نمونەی سەرەکی ئەو شێوە سیاسەتکردنە بن.

# ڕووبەڕووبوونەوەی کۆماری ئیسلامی لەلایەن ئەمریکاوە

سیاسەتی حکومەتی ئۆباما، پێکهاتن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بوو. ئۆباما بە گۆڕینەوەی پەیامی نهێنی، ڕاگرتنی هاوسەنگی نێوان وڵاتانی عەرەبی سوننی و کۆماری ئیسلامی، ئاسانکاریکردن لە شارە جیاوازەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بۆ بەڕێوەچوونی هەڵبژاردنی سەرۆک کۆماری، پێدانی چەند میلیارد دۆلار لە سەرمایە بلۆککراوەکەی خەڵکی ئێران بە کۆماری ئیسلامی، و گوێنەدان بە هاواری نارەزایەتی خەڵکی وەزاڵەهاتوو لە دەسەڵاتدارێتی دیکتاتۆڕی لەشوێن پێکهاتن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بوو. هەر لەو ساڵانەدا ئەمریکابە سەپاندنی گەمارۆی قورسی تاکلایەنە و چەندلایەنە بەسەر کۆماری ئیسلامیدا، ڕژێمی تارانی ناچار بە وتووێژ کرد کەلە کۆتاییدا بە ڕێکەوتننامەی ناوکی گەیشت. ترامپ ئەو ڕێکەوتننامەی هەر لە سەرەتاوە ڕەتکردەوە و لە کۆتاییشدا بڕیاری دا بەجێیبهێڵێت. ترامپ کۆماری ئیسلامی نە لە ئاستی «دوژمنی ئەمریکا» بەڵکوو وەک دەوڵەتێکی سەرکێش و یاغی پێناسە دەکات کە پاڵپشتی سەرەکی تیرۆریسمە و لەشوێن ناسەقامگیری ناوچە و زەبرلێدان لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانێتی.

هەر چەند ئێران تاکە کێشە و پرسی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا نییە، بەڵام سەرنجی سەرەکی تیمی سیاسەتی دەرەوەی ترامپ لەسەر ئێرانە. ئەمە دەکرێ چەند هۆکاری سەرەکی لە پشت بێت:

یەکەم: بڵاوکردنەوەی ئیسلامخوازی و هەوڵدان بۆ فراوانکردنیکەوانەی شیعە، لەڕێگەی تاقم و گرووپی چەکدار و کردوەی تیرۆریستی کە هەم هەڕەشە لە ئاسایشی ناوچە و جیهان دەکات و هەم لەبەرامبەردا ئیسلامخوازی نەریتی سوننیش دەوروژێنێ.

دووەم: پرۆگرامی موشەکی و ناوکی کۆماری ئیسلامی. هەوڵەکانی سپای پاسداران بۆ مەودادرێژترکردنی موشەکەکان هاوپێچ لەگەڵ هەڕەشەی لەناوبردنی ئیسرائیل، بۆ ئەمریکا و ئوروپا جێی مەترسییە.

سێیەم: برەودانی نفوزی نیزامی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە

یەمەن و عێراق و سوریە لە ئاسیا تا وڵاتانی باکووری ئەفریقا و شێواندنی وڵاتانی کەنداوی فارس و ئەفغانستان. برەودانی نفوز و سیاسەتی دەستێوەردانی لە کاروباری وڵاتانی دیکە هەم ئیسرائیل و هەم وڵاتانی عەرەبی نیگەران کردووە بەشێوەیەک کە بۆ بەرەنگاری لەگەڵ کۆماری ئیسلامی هاوکاری چڕی یەکتر دەکەن.

پێناچێ ترامپ ناسینێکی تەواوی لەسەر سیاسەت، هەڵوێست و هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامی هەبێت بەڵام زۆربەی کاربەدەستانی سیاسەتی دەرەوەی ترامپ، پێشینەی کارکردن لەو وڵاتانەیان هەیە کە کۆماری ئیسلامی بە شێوەیەک لە شێوەکان تێیاندا کاریگەرە؛ وەک سوریە، عێراق و ئەفغانستان. مایک پۆمپیۆ، دووەمین وەزیری دەرەوەی ترامپ، و ژێنراڵ مەتیس، وەزیری بەرگری، و جان بۆڵتۆن، راوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی، سیستمی کۆماری ئیسلامی بە وردی دەناسن. ئەوانە لەو کەسانەن کە بەدرێژایی تەمەن لە نزیکەوە لەگەڵ سیستم و سیاسەتی کۆماری ئیسلامی ئاشنا بوونە و لەسەر سپا، سپای قودس و هەوڵە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی زانیاری وردیان هەیەو پێیان وایە کە هەڵە لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بۆتە هۆی ئەوە کە کۆماری ئیسلامی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست پەلوپۆ بهاوێت و لە عێراق و ئەفغانستان کاریگەری هەبێت، سەرەڕای ئەوە کە ئەمریکا بە سەدان ملیارد دۆلاری تێدا خەرج کردوون. پۆمپیۆ و مەتیس لە عێراق و ئەفغانستان بوونە و روانینیان بۆ کۆماری ئیسلامی واقعی و هەڵوێستیان نەرێنییە.ئەوان لە رێکەوتننامەی ناوکی ناڕازی بوون و لەگەڵ تاقیکاری موشەکی سپا، تیرۆریسمی نێودەوڵەتی ئاڕاستەکراو، سیاسەتی تێکدەرانە، دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکە و هەڕەشەی کۆماری ئیسلامی لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە ناوچە کێشەیان هەیە.

بە درێژایی سەرۆکایەتی ترامپ، کۆماری ئیسلامی بەردەوام لەژێر گوشاری وڵاتە یەکگرتووەکاندا بووە. هەر دوابەدوای هاتنەسەرکاری ترامپ و هەڕەشەی ناوبراو بۆ هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتننامەی ناوکی، گرنگترین دەستکەوتی دیپلۆماتیکی کۆماری ئیسلامی، بەکردەوە

لە ناوەڕۆک بەتاڵ بوو. لە قۆناغی یەکەم، وڵاتە یەکگرتووەکان وشیاری بە بەرهەمهێنەرانی بیانی و کۆمپانیا زەبەلاحەکان دا کە لە ئەگەری وەگەڕخستنی سەرمایەکانیان لە ئێران ڕەنگە لەگەڵ گەمارۆکانی وەزارەتی خەزێنەی ئەمریکا ڕووبەڕوو ببنەوە. هەر ئەو هەڕەشە کاریگەرییەکی تەواوی لەسەر شڵەژاندنەوەی ئابووری ئێران کرد. ترامپ، پابەندی بە ڕێکەوتننامەی ناوکی، مەرجدار بە بەرتەسککردنەوەی تاقیکاری موشەکی دوورهاوێژی سپای پاسداران، کشاندنەوەی هێزەکانی لە سوریە، و پێداچوونەوە بە سیاسەتەکانی لە ناوچە و بەتایبەتی لە وڵاتانی عەرەبی وەک عێراق و یەمەن کرا.

لە قۆناغی دووەم، وڵاتە یەکگرتووەکان لە ڕێکەوتننامەی ناوکی کشایەوە و ڕایگەیاند کە قورسترین گەمارۆ ئابوورییەکانی مێژوو بەسەر ئێراندا دەسەپێنێت و بە هاوکاری هاوپەیمانانیی لە ناوچە لەبەرامبەر سەرەڕۆییەکانی کۆماری ئیسلامیدا دەوەستێتەوە. هاوکات وڵاتە یەکگرتووەکان هەڕەشەی لە هەموو هاوبەشە تیجاری و وەبەرهێنەرە بیانییەکان کرد کە لە ئەگەری بەردەوامبوون لە مامەڵەی بازرگانی لەو وڵاتە، لە گەمارۆ ئابووری و گوشارە سیاسییەکانی ئەمریکا بێ بەری نابن.لە واشنگتۆن ڕوانینی زاڵ ئەوەیە کە بە زیادکردنی گوشارەکانی سەر ڕژێمی کۆماری ئیسلامی و ڕاگواستنی بەشێک لەو گوشارە بۆ سەر کۆمەلانی خەڵکی ئێران، ئامانجەکانی ئەمریکا زووتر مسۆگەر دەبن. ئەمریکا بەردەوام ئەو پەیامە دەنێرێت کە ئەگەر خەڵکی ئێران لەژێر گوشار دان و کێشەکانیان لەحاڵی برەوسەندنن، ئەوە لە ڕاستیدا تاوانەکەی بە ملی خودی خەڵکی ئێرانە کە لە بەرامبەر سەرەڕۆییەکانی ڕژێم بێدەنگ یان هەڵوێستی ئەوتۆیان نییە.

بەردەوامی پرۆژەی چەکی ناوکی، تاقیکاری موشەکی، هەناردەکردنی چەک بۆ یەمەن و سوریە و تێکگیرانی نیزامی بەرتەسک لە کەنداوی فارس بەستێنی هەڵوێستی توندی ترامپ بەدژی کۆماری ئیسلامین. ترامپ بەپێچەوانەی ئۆباما، زوو هەڵوێست دەگرێت و دەستبەجێ بڕیار دەدات، هەر ئەوە ئیحتمالی کردوەی لەناکاو زیاد دەکات. بەهێزترین سیناریۆ ئەوەیە کە ترامپ بۆ نیشاندانی هێز و توانای نیزامی وڵاتەکەی بە کۆماری ئیسلامی،

هەڕەشەکانی بەرپرسانی سوپای پاسداران بۆ داخستنی «گەرووی هۆرمز»، یان هەناردەکردنی چەک و کەرەستەی نیزامی بە یەمەن و رووداوی هاوشێوەی ئەوە بقۆزێتەوە بۆ ئەنجامدانی هێرشێکی نیزامی بەرتەسک.

لە ئاستی ناوچەیی، ئیسرائیل و عەرەبستانی سعودی هانی ترامپ دەدەن تا بەرامبەر بە تاقیکاری موشەکی کۆماری ئیسلامی هەڵوێستی توندتر بگرێت و تەنانەت رەنگە کار لەسەر ئەوە بکەن بڕیاری هێرشی نیزامی بەرتەسک بەدژی کۆماری ئیسلامی بدات. عەرەبستان هەر زوو پێشوازی لە بڕیاری ترامپ بۆ بەجێهێشتنی رێکەوتننامەی ناوکی و گەڕاندنەوەی گەمارۆکانی سەر کۆماری ئیسلامی کرد. گرژتربوونی پەیوەندی نێوان ئێران وعەرەبستان رەنگە بەرهەمی ئەو روانینەی ریاز بێ بۆ کەڵکوەرگرتن لە ترامپ بۆ گەڕاندنەوەی ئەمریکا بۆ ناوەندی بڕیارە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەو رێگەیەوە بەرپەرچدانەوەی کۆماری ئیسلامی و هەروەها رکەبەرە ناوچەییەکانی وەک قەتەر. لە قەیرانی قەتەر، پشتیوانی ئەمریکا لە عەرەبستان، ئاڵۆزی نێوان دوو وڵاتی کردە پرسێکی ناوچەیی و تەنانەت پەیوەندی ئەمریکا و تورکیە و عەرەبستانیشی خستە مەترسییەوە.

پەیوەندییەکانی عەرەبستانی سعودی و هاوپەیمانە ناوچەییەکانی لەگەڵ ئەمریکا لە کاتی رێکەوتننامەی ناوکی و پێشنیاری ئۆباما بەو وڵاتە بۆ دابەشکردنی دەسەڵاتی ناوچە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی، سارد و سڕی تێکەوتبوو. بەڵام سیاسەتی ترامپ و هەوڵەکانی ئەو بۆ بەشداری پێکردنی هاوپەیمانانی ئەمریکا لە تێچووەکانی بەرگری دەرەکی ئەو وڵاتە، و پێشوازی عەرەبستان لەو سیاسەتە ئاستی پەیوەندییەکانی ئەو دوو وڵاتەی بەرز کردۆتەوە. لە لایەکی دیکە، لەدوای هاتنەسەرکاری دۆناڵد ترامپ، هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر بنکە نیزامییەکانی ئێران لە سووریە زۆر زیاتر بوونە. بۆ زۆر کەس ئەوە بە مانای کوتانی تەپڵی شەڕ بەدژی کۆماری ئیسلامی ئێرانە.

ئاستەنگی هەرە دیار لەبەردەم شەڕی نیزامی بەدژی کۆماری ئیسلامی ، پەیوەندی ئێران و روسیەیە. روسیە لە ئێستادا گەورەترین هاوبەشی

سیاسی، بازرگانی و نیزامی ئێران لە ناوچەیە. هەرچەند روسیە پێشتر لەو بابەتانەی کە بە قازانجی خۆی بینیون، لە ئێران دوور و لە ئەمریکا نزیک کەوتۆتەوە، و ئەگەری زۆرە لە داهاتوش بەو شێوە هەڵوێست بگرێت؛ بەڵام لە ستراتێژی درێژماوەی روسیە، گۆڕانی رژێم لە ئێران بە شێوەیەک کە ئاسایشی ئەو ناوچە ئەمنەی کە ئێران لە باشووری روسیە دروستی کردووە، بکەویتە مەترسی، بەدژی بەرژەوەندییەکانی ئەو وڵاتە دێتە ئەژمار و هەر شێوە هەوڵێک بۆ گۆڕانی رژێم لە تاران دەبێ گارانتی ئەوە بکات کە ئەو ناوچە ناکەویتە دەست ئەمریکا و مەترسی بۆ روسیە دروست ناکات.

لە راستیدا سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا لە پێوەندی بە کۆماری ئیسلامی، لەشوێن بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی ئێران لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و زۆر بەتایبەتی‌ترلە سوریەیە، جگە لەوە بەڵێندەرە تا هەموو رێگاکانی دەستپێڕاگەیشتنی ئێران بە چەکی ناوکی بگرێت. ئامانجگەلێکی وەک فەلەجکردنی ئابووری ئێران، رێگەگرتن لە هەناردەکردنی نزیک بە تەواوی نەوتی ئێران و گوشارخستنەسەر هەموو کاناڵە بازرگانییەکانە نارەزایەتی بێ‌دەرەتانەکانی سەر شەقامەکان لە ناوخۆی ئێران بەهێزتر بێ و بەو پێیە کۆماری ئیسلامی قایل بە وتوویژ لەگەڵ ئەمریکا بێ و رازی بە کەمکردنەوە و دەرخستنی هێزەکانی لە سوریە لە هەنگاوی یەکەم و دواتریش دەستهەڵگرتن لە دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکەی وەک یەمەن و عێراق و لوبنان بێت. ئەم سیاسەتە، لەشوێن رەکێش‌کردنی ئێران بۆ سەر میزی وتوویژ و وادارکردنی بە قبووڵکردنی رێکەوتننامەیەکی نوێیە، نەک گۆڕینی رژێم.

شەڕی نیزامی بەربڵاو بۆ گۆڕینی رژێمی کۆماری ئیسلامی پێناچێ بە هیچ شێوەیەک لە بەرنامەی حکومەتی ترامپ دابێت.دەستەواژەی «گۆڕینی رژێم» لە گوتاری سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان بە سەرنجدان بە چارەنووسی دوو وڵاتی عێراق و ئەفغانستان بۆ وڵاتێکی دیکە زۆری باس لێوە ناکرێ؛ هەر چەند دەستەواژەکە ناکرێ هەر بە مانای هێرشی نیزامی مانا بکرێتەوە بەڵکوو زۆر شێوە و مکانیزمی جیاوازی هەیە. بەو پێیە هێرشی نیزامی بۆ گۆڕینی رژێمی کۆماری ئیسلامی‌یان

لە پلان و بەرنامە دا نییە، هەرچەند بە ئەگەری زۆر پێشوازی لە گۆڕانی ڕژێم دەکەن. لەبری گۆڕینی ڕژێم، وڵاتە یەکگرتووەکان بەردەوام باس لە گۆڕینی هەڵسوکەوتی تاران، یان «تێپەڕینیئاشتییانە» دەکات.
سیاسەتی تێپەڕینی ئاشتییانە، سێرەی لە دوو ئامانجی سەرەکی گرتووە:
یەکەم: گەمارۆی سپای پاسداران و بەتایبەت سپای قودس کە هەم دەستێوەردانی نیزامی لە کاروباری وڵاتانی دیکە دەکات و هەم بەردەوام کار بۆ برەودانی توانای موشەکی خۆی دەکات و وڵاتە یەکگرتووەکان لەگەڵ هەردووکیان کێشەی گەورەی هەیە؛ بەو پێیە بێ گەمارۆخستنەسەر سپا و کۆمپانییەکانی سەر بە ئەو کاریگەری ئەرێنییان دەبێت؛ چونکە هەموەبەرهێنەرانی بیانی لە وەبەرهێنان لە ئێران پاشگەز دەکەنەوە و هەم دەستی کۆمپانییەکانی مافیای بازرگانی سپا لە دەستوێڕاگەیشتن بە بازاڕە ماڵی و پیشەسازییەکانی جیهان کورت دەکات یان لانیکەم پڕتێچووی دەکا.
دووەم: پشتگیری لە هێزە سیاسییەکانی ناوخۆی ئێران کە لەشوێن گۆڕینی ڕژێمن. ئەو بانگەشە هێشتا کاری بۆ نەکراوە و لە قۆناغی زۆر سەرەتایی دایە.ڕەنگە لەمپەری سەرەکی ئەمریکا ئەوە بێ کە هێزەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی ڕێکخستنی دیاریان نییە و خاوەن ستراتیژییەکی هاوبەش بۆ پاش کۆماری ئیسلامی نین. بەشێک کار بۆ ڕووخانی ڕژێم دەکەن. ڕێکخراوی موجاهدینی خەڵق، هێزە کوردییەکان و لایەنگرانی حکومەتی پێشوو دیارترین ئەکتەرەکانی ئەو بەرەن. بەشێک لە هێزە سیاسییەکانی ناوخۆی ئێرانیش لەشوێن ریفۆڕم و چاکسازین بۆ نمونە ریفۆڕمخوازانی سەر بە محەممەد خاتەمی.بەشێکیش پەراوێزخراون و لەشوێن خۆ ڕێکخستنەوەن و بێدەنگن. ئەو هێزانە هێچ بڕوایەکیان بە گۆرینی ڕژێم نییە.
کەواتە پرۆژەی گۆڕینی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی بەتایبەت لە ڕێگای هێرشی نیزامی و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی ئەمریکا و ئێران شتێکی دوور لە چاوەڕوانییە.تەنانەت لەو شەرت و مەرجانەی کە لە زمانی پۆمپیۆ بۆ وتوویژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی دیاریکران بە هیچ شێوەیەک نە باس لە پرسەکانی پیوەندیدار بە مافی مرۆڤ و مافی

نەتەوەکان و ئازادییە بنەڕەتییەکان لەناو چوارچێوەی ئێران کراوە و نە ئەسلەن گرنگی بە نارەزایەتییەکانی سەر شەقام و داهاتووی ئێران دراوە. پۆمپیۆ دوازدە خاڵی دیاری کردووە کە ناوەڕۆکی هەر هەموویان پرس و کێشەکانی دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانن کە بەرهەمی دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامین و بەرژەوەندییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانیان خستۆتە مەترسییەوە. ئەو خاڵانە بریتین لە:

• کۆماری ئیسلامی دەبێت رێکخراوی نێودەوڵەتی وزەی ناوکی لە هەموو رەهەندەکانی پرۆگرامی ناوکی پێشووی خۆی ئاگادار بکاتەوە.

• پێویستە ئیزن بە چاودێرانی نێودەوڵەتی بدات تا بەبێ بەربەست سەردانی هەموو شوێنەکان بکەن.

• دەبێت پیتاندنی ئۆرانیۆم رابگرێت و لەشوێن بەرهەمهێنانی پلۆتۆنیۆم نەبێت.

• بەرەودان و تاقیکاری موشەکی، بەتایبەت ئەوانەی توانای هەڵگرتنی چەکی ناوکییان هەیە، رابگرێت.

• تێکڕای ئەو زیندانییە ئەمریکاییانە و هەروەها شارومەندانی وڵاتانی هاوپەیمانی ئەمریکا، کە بە بیانووی دروستکراو و هەڵبەستراو لە بەندیخانەن، ئازاد بکرێن.

• پێویستە کۆماری ئیسلامی پشتگیرییەکانی خۆی لە گرووپە تیرۆریستییەکانی وەک حیزبوللای لوبنان، حەماس و گرووپی فەلەستینی جیهادی ئیسلامی کۆتایی پێبهێنێت.

•کۆماری ئیسلامی پێویستە رێز لە سەروەری عێراق بگرێت و ئیزنی داماڵینی چەک لە گرووپە چەکدارە شیعەکان بدات و جارێکی دیکە چەکداریان نەکاتەوە.

• پشتگیری لە میلیشیاکانی حوسی نەکات و یارمەتیدەری گەیشتن بە رێگاچارەیەکی سیاسی لە یەمەن بێت.

•هەموو هێزەکانی گوێڕایەڵی کۆماری ئیسلامی دەبێت سوریە بەجێبهێڵن.

• کۆماری ئیسلامی دەبێت پشتگیری لە تاڵبان و گرووپە تیرۆریستییەکانی دیکە لە ئەفغانستان و ناوچە، و حەشاردنەوەی رێبەرانی پلەباڵای ئەلقاعیدە کۆتایی پێبهێنێت.

• سـپـای قـودس دەبـێـت دەسـت لـە کـردەوەی تـیـرۆریـسـتـی لـە سـەرتـاسـەری جـیـهـان هـەڵـبـگـرێـت.
• کۆماری ئیسلامی چیتر هەڕەشە لە وڵاتانی دراوسێی نەکات کە زۆربەیان هاوپەیمانی نزیکی ئەمریکان؛ لەوانە بانگەشەی لەناوبردنی ئیسراییل، هەڕەشەی موشەکی لە عەرەبستانی سعودی و میرنشینی یەککگرتووی عەرەبی. هەروەها نابێت بەربەست لەبەردەم کەشتیرانی لە ئاوە ئازادەکان دروست بکات و هێرشی ئەلیکترۆنی تێکدەرانە نەکات.

هاوپێچ لەگەڵ ئەو مەرجانە، پۆمپیۆ رایگەیاند کە ئەگەر کۆماری ئیسلامی پێداچوونەوە بە هەڵسوکەوتی خۆی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بکات، ئەوا واشێنگتن ئامادەیە پەیوەندی دیپلۆماتیکی خۆی لەگەڵ تاران دەستپێبکاتەوە، بەدڵنیاییەوە نە وڵاتە یەککگرتووەکان و نە هیچ وڵات و لایەنێکی دیکە هەر بیریش لەوە ناکاتەوە کە کۆماری ئیسلامی لە کەشێکی ئاسایی ئەو مەرجانە جێبەجێ بکات و رازی بە وتووێژی راستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکا بێت. هۆکارەکەشی زۆر روونە؛ ئەگەر کۆماری ئیسلامی بەو مەرجانە رازی بێت ئەوە لە ناوەڕۆک بەتاڵ دەبێت و ماهییەتی وجودی خۆی لەدەست دەدات. کۆماری ئیسلامی حکومەتێکە لەسەر ئاژاوەنانەوە بنیاتنراوە و لەراستیدا شتێک بەدەر لە هەڕەشە لە وڵاتانی دراوسێ، تیرۆریسمی ئاڕاستەکراو، تەرخانکردنی سامانی وڵات بۆ چەکی ناوکی و تاقیکاری موشەکی و راسپاردنی تاقم و گروپی چەکدار بۆ دەستتێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکە نییە. کەواتە رێگاچارەیەکی ناوەندی لەنێوان خاڵە دیاریکراوەکانی ئەمریکا و چاوەڕوانییەکانی کۆماری ئیسلامی رەنگە ویستی هەر دوولایەن بێت، ئەگەر بارودۆخی گرژی نێوانیان لە کۆنترۆڵ نەچێتەدەر.

بە سەرنجدان بەو بابەتە پێدەچێ لە کۆتاییدا سیاسەتی دەرەوەی ترامپ لەبەرامبەر کۆماری ئیسلامی لەنێوان ئەو دوو بژاردە خول بخواتەوە:

یەکەم: گەمارۆکانی سەر ئێران زیاتر دەکات و وەفدێکی دیپلۆماتیکیش رەوانەی ئورووپا و روسیە و چین دەکات تا ئەو وڵاتانە بۆ رێزگرتن لە گەمارۆکان قایل بکەن؛ تا لە کۆتاییدا کۆماری ئیسلامی رەکێشی سەر میزی وتووێژ بکات.

دووەم: رەنگە پێشنیاری هەڵپەساردنی گەمارۆکان بدات بە تاران، بەڵام نەک وەک سەردەمی ئۆباما لە سەرەتای وتووێژەکان، بەڵکوو لەبڕی دەسکەوتێکی گرنگ کەرەنگە کشاندنەوەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە سوریە یان بەرتەسککردنەوەی تاقیکاری موشەکی پڕ لە هەڕەشەی بێت.

## کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر ئەمریکا

عەلی خامنەیی، رێبەری کۆماری ئیسلامی، یەکێک لە سەرسەختترین دژبەرانی ئەمریکا لە نێوان سیما سیاسییەکانی ئێرانە. خامنەیی کە خۆی بە شۆڕشگێڕ دەزانێت نەک دیپلۆمات، زۆر جار ئەو بابەتەی بە گوێی هەمووان داداوەتەوە کە بەرامبەر هەوڵەکانی ئەمریکا رەشبینە و و بە دوژمنی کۆماری ئیسلامی دەزانێت.ئەو لە دوایین لێدوانیدا بە چەندپات کردنەوەی بانگەشەکانی چوار دەیە تەمەنی کۆماری ئیسلامی، بە ئاماژە بە کێشەکانی کۆماری ئیسلامی و ئەمریکا، راشکاوانە هەر دوو رێگاچارەی ناسراوی وتوویژ و شەڕی رەت کردەوە و رایگەیاند «نە شەڕ دەکەین و نە وتوویژ». لە روانگەی خامنەیی، ترامپ بەنیازی شەڕ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی نییە و تەنیا بە کوتانی تەپڵی شەڕ، لەلایەک هانی خەڵکی نارازی لە ناوخۆی ئێران و ئۆپۆزیسیۆن و دژبەرانی حکومەت لە دەرەوەی وڵات دەدات تا هەوڵەکانیان بۆ دژایەتی-کردنی کۆماری ئیسلامی چڕتر بکەنەوە و لە لایەکی دیکە لەشوێن نانەوەی ئاژاوە و دڵەڕاوکێ لەناو بەرپرسانی حکومەتە.

خامنەیی پێی وایە کە وڵاتە یەکگرتووەکان لە رەکێش‌کردنی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر میزی وتوویژ کۆمەڵە ئامانجێکی دیاریکراوی هەیە کە لە رەوتی وتوویژەکان هەمووان مسۆگەر دەکات و لە هەڵوێست و ئامانجەکانی یەک هەنگاویش پاشەکشە ناکات. لە حاڵێکدا لایەنی بەرامبەر ناچار بە قبووڵی هەموو شەرت و مەرجەکان دەکات و خۆی تەنیا بەڵێنی زارەکی و بێ‌پشتیوانە دەدات. خامنەیی پاشەکشەی وڵاتە یەکگرتووەکان لە رێکەوتننامەی ناوکی بە ئاکامی بێ‌بەڵێنی ئەمریکا

و تا ڕادەیـەكیش ناكارامەیی تیمی وتـووێـژكـاری كـۆمـاری ئیسلامی دەزانێت كە هێڵە سوورەكانیان بەزاند. خامنەیی وتوویژ لەگەڵ وڵاتە یەككگرتووەكان بە یاری‌یەكی مەترسیدار دەزانێت و پێی وایە كۆماری ئیسلامی دەبێت كاتێک ڕازی بە وتووێژ بێت كە لـەڕووی ئابووی و سیاسی و فەرهەنگی بە باڵادەستیتەواو گەیشتبێت بەشێوەیەک كە گوشار و بانگەشەكانی لایەنی بەرامبەر كەمترین كارتێكەرییان هەبێت. تا ئەو كات وتووێژ بە قازانجی كۆماری ئیسلامی نازانێت و قەدەغەیە.

بەگوێرەی لێدوانەكەی خامنەیی، كۆماری ئیسلامی لەشوێن بژاردەی سێهەمە كە لە شەڕی ڕووبەڕوو لەگەڵ ئەمریكا دووری بخاتەوە و هەندێک ئیمتیازیشی پێ‌بدات تا ترامپ ناچار بكات لە شەرت و مەرجەكانی بۆ وتووێژ كەم بكاتەوە. ڕەنگە ئەو بژاردەیەش شتێک نەبێ جگە لە پێشاندانی هێز و دەسەڵاتی كۆماری ئیسلامی و كێشەخوڵقێنی زیاتر بەتایبەت لەو شوێنانەی بۆ ئەمریكا و هاوپەیمانانی لە ناوچە هەستیار و پڕبایەخن.

پێشاندانی هێز و دەسەڵات لەلایەن كۆماری ئیسلامی‌یەوە بە سەرنجدان بە دۆخی تەواو شڵەژاوی ئابووری ئێرانئاستەنگ و لەمپەری جیددی لەبەردەمە. دۆخێک كە بە درێژایی تەمەنی كۆماری ئیسلامی بەهۆی سیاسەتی هەناردەكردنی شۆڕش و تەرخان‌كردنی سامانی وڵات بۆ تاقم و گروپی چەكدار هەمیشە نالەبار بووە، بەڵام لەم دواییانەدا بەتایبەتی پاش وەگەڕخستنەوەی گەمارۆكانی ئەمریكا بۆ سەر ئێران زیاتر خۆنیشان‌دەدات و بەردەوام لە ڕەزیل‌تربوونی نرخی تمەن‌دا دەردەكەوێت. هەر ئەو دۆخەش هاندەری هاتنەسەر شەقامی خەڵک بۆ ناڕەزایەتی دەربڕین بە دۆخی ئابووری، كەشی سیاسی، كوشتنی كاسبكار و كرێكۆڵی بێ‌تاوان، یان بابەتی ژینگەیی و خەدەماتی وەک نەبوون و كەم‌بوونی ئاوی خوردنەوە لە چەند مانگی ڕابردوولە زۆربەی شار و شارۆچكەكانی ئێران بووە.

ناڕەزایەتییەک كە هەر زۆر زوو داواكاری سەرەكی خۆی بۆ گۆڕینی ڕژێمی كۆماری ئیسلامی گۆڕی و دروشمی تووند بە دژی ڕێبەری كۆماری ئیسلامی و بەرپرسانی باڵای ڕژێم، سیاسەتی دەستێوەردان لە كاروباری وڵاتانی دیكە و فەسادی سیستماتیكی تێكڕای ڕژێم سەردرا. پۆمپیۆ لە

دژکردەوە بەو نارەزایەتییانە وێڕای پشتگیری لە شەقامی ناڕازی ئێران، کۆماری ئیسلامی بە مافیایەک پێناسە کرد کە کاربەدەستەکانی لە حاڵی کۆکردنەوە و بەتالانبردنی سامانی خەڵک و تەرخانکردنی بۆ پشتگیری لە حکومەتی بەشار ئەسەد و حیزبوللای لوبنان و میلیشیا شیعەکانی دیکەن.

بەو پێیە، بژاردەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ گوشارخستنە سەر ئەمریکا زۆر بەرتەسک و لاوازن بەڵام بەو حاڵەش دەتوانێت لە هەندێک بابەتدا لانیکەم لە گوشارەکانی سەر خۆی کەم بکاتەوە:

یەکەم:لە قۆناغێکدا کە خەڵک هەست بە غەدر بکەن، هەر وەک بابەتی پێنەدانی ویزا لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە، حکومەت دەتوانێ بە قازانجی خۆی مانۆڕی پێبدا و هانی توندڕەوەکان بدات و نەیارانی ناوخۆی حکومەتی پێ بشکێنێت. لەلایەکی دیکە دەتوانێ وەک کەرەستەی دیپلۆماسی گشتی بەکاری بهێنێت و خۆی وەک زوڵملێکراو پێشان بدات.

دووەم:سیاسەتەکانی ترامپ لە ئاستی نێودەوڵەتی گرژی خولقێنن. کۆماری ئیسلامی دەتوانێ ئەم گرژییانە بە قازانجی خۆی بەکار بهێنێت و لانیکەم نەهێڵێت گرژییەکان کەم ببنەوە.

سێهەم: هێنانەسەرکاری کەسایەتییەکی نزیک لە خۆی لە عێراق، لە ڕێگەی دروستکردنی گەورەترین کوتلەی پەرلەمانی؛ و لەو ڕێگەیەوە کردنەوەی مەیدانێکی کراوە بۆ دەورلێدانی گەمارۆکان. بابەتێک کە بۆ ئەمریکا زۆر گرنگە و زۆری هەوڵداوە تا ئەو پلانەی کۆماری ئیسلامی پوچەڵ بکاتەوە.

چوارەم: ساتوسەودا لە یەمەن و سوریە لەبڕی ئیمتیازی گرنگ. لێرەدا یاریکەری سەرەکی کۆماری ئیسلامی نییە و سیاسەتی ئەو وڵاتەش بەگوێرەی سیاسەت و هەڵسوکەوتی وڵاتانی زلهێز و ناوچەیی بەشدار لە وڵاتانە ڕێکدەخرێت؛ بۆ نمونە ئەمریکا، روسیە، تورکیە و عەرەبستانی سعودی.

بە سەرنجدان بە فاکتەری ئابووری، گوشاری خەڵکی ئێران بۆ سەر رژێم، کەسایەتی ترامپ و سیاسەتی دەرەوەی نوێی ئەمریکا، کۆماری ئیسلامی پێدەچی کەمتر لە جاران بەرامبەر هەڵوێستەکانی ئەمریکا دژکردەوە نیشان بدات و بەپارێزەوە سیاسەت بکات، لە سەرەرۆییەکانی کەم بکاتەوە، چاوەڕێی هەل و دەرفەت بکات و لە هەوڵی ئەوە

دابێ لە سەردەمی سەرۆکایەتی ترامپ بە کەمترین زیان تیپەڕێت.

سەرچاوەکان:

- دیپلماسی، جلد دوم، هنری کیسینجر.
- سیاست خارجی آمریکا در برابر جمهوری اسلامی: از تغییر، مهار و بازدارندگی تا گذار مسالمت آمیز، مجید محمدی، وبسایت رادیو فردا.
- شرط آمریکا برای مذاکره با ایران برای رسیدن به توافق جدید، صدای آمریکا.



# ئینقلابی ئێران و فووکۆ

## (بەشی سێهەم و کۆتایی)

نووسینی : نیکۆلا روویۆ
«باوکی مانا» لە فەڕانسەیی‌یەوە وەری گێڕاوە

## ٣/ دیفاع لە فووکۆ؟
## ئەلف. دەمەتەقێیەکی بێجێ

کاتێک نووسەرێک لەگەڵ جەماوەرێک قسە دەکا کە لەگەڵ ئەدەبیاتی تایبەت بە بوارێکی زانستی ئاشنا نیە، پێویستە هێندێک بە پارێز و وریاییەوە بجولێتەوە. لەگەڵ ئەوەدا کە لەو بارەوە فووکۆ پارێزی پێویستی نەکردوە، بەڵام لەو باوەڕەداین کە ئەو بە ناهەق لەسەر ئەو وتارانەی لەبارەی ئینقلابی ئێرانەوە نووسیونی، کەوتە بەر هێرش. لەگەڵ ئەوەدا کە هەروەک دیتمان، فووکۆ بەروونی بەدژی جەریانی مەزهەبی هەڵوێستی نەگرتبوو، لەگەڵ ئەوەدا کە وتارەکانی فووکۆ لەو بارەوە زۆرتر تەوسیفی بوون و هیچ پێشنیار و ڕێکارێک نادەنە دەست (واتە کارێک کە لە فەیلەسووفێک چاوەڕوان دەکرێ، بەڵام ئەگەر کردباشی سەرکۆنەیان دەکرد کە وای کردوە)، بەڵام فووکۆ لەڕاستیدا کارێکی جیددیی ڕۆژنامەوانیی کردبوو و ئەو وتارانەی بڵاوی کردنەوە پڕبوون لە زانیاری و زۆربەی جاریش تێگەیشتنێکی روون و واقعبینانەی دۆخی ئێرانیان تێدا بوو.
پێشتر ئاماژەمان بە جەنجاڵێک کرد کە پاش بڵاوبوونەوەی ئەو وتارانە سەبارەت بە شرۆڤەی فووکۆ لەسەر ئێران دروست بووە. ڕاستییەکەی ئەوەیە کە فووکۆ بۆخۆی قەت حازر نەبوو بچێتە نێو ئەو جەنجاڵە میدیاییەوە. ئەو زۆر رقی لەو تێکنیکانەی پشکنینی بیروباوەڕ بوو کە لەڕێگای فرتوفێڵکارانەوە نووسەرانیان پێ ناچار دەکرا دان بە هەڵەیەک دابنێن. تەنیا شتێکی فووکۆ لەو بارەوە ئامادە بوو بیکا ئەوە بوو کە زۆر بەکورتی وڵامی خوێنەرێکی ژنی ئێرانیی دایەوە بۆ ئەوەی ئیسلام و توندئاژۆیی مەزهەبی تێکەڵ نەکرێن.
لەو نێوەدا دەقێک بۆ تێگەیشتن هەم لە مێتۆدی فووکۆ و هەم لە چەند و چۆنیی ئەو رەخنانەی دواتر رووبەڕووی بۆوە، سەرنجڕاکێشە. ئەو دەقەش بریتییە لە وتووێژێکی «پییێر بلانشێ» و «کلێر بریەر» لەگەڵ فووکۆ کە لەژێر سەردێری «رووحی دنیایەکی بێ رووح»دا بڵاو بۆتەوە. رەخنەگر «بێرنارد ئوولمان» هێندێک چەمک و بۆچوون بە فووکۆ نیسبەت

دەدا کە لەڕاستیدا هی کلێر بریەر و پیەر بلانشێن. ناوبراو لە وتارەکەیدا بەو ئاکامە دەگا کە «میشێل فووکۆ نە یەکەمین و نە دوایین ڕووناکبیری ڕۆژئاواییە کە سەبارەت بە ئینقلابێک تووشی خۆشخەیاڵی بووە، جا ئەو ئینقلابە ئینقلابی ئۆکتۆبری ١٩١٧ بێ، ئینقلابی گوڵە مێخەکییەکانی پۆرتوغال بێ، یان ئەو ئینقلابەی کە تاج و تەختی پەهلەویی تێکوەپێچا».

لەم وتووێژەدا کلێر بریەر لەپێشدا لە خۆی دەپرسێ کە بۆچی بۆخۆیشی جەزبی ئینقلابی ئێران ببوو. ئەو خاتوونە لەگەڵ پیەر بلاشێ وەک هەواڵنێری ڕۆژنامەی «لیبراسیۆن» چووبوونە ئێران. بەڵام لە کتێبێکدا کە ئەم دوو ڕۆژنامەوانە لەژێر ناوی «ئینقلاب بە ناوی خودا» نووسیان، ئەوانیش سەبارەت بە ئینقلابی ئێران زۆر خۆشحاڵ و خۆشبین دەرکەوتبوون. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە یەکەمین شەپۆلەکانی ئێعدامی موخالیفانی ڕێژیمی خومەینی دەستیان پێ کردبوو و ڕۆژئاواش لێی ئاگادار بوو.

فووکۆ یەکسەر گۆشەنیگای پرسیارەکە دەگۆڕێ و بەم جۆرە دەست پێ دەکا: «ئایا لە ئێران چی ڕووی داوە کە کۆمەڵێک خەڵکی سیاسی لە چەپ و ڕاست [لە فەڕانسە] ئەوەندە پێی قەڵسن؟» فووکۆ لەو باوەڕەدایە کە ئینقلابەکەی ئێران نەک هەر هیچ هۆگرییەکی لە دەرەوە دروست نەکردووە، بەڵکوو نیگەرانی و بێزاری لەوەی لە ئێران بەڕێوەیە هەست پێ دەکرێ. بۆ نموونە هێندێک ڕۆژنامەی ڕۆژئاوایی ئەو ئینقلابەیان بە ئینقلابێکی «هەرە توندئاژۆیانە» ناو بردوە.

لەپشت ئەم شڵەژانە، سەرسووڕماوی و تەنانەت ناموڕتاحییەک هەیە کە ئەقڵیەتی سیاسیی ئێمە غافڵگیر دەکا. ئەم ناموڕتاحییەش بۆ تێگەیشتنی باوی ئێمەی ڕۆژئاوایی بۆ چەمکی ئینقلاب دەگەڕێتەوە. بۆ ئێمە هەموو ئینقلابێک بە دوو پاڵنەر دەناسرێتەوە : پاڵنەرێکی کۆمەڵایەتی، واتە ناتەباییەکی نێوخۆیی کۆمەڵگا و لێکترازانی چینەکان؛ پاڵنەرێکی سیاسی، واتە بوونی پێشڕەوێک، چینێک، حیزبێک یان ئیدئۆلۆژییەکی سیاسی.

ئەوەی ئەزیەتمان دەکا ئەوەیە کە ئینقلابەکەی ئێران بە هیچکام لەم دوو دینامیکە پێناسە ناکرێ. بەڵکوو بزوتنەوەیەکی ئینقلابیمان هەیە کە نە ڕەنگدانەوەی خەباتی چینایەتییە،

نە هی خەباتی حیزبێک و نە هی ئیدئۆلۆژییەکی سیاسی.
دوو رۆژنامەوانەکە ئینجا جەخت لەسەر ئەوە دەکەن کە کاتێک باسی ئینقلاب دەکەین، هەمیشە بیر لە پێشکەوتن دەکەینەوە. لەحاڵێکدا کە دیاردەی مەزهەبی تەواو ئەم بیرە باوە دەباتە ژێر پرسیار. لەنێوان کەسێکدا کە ناوی خومەینی وەک سەمبولێک بەکار دەبا و کەسێک کە هەمان ناو وەک رووحانییەکی باوەڕمەند بەکار دەبا، لێڵییەک هەیە. هەربۆیە پێویستە وریای گەمەکانی زمان یان بە قەولی «ویتگێنشتاین» دۆخی بیرۆکەکەمان بین.
فووکۆ لە وڵامدا ئاماژە بە کتێبێکی «فرانسوا فووریێ» دەکا بەناوی «بیرکردنەوە لە ئینقلاب». لەو کتێبەدا فرانسوا فووریێ جیاکارییەک دەکا کە یارمەتی بە ڕەوینەوەی ئەو نامورتاحییە دەکا کە لە بەرامبەر ئینقلابێکی زۆر تایبەتدا هەمانە. ئەو جیاوازی لەنێوان دوو شتدا دەکا:
- سەرجەم پرۆسەی ئەو گۆڕانکارییە ئابووری و کۆمەڵایەتییانەی پێش شۆڕشی ١٧٨٩ی فەڕانسە دەستی پێ کردبوو؛
- تایبەتمەندیی رووداوی ئینقلابی، واتە ئەو شتە کە خەڵک لە دەروونی خۆیاندا دەی چێژن و هەستی پێ دەکەن، ئەوەی بەسەریان دێ و تێیدا دەژین، و ئەو تیئاترە ئینقلابییەی دروستی دەکەن.
فووکۆ ئەو جیاکارییە لەسەر ئێرانیش جێبەجێ دەکا. لە ئێران کۆمەڵگایەکمان هەیە کە دەبێ بە هەموو دژایەتی و نالێکییەکانییەوە لەبەرچاوی بگرین. بەڵام رووداوی ئینقلابی وەک ئەزموونێکی دەروونی و بەکۆمەڵ کە پێوەندیی بە ململانەی چینایەتییەوە هەیە ئەو کۆمەڵگایە وەک خۆی نیشان نادا و ئاڵۆزییە نێوخۆییەکانی دەرناخا. جێگە و پێگەی مێژوویی ئایین لە بەرامبەر سیاسەتدا لە ئێران رۆڵی ئیدئۆلۆژییەک نابینێ کە ببێتە ئامرازی شاردنەوەی نالێکییەکان لەپێناو دروستکردنی یەکێتییەکی پیرۆز لەنێوان بەرژەوەندییە جیاوازەکاندا. رۆڵی ئیسلام بریتییە لە رۆڵی «قامووس و رێ و رەسم و درامایەکی دنیایی کە لەودا درامای مێژوویی گەلێک خۆی دەنوێنێ کە وجوودی خۆی لەگەڵ وجوودی فەرمانڕەواکەی دەخاتە تای تەرازووەوە».
پیەر بلانشێ سەرسووڕماویی خۆی لەو واقعیەتە دەردەبڕێ کە ئینقلابی ئێران بەڕاستی راپەڕینی سەرجەم خەڵک بوو. فووکۆ لەوەش زیاتر

دەڕوا و دەڵێ ڕووداوی ئینقلابیی ئێران شتێکی وەدەر خست کە لە مێژوودا زۆر بە کەمی دیتراوە : بوونی ئیرادەیەکی بەڕاستی بەکۆمەڵ. فووکۆ پێشتر پێی وابوو کە ئیرادەی بەکۆمەڵ تەنیا چەمکێکی فەلسەفییە و ئیرادەی بەکۆمەڵ لە دنیای واقیعدا وجوودی نیە. کەچی لە کەیسی ئێراندا فووکۆ ئەمەی بە چاوی خۆی دی، واتە فووکۆ بۆخۆی ئەزموونی ئیرادەی بەکۆمەڵی گەلێکی تاقی کردەوە. ئەم ئیرادەیە کە لەسەر زمانی خومەینی توانیی مانایەکی سیاسی بداتە خۆی، ئامانجێکی ڕوونی بۆخۆی هەڵبژاردبوو: ڕۆیشتنی شا. ئەوەی لێرەدا دەیبینین تەنیا ژیانەوەی جۆرێک لە ناسیۆنالیزم نیە، ئەگەرچی هەستی میللیی زۆر بەهێزی ئێرانییەکان ڕەهەندێکی گرینگی ئەو ڕەتکردنەوە رادیکاڵەیە کە خەڵکی ئێران دەری دەبڕن. ڕەهەندێکی دیکەی گرینگتری بریتییە لە ڕەتکردنەوەی هەرچی تا ئەودەم چارەنووسی سیاسیی گەلێکی پێک هێنابوو لەلایەن ئەو گەلەوە.

بەشەکانی دواتری وتووێژەکە زۆر سەرنجڕاکێشە چونکە پیەر بلانشێ بەراوردکارییەک لەگەڵ شۆڕشی فەرهەنگیی چین دەکا. ئەو لەو کاتەدا لەگەڵ کلێر برییەر لە چین بوو و وەک بۆخۆی دەڵێ «ئەو هەستەی هەبووە کە لەوێش هەمان جۆری ئیرادەی بەکۆمەڵ لەئارادا بووە». بەڵام ئەوان دواتر دەبینن کە زۆریش دروستی بۆ نەچووبوون. هەربۆیە نابێ سەبارەت بەوەش کە لە ئێرانیش گوزەراوە زۆر دڵخۆش و خۆشبین بن، بەتایبەتی کە پیەر بلانشێ سەرنج دەدا کە وێکچوونێکی زۆر لەنێوان کاریزمای خومەینی و هی مائۆ تسێ توونگ دا هەیە. بەڵام فووکۆ پێی وایە کە پێویستە جیاوازییەک لەنێوان شۆڕشی فەرهەنگی [ی چین] و شۆڕشی ئیسلامی [ی ئێران] دابنرێ. لە یەکەمیاندا لە دەروونی حیزبدا ململانەیەک لەنێوان هێندێک لایەن و خەڵکدا هەبوو، بەڵام لە دووەمیاندا شتی وا لە گۆڕێ نەبوو، تەنیا ڕووبەڕووبوونەوەیەک کە هەبوو ڕووبەڕووبوونەوەی تەواوی گەل لەگەڵ دەسەڵات بوو. خۆپێشاندانەکان کە بەردەوام دووبارە دەبوونەوە مانایەکی تۆکمەیان هەبوو و خۆپێشاندان بوون بە مانای ڕاستەقینەی وشە :» گەلێک کە کۆڵنەدەرانە ئیرادەی خۆی نیشان دەدا».

دەتوانین پێوەندییەک لەنێوان ئەم خۆپێشاندانانە و کردەوەی بەکۆمەڵ و

نەریتی ئایینی و کرداری حقووقی سیاسی دروست بکەین. ئەوەی پێش هەموو شتێک لە ئینقلابی ئێراندا فووکۆی سەرسووڕماوی خۆی کردبوو هەر ئەوە بوو، واتە ئەوە کە فووکۆی خۆی لە بەرامبەر ئەزموونێکی ئیرادەی بەکۆمەڵ و تەنانەت ئیرادەی گشتیدا دەدیتەوە، ئیرادەیەک کە بەدژی حاکمی وڵات خەباتی دەکرد، واتە ئیرادەی خەڵک بەدژی لۆژیکی دەوڵەت. بەڵام ئەگەر وانەکانی «کۆلێژی فەڕانسە» [بەپرستیژترین ناوەندی لێکۆڵینەوە لە فەڕانسە - وەرگێڕ] لەژێر سەردێڕی «ئەمنیەت، خاک، خەڵک» بخوێنینەوە، دەبینین کە ئەوە هەمان ئەو شتەیە کە فووکۆ کاری لەسەر دەکا، بەتایبەتی شڕۆڤەی حاڵەتی نوێی سروشتیی خەڵکێک کە لەمەودا فەرمانڕەواکان دەبێ وەک بابەتێکی زانستی سیاسی لەبەر چاوی بگرن.

پیەر بلانشێ هەڵبەت حازرە بیرۆکەی ئیرادەی بەکۆمەڵ کەمڕەنگ بکاتەوە چونکە ئەو دەزانێ کە لەپشت وشەی «ئیسلام»ەوە کە لەنێو خۆپێشاندەرانەوە بەرز دەکرێتەوە، چین‌وتوێژ و کەسانی زۆر جیاواز هەن: رووناکبیران، خوێندکاران، چینە مامناوەندییەکان کە نەیاندەویست زۆر دوور بڕۆن و هەروەها عونسورە رادیکاڵەکان. فووکۆش حاشا لەو نایەکدەستییەی خۆپێشاندەران ناکا. بەڵام فووکۆ هەموو زەینی خۆی تەنیا دەخاتە سەر یەک شت، ئەویش دیاردەی ئینقلابی لە ئێران. لەم لێوردبوونەوەیەدا فووکۆ سەرنج دەدا کە ئێران یەکێک لە دەوڵەتە هەرە نیزامی و چەکدارەکانی دنیایە، دەزگایەکی توندوتیژی پۆلیسیی هەیە کە ئەمریکا پشتگیریی دەکا، وڵاتێک کە سەرچاوەی نەوتیی زۆری هەیە، کەچی بەو حاڵەش، گەل رادەپەڕێ و بەبێ چەک بەرەوڕووی تیرهاوێژەکانی ئەرتەش دەبێتەوە. ئەوەش لەحاڵێکدا کە دژوارییە ئابوورییەکان لەو ئاستەدا نەبوون کە راپەڕینێک پاساو بدەن. ئەوەی بۆ فووکۆ گرینگە ئەوەیە کە لەوە تێبگا کە بۆچی لە دەمەساتێکدا خەڵک رادەپەڕن و دەڵێن بە دۆخەکە رازی نین. بە باوەڕی فووکۆ رووحی شۆڕشی ئێران ئەو بیرۆکەیەیە کە پێی وایە نەک تەنیا پێویستە ئەو ریژیمە گەندەڵ و بە بێگانە بەستراوەیە بگۆڕدرێ، بەڵکوو «پێویستە بۆخۆشمان خۆمان بگۆڕین»، واتە گۆڕینی شێوازی ژیان و روانین و وجوودی ئینسانەکانیش. مەزهەب بۆ ئێرانییەکان لەو کاتەدا ئەو

دەستەبەرەیە کە لە ڕێگەیەوە دەتوانن خودبوونی خۆیان بگۆڕن. لە ئاینی شیعەدا لەنێوان پەیڕەوی لە ڕێوشوێنەکانی ژیان لەنێو کۆمەڵگادا و ژیانی قووڵی مەعنەویدا جیاکاری دەکرێ. هەربۆیە گۆڕینی لایەنی خۆیی تاک لە ڕێگای ئیسلام و لە دەروونی پراکتیکی نەریتیی ئەو دینەوە کە ناسنامەی تاکەکان بوو ئەنجام دەدرا. بەم جۆرە خەڵکی ئێران دەرفەتی ئەوەیان بۆ هەڵکەوتبوو کە ئاینی ئیسلام وەک دیاردەیەکی ئینقلابی تاقی بکەنەوە.

فووکۆ لە درێژەی شرۆڤەکەیدا دەنووسێ «ئەوەی کە لەو کاتەدا لە ئێران بەدی دەکرا تەنیا ئیرادەی پابەندبوون بە یاسایەکەوە نەبوو، بەڵکوو هەروەها بریتی بوو لە ئیرادەی نوێکردنەوەی تەواوی بوونمان (وجود)یان، ئەوەش لە ڕێگای خۆگرێدانەوە بە ئەزموونێکی مەعنەوی کە پێیان وابوو تەنیا لە دەروونی ئیسلامی شیعەدا هەیە. هەمیشە وا باوە کە لە زمان مارکسەوە دەڵێن ئایین ئەفیۆنی گەلە. لە ڕستەی پێشوودا شتێک هەیە کە قەت ئاماژەی پێ ناکرێ، ئەویش ئەوە کە ئایین رووحی دنیایەکی بێرووحە. بە واتایەکی دیکە لەو کاتەدا [ساڵی ١٩٧٨] ئیسلام ئەفیۆنی گەل نەبوو، چونکە رووحی دنیایەکی بێڕووح بوو». لەبەر ئەوە کە ڕێژیمی شا ڕێژیمێک بوو کە بە گەندەڵی و ملکەچی بۆ بێگانە و سەرکوتی توندوتیژی خەڵک پێناسە دەکرا و بێڕوحمی و پارەپەرستی دوو تایبەتمەندیی سەرەکیی ئەو ڕێژیمە بوون، خەڵک بۆ رەگ و ریشەی هەرە قووڵی باوەڕی خۆیان، واتە ئایینی ئیسلام، گەڕابوونەوە و قەڵەمباز و بازدانێکی ئەخلاقی‌یان ئەنجام دابوو کە بریتی بوو لەوە کە بایەخەکان و لایەنی مەعنەوی بێننەوە نێو جیهانێک کە لە بەها و ئەخلاق داماڵرابوو.

ئەوەی فووکۆی سەرسووڕماوی خۆی کردبوو هەر ئەو دیاردە ئینقلابییە بوو. فووکۆ لەم بازدانەدا رووناکاییەک دەبینێ کە لەگەڵ زاڵبوونەوەی سیاسەت دەکوژێتەوە، واتە ئەو کاتەی وەک پاش هەر ئینقلابێک پێویستە سازان و ڕێککەوتنەکان ئەنجام بدرێن. تەنیا شتێکی کە پێویستە قامکی لەسەر دابنرێ ئەوەیە کە لەپشت ئەم گەڕانەوەیەی دەوری سیاسەت و سیاسییەکان هیچ هاوپەیمانییەک لەنێوان تاقمە سیاسییە جیاوازەکان یان لەنێوان دوو چینی کۆمەڵایەتیدا لە گۆڕێ نەبوو، بەڵکوو دیاردەیەکی بەکۆمەڵ هەبوو کە

تەواوی گەلی گرتبۆوە. هەر تاکێکی ئێرانی کە هاتبووە سەر شەقام لەڕاستیدا دوو ڕەهەندی بەخۆیەوە گرتبوو: لەلایەک، حیساباتە سیاسییەکەی هەبوو، لەلایەکی دیکەش کەسێک بوو کە بەدژی پاشاکەی خۆی ڕاپەڕیبوو. فووکۆ لەو باوەڕەدایە کە ئەم دوو ڕەهەندە یەک نین. کلێر بریەر بە ئاماژە کردن بە کوردەکان جەخت لەسەر ئەم بۆچوونەی فووکۆ زەق دەکاتەوە، ئەوان (کوردەکان) ئەگەرچی سوننی مەزهەبن، کەچی خۆیشیان بە ئێرانی دەزانن.

دواتر پیەر بلانشێ شتێکی سەرنجڕاکێش دەڵێ و باسی ئەو ئەگەرە دەکا کە ڕێژیمی خومەینی ببێتە ڕێژیمێکی ئیسلامیی دیکتاتۆر و دەڵێ «هیچ دوور نیە بەرهەمی ئەم ئینقلابە گەڕانەوەیەکی زۆر سەیر بۆ دواوە بێ».

لەڕاستیدا ئەم بزوتنەوەیە و گەڕانەوەی سیاسیی خومەینی ناڕوونییەکیشی تێدایە: هەر لە هەوەڵەوە دیار بوو کە خومەینی نەیارانی خۆی لەنێو دەبا و ڕێز لە ویسستی بەشێک لە خەڵکەکەی ناگرێ (بۆ نموونە مارکسیستەکان، لایەنگرانی جەبهەی میللی و سرویسە نهێنییەکان). بەڵام ئەم چەشنە ڕوانینە لە هەمان کاتدا کە ڕاستیی تێدا بوو، گرفتێکیشی هەبوو. شرۆڤەیەکی باشی دیاردەی ئینقلابیی ئێران شرۆڤەیەکە کە ئەم دیاردەیە لەنێو خۆیدا لێک نەکاتەوە و دابەشی نەکاتە سەر توخمە پێکهێنەرەکانی، شرۆڤەیەکی باش وەک فووکۆ دەڵێ ئەوەیە « کە ئەم دیاردەیە وەک ئەوە ببینێ کە سەیری نوورێک بکەی، نوورێک کە دەزانین لە چەندین تیشک پێکهاتووە. ریسک و سەرنجڕاکێش بوونی سەرنجدان بە ئینقلابی ئێرانیش هەر لەمەدایە». فووووکۆ لێرەدا ڕاست مەبەستی مێژووناسەکانە کە دوای تێپەڕینی ڕووداوەکان ئاوڕیان لێ دەدەنەوە و لایەنی خودیی (ذاتی)ی ڕووداوەکان پشتگوێ دەخەن، وەک بۆ نموونە ئەو ژنە ئێرانییەی دانیشتووی گەڕەکە دەوڵەمەندەکان کە لەگەڵ چین و توێژە هەژارەکان سەروکاری هەیە و لە خۆیدا هەست بە هەژانێکی قووڵ دەکا هەروەک هەڵچوونێکی ئەفسانەیی دەروونی. فووکۆ لەوە بەداخە کە «هەمووی ئەمانە ڕۆژێک لە بۆچوونی مێژوونووسەکاندا تەنیا بە ڕەگەڵکەوتنی چینەکانی سەرەوەی کۆمەڵگە بە چەپی خەڵکی لە قەڵەم دەدرێ. ئەمەش ڕاستییەکی شرۆڤەکارییە و هیچی تر».

لە بنەڕەتدا، ئەگەر بمانەوێ بەدوای ریشەی ئەو جەنجاڵەدا بگەڕێین کە

لەسەر روانینی فووکۆ بۆ ئێران دروست بوو، ریشەکە راست لێرەدایە. فووکۆ چ دەکا؟ فووکۆ لەجیاتی ئەوەی وەک مێژووناسەکان هێڵکارییەکی شرۆڤەیی واقیعێکمان بۆ بکا کە دەمێکە دیارە چیە، تێدەکۆشێ زەمەنێکی ئێستامان بەو جۆرە کە تاکەکان لە نادیاریی ئاقاری رووداوەکاندا و لەژێر هێزی هەست و هەژانی خۆیان لەو دەمەدا تێیدا ژیاون، پێ نیشان بدا. شرۆڤەی کلێر بریبەر کە بەدوای ئەوەدا دێ ئەم لێکدانەوەیە پشتڕاست دەکاتەوە. ئەو دەڵێ رۆژنامەوانە رۆژئاواییەکان عادەتیان بە لۆژیکێک گرتووە کە لە چاوی ویەوە لە هەموو رووداوەکانی دنیا دەڕوانن، ئەوەش وایان لێ دەکا تایبەتمەندیی بزوتنەوەکان نەبینن. بۆ نموونە رۆژنامەوانەکان هەموو بەشێوەی لۆژیکی چاوەڕوانی ئەوە بوون کە چلەی «هەینیی ڕەش» رۆژی ماتەمێکی زۆر خەفەتبار و بەئازار بێ. کەچی لەو ڕۆژەدا زۆر لە فرۆشگاکان کراوە بوون و خەڵک هیچ ماتەمبار نەدەهاتنە بەر چاو. بەپێچەوانەوە ئێرانییەکان هەناسەیەکیان وەبەر خۆیان نابۆوە بۆ ئەوەی بزوتنەوەکە بەشێوەی گەرم و گوڕتریش لە پێشوو وەڕێ بخەنەوە. کلێر بریبەر بزوتنەوەکە وەک جوولەیەکی خێرا و پڕ لەرزە دەبینێ، «بزوتنەوەیەک کە ریتمەکەی وەک ریتمی رێگارۆیشتنی ئینسانێک دەچێ. وەک ئەوەی خەڵک وەک یەک کەس بجوڵێنەوە، کەسێک کە پشووی سوار دەبێ، ماندوو دەبێ، هەناسە دەداتەوە بەر خۆی و دیسان وەڕێ دەکەوێتەوە، هەناسەیەکی بەڕاستی بەکۆمەڵ». ئەوەی کارە رۆژنامەوانییەکەی فووکۆ بەدوایەوە بوو تەنیا ئەمە بوو نەک هیچ جۆرە هەقیقەتێکی شرۆڤەکاری.

فووکۆ ئینجا سەرنجێک سەبارەت بە چەکی نەوت دەخاتە ڕوو. ئەو دەبینێ کە تاکتیکەکانی کرێکارە مانگرتووەکان حیساباتێکی سیاسیی پێشتر داڕێژراویان لەپشت نەبوو. هەموو شتێک لە کارگەکان و لەلایەن خودی کرێکارەکانەوە بڕیاری لەسەر دەدرا و دواتریش هەواڵی هەماهەنگییەکە لەم شار بۆ ئەو شار بڵاو دەبۆوە. لەڕاستیدا ئەم کارە ئەوەندەی بۆ ئەوە بوو کە بڵێن نەوتی ئێران دەبێ بۆ ئێرانییەکان بێ نەک بۆ بێگانەکان، ئەوەندە بۆ مانگرتن بە مانا باوەکەی نەبوو: «مانگرتنەکە مانگرتنی بەمیللی کردنەوە بوو».

کلێر بریەر ئینجا باسی رووە مەترسیدارەکەی تری یەکبوون دەکا.

لە بەرامبەر ئیرادەیەکی هاوبەشی ئەوەندە بەهێزدا، جۆرێک کانفۆرمیسم دروست دەبێ و هەر کەس رەگەڵ رەوتەکە نەکەوێ، وەبەر غەزەب دەکەوێ. بەمجۆرە لە کاتی ئینقلابدا، کردەوە و قسەی دژە جولەکانە و راسیستانەی زۆر توند کران. یەکگرتوویی بزوتنەوەکە هۆکارێکە بۆ بەهێز بوونی، بەڵام هاوکات هۆکارێکیشە بۆ ئەوەی چووکترین جیاوازیی بۆچوون تەحەمول نەکا. هەر جۆرە جیاوازییەک وەک هەڕەشەیەک دەبینرێ، ئەمەش وا دەکا کە بێچیکڵدانەیی بزوتنەوەکە وەک پێویستییەک چاو لێ بکرێ.

فووکۆ قسەکانی لەم وتوویژەدا بە سەنتزێکی ئەم گفتگۆیە کۆتایی دێنێ. بە باوەڕی وی قووەتی ئینقلابی ئێران لە دوو شتدایە:

- ئیرادەیەکی بەکۆمەڵ کە لەڕووی سیاسیشەوە دیار و راگەیاندراوە؛
- ویستی گۆڕانێکی رادیکاڵی وجوودی.

ئەم دوو خیسلەتە ئاشکرایە پشت بە هێندێک نیهاد دەبەستن کە ناسیۆنالیزم و شۆڤێنیزم بەشێکە لە ناسنامەیان چونکە ئەو نیهادانەش لەسەر هێزی بەسیجکردنی تاکەکان بنیات نراون. لە بەرامبەر دەسەڵاتێکی ئەوەندە دڕندەدا ناکرێ بەدەستی بەتاڵەوە و لە هیچەوە دەست پێ بکەی. مەبەستێکی دیکەی زۆر گرینگ کە بە باوەڕی فووکۆ لێرەدا لە گۆڕێیە ئەوەیە کە بزانین ئەو بزوتنەوە یەکگرتوویە توانای ئەوەشی هەیە لەو نیهادانە پشتی پێبەستوون تێپەڕ بێ یان هەر بەستراوە بەوان دەبێ؟ ئایا ئەم بزوتنەوەیە دەتوانێ سنوورەکانی خۆی بسڕێتەوە یان بەپێچەوانەوە سنوورەکانی بەهێزتر دەبن؟ زۆر لە ئێرانییەکان هیوادارن بگەڕێنەوە بۆ سێکولاریسم و ئینقلابی راستەقینە ببیننەوە. ئەوەی فووکۆ دەیەوێ لەم بزوتنەوەیەی لەبیر بمێنێ ئەو شتە هەرە جیاوازەیە کە خەڵکی ئێران لەو ئینقلابەدا بەدوایەوە بوون.

لەم وتوویژەدا بەڕوونی دەردەکەوێ کە فووکۆ ویستبووی ئینقلابی ئێران وەک بزوتنەوەیەکی یەکانە (واحد) چاو لێ بکا. ئەوەی بۆ فووکۆ گرینگە کۆماری ئیسلامی نیە، بەڵکوو ئینقلابی ئیسلامییە. پێویستە جیاوازییەکی روون لەنێوان پرۆسە و ئەنجامی پرۆسەکە دابنرێ و ناکرێ رووداوێک کە لە کاتی خۆیدا زۆر زەرفیەتی تێدا بووە پاشوەختە هەڵسەنگێنین.

لە کۆتایی ئەم گفتگۆیەدا ناکرێ بڵێین فووکۆ فریوی خۆشخەیاڵییەکانی کاتی ئینقلابی خواردووە، هەروەک چۆن ژان پۆل سارتەریش ساڵی ١٩٥٤ گوتبووی «ئازادیی ڕەخنە گرتن لە یەکێتیی سۆڤیەت بە تەواوی هەیە». فووکۆ ئیدئۆلۆگ نیە بەڵکوو تەشخیسدەرە، واتە شرۆڤەی ئەو شتە دەکا کە لە کۆمەڵگادا لە حاڵی ڕوودانە. بە واتایەکی دیکە ئەو مێژووناسی زەمانی حاڵە، بە هەمان سەختگیری و پرۆفشنالیزمەوە کە مێژووناسێک دەبێ بیکا، واتە نە بە چاک و نە بە خراپ قەزاوەت لەسەر دیاردەکە ناکا، بەڵکوو دیاردەکە بۆخۆی و وەک خۆی چاو لێ دەکا. بەڵام بەپێچەوانەوەی مێژووناسی زەمانی تێپەڕیو و گوزەراو، ئەو خۆی لە هێڵکاریی شرۆڤەکارانەی دیاردەکە دەبوێرێ. تەنیا پۆرترێتێکی لێ دروست دەکا وێڕای ئەوە کە دینامیکی تایبەتی و جۆری ڕووداوەکە و ئەو توخمە زاتییانەی سەرچاوەی ڕووداوەکەن وەدەر دەخا. هەموو دیاردەیەکی زەمانی حاڵ (هەنووکە) خاوەنی پۆتانسیەل و تایبەتمەندییەکە کە پێویستە بپارێزرێ بۆ ئەوەی لە مانا و ناوەڕۆکەکەی هەرچی نزیکتر بینەوە، بۆ ئەوەش پێویستە ئاڵۆزیی ڕەهەندە جیاوازەکانی لەبەرچاو بگرین.

## ب/ وەڵامی فووکۆ

پاش ڕەخنەی نادروست لەم وتووێژەی بێرنارد ئوولمان، ڕۆژنامەوانی گۆڤاری «لێکسپرێس»، فووکۆ وتاریی دوایی خۆی لە ڕۆژی ١١ی مای ١٩٧٩دا لە ڕۆژنامەی «لومۆند»دا بڵاو دەکاتەوە بۆ ئەوەی هەر جۆرە شک و گومانێک لەسەر کارە ڕۆژنامەوانییەکەی خۆی بڕەوێنێتەوە. فووکۆ بۆ سەردێڕی وتارەکەی پرسیارێک هەڵدەبژێرێ: «ئایا ڕاپەڕین بێهوودەیە؟». لەو وتارەدا ئەو دوو ڕستە لە تەنیشتی یەک دادەنێ: یەکیان هی خۆپێشاندەرێکی ئێرانییە کە لە هاوینی ١٩٧٨دا دەڵێ لەپێناوی ڕۆیشتنی شادا ئامادەیە گیانی خۆی ببەخشێ. ئەوەی تر هی خومەینییە کە هاوینی ١٩٧٩ ڕادەگەیەنێ بۆ ئەوەی ئێران بەهێز بێ پێویستە ئینقلاب خوێنی لەبەر بڕوا. ئەوەی پێویستە خۆی لێ ببوێردرێ تێکەڵ کردنی ئەو

دووانەیە، واتە نابێ لەسەر بنەمای رووداوەکانی ئێستا قەزاوەت لەسەر قسەی ئەو خۆپێشاندەرە بکەین. نابێ بەبیانووی جینایەتکاریی خومەینی، شوور و شەوقی سەرمەستانەی ئەو خۆپێشاندەرە مەحکووم بکەین.

فووکۆ دووبارەی دەکاتەوە : ئەگەر سەرهەڵدانەکان ڕابردن و بوون بە بەشێک لە مێژوو، ئەو کاتە لەکیس مێژوو دەچن. هیچ دەسەڵاتێک کۆنترۆڵی جووڵەی مرۆڤێک یان گەلێکی پێ ناکرێ کە لە بەرامبەر دەسەڵاتێکی ناعادڵدا حازرە بە قیمەتی گیانی خۆی ڕاپەڕێ. «ئەو مرۆڤەی رادەسێ، شەرحی حاڵی ناکرێ». فووکۆ دەمەساتی ڕاپەڕین بە شێوەیەکی ئەفسانەیی دەبینێ، بۆ وی شتێکە کە لۆژیک سەری لێ دەرناکا. چونکە ئەگەر بە مەنتق بێ، مرۆڤ نابێ ریسکی مردن بەسەر دڵنیایی ژێردەستەیی‌دا تەرجیح بدا. دەکرێ سەبارەت بەو روانینە ئەفسانەیی‌یە بۆ راپەڕین، رەخنە لە فووکۆ بگرین، بەڵام ناکرێ فووکۆ بەوە تۆمەتبار بکەین کە لایەنگریی لە کۆماری ئیسلامی کردبێ.

نالۆژیکی‌بوونی ڕاپەرین خاڵی چڕبوونەوەی هەموو شێوزازەکانی ئازادییە، چ ئەو ئازادییانەی وەدەست هاتوون و چ ئەوانەی داوا دەکرێن، خاڵێکی چڕبوونەوە کە تەنانەت لە ویستی مافە سروشتییەکان پتەوترە. هەر دەسەڵاتێک بۆی هەیە رۆژێک رەت بکرێتەوە و مرۆڤەکان بە قیمەتی گیانی خۆیان لەدژی راست ببنەوە.

راپەڕینەکان لەرێگای نیشان و هێماکانی مەزهەبەوە دەتوانن ئاسانتر خۆیان بەیان بکەن لەبەر ئەوەی هاوکات هەم لە نێوەوە و هەم لە دەرەوەی مێژوودا قەرار دەگرن. بەدرێژایی چەندین سەدە بەڵێنی ئاخیرەت و چاوەڕوانیی رزگاریدەر (ناجی) رووحیان وەبەر ڕاپەڕینەکان داوە.

لە ئینقلابی ١٧٨٩ی فەرانسەوە پێمان وابووە کە ئینقلاب راپەڕینێکە کە ریشەی لە مێژوویەکی لۆژیک و قابیلی کۆنترۆڵکردندایە. ئینقلاب شوێنی جەمسەربەندیی نێوان هیوا و چاوەڕوانییەکان بووە. شەرعیەت بە ئینقلاب دراوە و رەخنە لە جۆرە باش و جۆرە خراپەکانی گیراوە. ئەوەی فووکۆ بۆی گرینگە بەڵام شتێکی دیکەیە کە بریتییە لە «رازی راپەڕین». ئەوەی ئەو لە ئێران بەدوایەوە بوو «هۆکار و ریشە قووڵەکان»ی راپەڕینەکە نەبوو، بەڵکوو «ئەو هەستە بوو کە خەڵکی راپەڕیو لەو کاتەدا هەیانە

و تێگەیشتن لەو شتە کە لەو وەختەدا لە مێشکی ئەو ژن و پیاوانەدا دەگـوزەرا کە حـازر بـوون گیانی خۆیان بخەنە مەترسییەوە». خەڵکی ئێران رقی خۆیان و ئیرادەیان بۆ رووخاندنی ڕێژیمی شا لە چیرۆکێکی خەون‌پێوەدیودا دەنووسیەوە، چیرۆکێک کە هەم سیاسی بوو هەم مەزهەبی. ریتمی خۆپێشاندانەکان لەگەڵ بۆنە ئایینیەکان هەماهەنگ بوو. ئەو ریتمە شانۆنامەیەکی مەعنەوی بوو کە لەودا دەسەڵاتی سیاسی وەبەر غەزەب و لەعنەت دەکەوت. بەم جۆرە لە سەدەی بیستەمدا یەکانگیرییەکی نێوان بەستێنی سیاسی و بەستێنی مەزهەبیمان دەدی کە زۆر لەو ئەزموونەی رۆژئاوا نزیک بوو کاتێک رۆژئاوا ویستی روخسارە رووحییەکان لەسەر تەوێڵی سیاسەت تۆمار بکا. لەڕاستیدا ڕێژیمی شا بە لەغاوکردنی سیاسەت ویستبووی پێش بەو راپەرینانەش بگرێ کە پشتیان بە مەزهەب دەبەست.

توخمی ئایینی حازر نەبوو جێی خۆی بە هێندێک ئیدئۆلۆژی بدا کە کەمتر «کۆنەپەرستانە» بوون. ئەمەش بە بڕوای فووکۆ چەندین هۆی هەبوو کە بریتی بوون لە راپەڕینێک کە زۆر زوو سەرکەوت؛ رووحانییەتێک کە قسەی بەسەر خەڵکدا دەڕۆیشت؛ و کۆنتێکستێکی ستراتژی لە بەرامبەر وڵاتانی موسڵمانی دراوسێ. بەمجۆرە ناوەرۆکە وێنا کراوەکانی راپەڕینەکە لەپاش سەرکەوتنی ئینقلاب لانەچوون. بەڵکوو ئەمجارە هاتنە سەر سەحنەی سیاسی کە لەوێ هاوکات هەم تاسە و هیوای ئەوە هەبوو کە ئیسلام بکرێتە شارستانییەکی گەورە و هەم هێندێک فۆرمی توندوتیژانەی هەستی دژە بێگانە، و کێشەی ئیمپریالیزم و چەوساندنەوەی ژن.

فووکۆ لەسەر ئەوە پێداگری دەکا کە نابێ ئەو ئیمان و مەعنەویاتە کە ئەوانەی حازر بە گیانبەخشین بوون ئیدیعایان دەکرد لەگەڵ حکومەتی خوێنخۆری رووحانیەتی توندڕەو تێکەڵ بکەین. ناتوانین ئەو قانوونەی ئینقلابەکان لەسەر ئینقلابی ئێران جێبەجێ بکەین کە دەڵێ هەمیشە سەرەڕۆیی‌یەکی نوێ لەنێو دڵی خۆپێشاندەرانی خوازیاری رووخانی دیکتاتۆردا بەڕێوەیە. رووحانیەکانی ئێران ئەم بزوتنەوەیەیان بۆ ئەوە بە کار برد کە شەرعیەت بدەنە حکومەتەکەیان. ئەگەر بێت و بزوتنەوەکە بە بزوتنەوەی مەلاکان پێناسە بکەین، هەمان ئەو غەدرە لەو بزوتنەوەیە

دەکەین کە مەلاکان لێیان کرد، چونکە لە هەردوو حاڵەتدا بەپێی مەنتقی ترس لە ڕووداوی ئینقلابی بیر دەکەینەوە. هەربۆیە گرینگە کە ئەو جەوهەرە کە لە بزوتنەوەیەکی لەو چەشنەدا هەیە و بۆ هەر دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ مەترسییە ببینین، جا ئەو دەسەڵاتە سەرەڕۆیە شا بێ، یان ئایەتوڵڵا.

فووکۆ لە دوایین وتاریدا هەڵوێستەکانی خۆی روون دەکاتەوە. ئەو بۆچوونی خۆی نەگۆڕیوە، بەڵکوو پێی وایە کە هاوکات هەم دەتوانین دژی شکەنجەی شا لە سەردەمی ڕێژیمی شادا بین، هەم دژی ئەو توندوتیژییە سیاسییەی مەلاکان پەنایان بۆ دەبرد بەبێ ئەوەی ڕووداوی ئینقلابی بە خودیی خۆی ببەینە ژێر پرسیار. ناکرێ دەرسی ئەخلاق بدەینە کەسێک کە بە قیمەتی گیانی خۆی بەرەوڕووی دەسەڵات دەبێتەوە و دوای کۆتایی هاتنی ڕووداوەکان بە بەرپرسیاری ئاکامەکەی بزانین. هەروەها ناکرێ بەو ئاکامە بگەین کە ڕاپەڕین بێسوودە چونکە ئەنجامی هەموو ڕاپەرینێک هەر یەک شت و هەمان شتە. دەکرێ ڕاپەڕین دروست یان هەڵە بێ، بەڵام کاتێک خەڵک ڕادەپەڕن، نابێ ئەوەمان لەبیر بچێ کە لایەنێکی زاتیی تایبەت بە تاکەکان دێتە نێو مێژوو و بە هەناسەی خۆی دەیدەمێنێ.

ئەم توخمە زاتییە لە زۆر ئاستدا دەبینین. «کەسێک کە کەتنێکی کردووە حازرە هەڵێ و گیانی خۆی بخاتە مەترسییەوە بۆ ئەوەی بە سزایەکی لەڕادەبەدەر مەحکوم نەکرێ؛ شێتێک چیدیکە تەحەمول ناکا دەستبەسەر و بێئیرادە بکرێ؛ گەلێکیش ڕێژیمێک ڕەت دەکاتەوە کە دەیچەوسێنێتەوە. هەمووی ئەوەش نابێ ببێتە هۆی ئەوە کە بڵێین کەتنکارەکە بێتاوانە؛ شێتەکە چاک دەبێتەوە یان ئایندەیەکی باشتر چاوەڕوانی گەلەکەیە. تەنانەت هیچ کەس مەجبوور نیە هاوسۆزییان لەگەڵ بکا. هیچ کەس ناچار نیە پێی وابێ کە ئەم دەنگە تێکەل پێکەڵانە[ی کاتی ڕاپەڕین] لەوانی دیکە زوڵاڵترن و هەقیقەت بەوانە. هەر ئەوەندە بەسە کە دەسەڵات بە هەموو ڕێگایەک بیهەوێ ئەو دەنگانە سەرکوت بکا بۆ ئەوەی ئەو دەنگانە بە شیاوی بیستن دابنرێن و ڕوون بێتەوە کە دەیانەوێ بڵێن چی». ئەمە زۆرتر پێوەندیی بە واقعیەتەوە هەیە تا بە ئەخلاق: «ئاکامە تاڵەکانی ڕووداوە مێژووییەکان هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕن: بوونی ئەم جۆرە دەنگانەیە کە دەبێتە هۆی ئەوە

کە سەردەمی مرۆڤەکان ڕەوتی هێڵێکی پێشکەوتنخوازانەی نەبێ، بەڵکوو تەنیا بەشێوەی مێژوویەک بێ کە مەرج نیە هەمیشە ئاقارەکەی پۆزەتیڤ بێ. لە سەرەتای ئەو ڕستەیەدا وەکیەکدانانێکی سەیر بەدی دەکەین: ئەو گەلە کە ڕادەپەڕێ لەگەڵ کەتنکار و شێتێک بەراورد کراوە. بە باوەڕی «ئۆلیڤیە رووا» گەل دەسەڵات دەگەڕێنێتەوە سەر تاقە توخمێکی کە بریتییە لە هێز. کەسی ئینقلابی هەروەک کەسی شێت یا کەتنکار لەو کاتەدا کە ڕادەپەڕێ هەڵگری هیچ نەزمێکی نوێ نیە، بەڵکوو ئەو دەسەڵاتەی گرتوویەتی یا بەسەریدا زاڵ بووە لە شەرعیەتی خۆی دادەماڵێ و وەک خۆی نیشانی دەدا. لێرەدایە کە لایەنی زاتیی کەسەکان وەدەردەکەوێ، لایەنێک کە واقعیەتێکە کە دەبێ وەبەرچاوی بگرین چونکە ئەوە شتێکی مێژووییە نەک شتێکی بیۆلۆژی. زەمانی مرۆڤ زەمانێکی تایبەتییە، جیاواز لە زەمانی سروشت، مەودایەکە وەک هایدگەر دەڵێ درێژەکێشانێکی مێژووگەرایانەیە.

بەڵام لێرەدا پرەنسیپێکی دووەمیش هەیە کە بریتییە لە تەمرینی دەسەڵات. وەک فووکۆ دەڵێ دەسەڵات بەشێوەی سروشتی شتێکی خراپ نیە. تەنیا ئەوەندەیە کە «دەسەڵات، بەهۆی مێکانیزمەکانیەوە، شتێکی بێکۆتاییە». ئەوە بەو مانایە نیە کە دەسەڵات هەموو شتێکی پێ دەکرێ، بەڵکوو مانای ئەوەیە کە یاسا و ڕێساکانی سنووردارکردنی دەسەڵات هەرگیز زۆر ورد و ڕژد نین و زۆر چاک دەکرێ دەور بدرێنەوە. هەربۆیەشە کە پێویستە هێندێک یاسا لە بەرامبەر دەسەڵات دابنرێن کە لە هیچ حاڵەتێکدا نەتوانێ پێشێلیان بکا، یان هێندێک ماف لە بەرامبەر دەسەڵات بچەسپێندرێن کە نەتوانێ بەربەستیان بۆ دابنێ.

فووکۆ نووسینەکەی بە پێناسەیەکی رووناکبیر کە پێشتر باسمان کرد کۆتایی پێ دێنێ: ڕۆڵی رووناکبیر ئەوەیە کە سەرنج بداتە هەر تایبەتمەندییەک یان هەر تاکێک کە سەر هەڵدێنێ و ڕادەپەڕێ. رووناکبیر نابێ پێشگۆیی و گرەو لەسەر فکرەکان بکا بەبێ ئەوەی هیچ سەرنج بداتە تاکەکان. رووناکبیر ئەو کەسەیە کە سەرنج دەداتە تاکەکان لە حاڵەتێکی کۆنکرێتدا، لەنێو ڕووداوەکەدا، هەمیشە کەمێک لە خوارەوەی مێژوو (مێژوویەک کە تاکەکان هێشتا ڕەوتە کرۆنۆلۆژییەکەی و ئاکامەکەی نازانن)، کەمێکیش

لە پشتەوەی سیاسەت (سیاسەتێک کە تاکەکان هێشتا هەموو کلیلەکان سنووردارکردنی بێ قەید و شەرتی دەسەڵاتیان تێدا نەدۆزیوەتەوە).

## ئەنجام

لە کۆتایی ئەم یەکەمین لێکۆڵینەوەیەمان لەسەر پێوەندییەکانی نێوان فووکۆ و ئێران، دەتوانین دەقێکی دیکەی ناوبراو بەکار بەرین کە رۆژی ١٤ی ئاوریلی ١٩٧٩ لە گۆڤاری «لونوڤێل ئۆبسێرڤارتۆر»دا بڵاو بۆتەوە. ئەو دەقەش بریتییە لە «نامەی سەرئاوەڵە بۆ مێهدی بازرگان». رۆژی ٥ی فێوریەی ١٩٧٩، خومەینی مێهدی بازرگان-ی راسپارد هەتا حکومەتێک پێکبێنێ. رۆژی ٧ی فێوریە حکومەتی ئیسلامی راگەیاندرا. رۆژی ١٧ یەکەمین ئێعدامەکانی موخالیفان لەلایەن ئەو کۆماندۆیانەوە کە ئیدیعایان دەکرد سەر بە خومەینی-ن دەستیان پێ کرد.
مێهدی بازرگان لە مانگی سێپتامبری ١٩٧٨دا چاوی بە فووکۆ کەوتبوو. ئەو وەک نێوبژیوانێک لەنێوان جەریانی لائیک و لایەنگری مافەکانی مرۆڤ لەلایەک و مەزهەبییەکان لەلای دیکەوە دەجوڵایەوە. ئەو بۆخۆی ساڵی ١٩٧٧ کۆمیتەی دیفاع لە ئازادییەکان و مافی مرۆڤ لە ئێرانی دامەزراندبوو. پاش بە بارمتەگرتنی دیپلۆماتەکانی باڵیۆزخانەی ئەمریکا لە تاران لەلایەن خوێندکارانی لایەنگری خەتی ئیمامەوە دەستی لەکار کێشایەوە.
فووکۆ لە نامەکەیدا بۆ بازرگان وەک بەرپرسێکی حکومەتی ئیسلامی رووی قسەی لێ دەنێ. لەوێدا هەوڵ دەدا ئەو گفتگۆیەی نێوان خۆی و ویی وەبیر بێنێتەوە کە لە مانگی سێپتامبردا پێکەوە ببوویان. لەو دیدارەدا مێهدی بازرگان هیوای خۆی نیشان دابوو کە ئیسلام دەتوانێ ببێتە گەرەنتییەکی راستەقینەی مافەکانی مرۆڤ. بۆ ئەوەش سێ هۆکاری باس کردبوو:
-رەهەندێکی رووحی و مەعنەوی: حکومەتی ئیسلامی بە مانای حکومەتی مەلاکان نیە، بەڵکوو نیشانەی ئیرادەی گەلە کە دەیەوێ بە جۆرێکی تر بژی؛

-رەهەندێکی مێژوویی: هێز و پاشخانی دوورودرێــژی مێژوویی ئیسلام وای لێ دەکا کە توانای ئیسلام بۆ دەستەبەرکردنی مافەکان لە مەکتەبە تازەتر و کەمتەمەنەکانی وەک سۆسیالیزم یان سەرمایەداری زیاتر بێ. فووکۆ جەخت لەسەر ئەوە دەکا کە نابێ تەنیا ئەو حکومەتانەمان لە جەوهەردا پێ خراپ بێ کە ئیسلامیین. بەڵکوو هەر کە گوتت حکومەت جا هەر حکومەتێک بێ، ئەوە بۆخۆی شکی لەسەرە و پێناسەکەی هەرچی بێ – دێموکراتیک، سۆسیالیست، لیبرال، یان گەلی- هەر دەبێ بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکەین و چاوەدێریی بکەین.

-رەهەندێکی ئەخلاقی: [بە بڕوای بازرگان] ئەگەر حکومەتێک لەسەر ئیسلام دابمەزرێنین، خودبەخود دەرفەتی ئەوە دەدەین کە هەر لەسەر بنەمای ئایین رەخنە لەو حکومەتە بگیرێ، واتە ئەمە بۆخۆی دەستەبەری نافەرمانیی مەدەنی دەکا کە ئەگەر لە یاسایەکی وڵاتەکەشدا نەنووسرابێ، لە مەزهەبی ئیسلامدا نووسراوە، مەزهەبێک کە هەم مەزهەبی فەرمانڕەواکانە، هەم هی خەڵک. فووکۆ دەڵێ کە بۆ وی ئەم بیرۆکەیە زۆر گرینگە. نەک لەبەر ئەوە کە باوەڕی بە توانای حکومڕانان بۆ بەئەخلاقی کردنی کار و کردەوەکانیان هەبێ، بەڵکوو لەبەر ئەوە کە خەڵک بەناوی واجب و باوەڕی دینییان کە هیچ حکومەتێک ناتوانێ حاشای لێ بکا، دەتوانێ حوکمڕانان ناچار بە رێزگرتن لە ئەرکەکانیان بکا.

پێوەندییەکانی نێوان گەل و حوکمڕانان یەکجار زۆر گرینگە. راسانی گەل هەروەک ئەو کاتەی دەسەڵاتی گشتی بەگژ تاکەکەسێکدا دێتەوە و سزای دەدا بایەخی بنەڕەتیی هەیە. دەسەڵات کاتێک نەیارانی خۆی دادگایی دەکا لەڕاستیدا خۆی دەخاتە بەر قەزاوەتی خەڵک. لە دادگادا دەسەڵاتی گشتی رووی راستەقینەی خۆی نیشان دەدا. حکومەت بۆ ئەوەی وا بکا کە رێزی لێ بگرن، دەبێ بۆخۆشی رێز لە قانوون بگرێ، بە مەرجێک قانوونەکە لە قازانجی خەڵکدا بێ، نەک قانوونێک بێ کە گەل بکاتە ملکەچ و ژێردەستەی دەسەڵات. هەموو حکومەتێک دەبێ حازر بێ خۆی بخاتە بەر قەزاوەتی هەموو مرۆڤێکی دنیا چونکە «حوکمڕانی ئیمتیازێک نیە، بەڵکوو ئەرکێکی یەکجار زۆر دژوارە». فووکۆ بە ئارەزوو

و ئومێدێکەوە کۆتایی پێ دێنێ: گەلێک کە بە هێزێکی ئەوەندە گەورەوە خۆی لە ژێردەستەیی رزگار کردبێ، نابێ لەو کارەی پەژیوان بێتەوە.

لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین کە ئەم نامە سەرئاوەڵایە نیشاندەری دڵساردبوونەوەی فووکۆ لە ئینقلابی ئیسلامییە، دڵساردبوونەوەیەک کە ئەنجامی لۆژیکی و بارتەقای ئەو هیوا و چاوەڕوانییەیە کە فووکۆ لە ئینقلابی ئێراندا دروستی کردبوو. بەڵام ئەو هیوایە بۆخۆی بەڵگەی پارێز و بیری کراوەی فووکۆ لە بەرامبەر زەرفیەتەکانی ئەو ئینقلابەدا بووە. ناکرێ فووکۆ لۆمە بکەین کە گوێی لەو دەنگانە راگرتووە کە لەو کاتەدا بەرز بوونەوە یان بڵێین کە دەبوو فووکۆ دەمودەست ئینقلابێکی مەحکوم کردبا کە کەس نەیدەزانی ئاکامەکەی چی دەبێ. دیارە لەگەڵ ئەو بەشانە لە کارەکەی فووکۆ نامورتاحین کاتێک باس لە «رازی راپەڕین» دەکا. چونکە بە زیادکردنی ئەو رەهەندە نەناسراوە لە شرۆڤەکەیدا فووکۆ ریسکی ئەوە دەکا کە رێگەی ئەوەمان لێ بگرێ مەترسیی تێکەڵ کردنی سیاسەت و مەزهەب یان شۆڕش و ئەفسانەسازی بە باشی هەست پێ بکەین. ئەوە کە فووکۆ دەسکەلایەک بۆ بیرکردنەوە بە جۆرێکی دیکە بۆخۆی دیڵێتەوە دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەفسانەگەری بێنێتەوە نێو باس و بابەتێک کە پێویستیی بە لێکدانەوە بە چەشنگەلی دیکە هەیە. بێگومان شرۆڤەکەی یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی هۆکارە رۆخییەکانی دەروەستیی تاک دەستنیشان بکەین و بزوتنەوەکە لە تەواوەتیی خۆیدا و بە ریتمی خۆی ببینین، بەڵام قیمەتی ئەو کارە ئەوەیە کە جارێکی دیکە ئەفسانە و حیکایەتی گەورە دێنێتەوە نێو هەوڵدان بۆ تێگەیشتن لە رەفتاری ئەکتەرەکان. فووکۆ شرۆڤەیەک پێشکەش دەکا کە گومان لە ئەفسانە و حیکایەتی گەورە دەگەڕێنێتەوە نێو بواری زانین، واتە وامان لێ دەکا کە جارێکی دیکە ئەفسانە و حیکایەتی گەورە وەک واقیعیەتێکی مۆدێرن چاو لێ بکەین. لەراستیدا زۆربەی کاتیش ئەمە خیسلەتی هەرە جارزکەری شرۆڤە فەرهەنگگەراکانە کە هاوکات لەگەڵ ئەوە کە پێیان وایە خۆیان لە چنگ حیکایەتی گەورە رزگار کردووە، حیکایەتێکی گەورەی دیکە بەپێی هەمان لۆژیکەکان دروست دەکەنەوە.

رەخنەیەکی دیکە کە دەتوانین لە فووکۆی بگرین ئەوەیە کە رەنگە

بەو جۆرەی پێویست بێ لە دەربڕینی بیرکردنەوەی خۆیدا پارێزی نەکردبێ. لەڕاستیدا پێویستە دوو شت لێک جیا بکەینەوە: ئەو شتانە دەبنە هۆی بردنەسەری پلەی زانیاری و ئەو شتانەی دەبنە هۆی گۆڕانی بیروباوەڕەکان. شرۆڤەی فووکۆ لە یەکەمیاندا زۆر بەسوود و بەجێیە. بەڵام لە دووەمیاندا بە زەحمەت لە بیرورِای گشتیدا جێ دەگرێ، ڕێک لەبەر ئەوە کە ئەفسانەسازی و حیکایەتی گەورە و مەزهەب بە شێوەیەکی پۆزەتیڤ دەخاتەوە بەر دیدەکان. دیارە ئەو ئەم پێناسەکردنەوەیە بە زۆر زەرافەتکاریی رووناکبیرانەوە ئەنجام دەدا، و بەشێوەیەکی جێگای ستایش هەوڵ دەدا مێتۆدە نەریتییەکانی ئەم بوارە بجوڵێنێ. بەڵام بڵاوکردنەوەی ئەڵقە بە ئەڵقەی زنجیرە وتارێک لەو رۆژنامانەی رۆژنامەی بیرورِان بۆ ئەم جۆرە تەمرینە نابێ. فووکۆ باش لەو مەترسییە تێنەگەیشتبوو. هەربۆیەشە بەسەرهات و هەوڵە رۆژنامەوانییەکەی فووکۆ بەوەندە کۆتایی دێ و دواتر دووبارەی ناکاتەوە. گەورەترین خاڵی بەهێزی فووکۆش هەر ئەو شتەیە کە لەو جەنجاڵەدا بە زیانی خۆی تەواو بوو، واتە جیدییەتی کارەکانی فووکۆ.

## Bibliographie et Notes

Afary, Janet et Anderson, Kevin B., Foucault and the Iranian Revolution. Gender and the Seductions of Islamism. Chicago et .p 346 ,2005 ,Londres, The University of Chicago Press
Cavazzini A. (dir.), Michel Foucault : L'Islam et la révolution .2006 ,« iranienne, Mimesis, « La rose de personne
.2004 ,« Clastres P., La société contre l'Etat, Minuit, coll. « Critique
.1984 ,Didier E., Michel Foucault, Paris, Flammarion
Foucault M., Sécurité, territoire, population, Cours au Collège de .2004 ,Paris, Gallimard, Le Seuil ,1978-1977 ,France
,Quarto Gallimard ,88-1976 ,Foucault M., Dits et écrits, tome II .2001
.1978 ,Furet F., Penser la révolution, Paris, Gallimard
Lanchet P. et Brière C., Iran : la révolution au nom de Dieu, Paris, .1979 ,Seuil
Roy O., « L'énigme du soulèvement. Foucault et l'Iran » in Vacarme .2004 automne ,29°n
,1449°Ulmann B., « Iran, la vengeance du prophète » in L'express, n .1979/04/20
Afary, Janet et Anderson, Kevin B., Foucault and the Iranian [1] Revolution. Gender and the Seductions of Islamism. Chicago et .p 346 ,2005 ,Londres, The University of Chicago Press
Ulmann B., « Iran, la vengeance du prophète » in L'express, [2] .1979/04/20 ,1449°n
Roy O., « L'énigme du soulèvement. Foucault et l'Iran » [3] http://www.vacarme.eu.org/ .2004 automne ,29°in Vacarme n ...article13
Les "reportages" d'idées » ,250°Dits et écrits, tome II, texte n [5] .707 .», p
Foucault M., « L'armée. Quand la terre tremble » (Corriere della [6]
Le Shah a cent de retard » (Corriere della » ,(1978/09/28 sera du
Téhéran : la foi contre le Shah « (Corriere » ,(1978/10/01 sera du
Retour au prophète » (Corriere della » ,(1978/10/08 della sera du

Une révolte aux mains nues » (Corriere della » ,(1978/10/22 sera du
DéÞ à l'opposition » (Corriere della sera du » ,(1978/11/05 sera du
.(1978/11/07
Foucault M., « A quoi rêvent les Iraniens ? » (Le Nouvel [7]
.(1978/10/16 Observateur du
A quoi rêvent les Iraniens » ,245°Dits et Ecrits, tome II, texte n [8]
.690 .? », p
.304 .p ,1989 ,Eribon D., Michel Foucault, Flammarion [9]
Foucault M., « La révolte iranienne se partage sur les rubans [10]
Le Chef » ,(1979/11/19 des cassettes » (Corriere della sera du
.(1978/11/26 mythique de la révolte » (Corriere della sera du
Foucault M., « Le Chef mythique de la révolte », Dits et Ecrits, [11]
.716 .p ,253°texte n
Eribon (op. cit.) reprend une partie de la lettre adressée [12]
Notre citation est extraite de la .305 .à Foucault dans son livre p
Réponse de Michel Foucault à une » ,251°présentation du texte n
.708 .lectrice iranienne », parue dans les Dits et Ecrits, tome II, p
Pour consulter la lettre d'une lectrice iranienne, cf. « Une iranienne
La réponse de Michel .1978/11/06 écrit », Le Nouvel Observateur du
Foucault est parue la semaine suivante dans Le Nouvel Observateur
.1978/11/13 du
Une poudrière appelée islam » (Corriere della sera du » [13]
.261°Voir Dits et Ecrits, tome II, texte n .(1979/02/13
Le chef mythique de la » ,253°Dits et Ecrits, tome II, texte n [14]
.714 .révolte de l'Iran », p
Defert D., Quelques repères chronologiques, in Michel [15]
.114 .p ,1985 ,Foucault, une histoire de la vérité, éd. Syros
Broyelle C. et J., « A quoi rêvent les philosophes ? », Le Matin, [16]
.13 .p ,1979/03/24 ,646°n
.p ,1979/03/26 ,647°Michel Foucault et l'Iran », Le Matin, n » [17]
.762 .p ,262°Cf. Dits et Ecrits, tome II, texte n .15
Inutile de se soulever ? » ,269°Dits et Ecrits, tome II, texte n [18]
.794 », p
.783 .p ,266°Dits et Ecrits, tome II, texte n [19]
L'armée, quand la terre » ,241°Dits et Ecrits, tome II, texte n [20]
.664 .tremble », p

Le chah a cent ans de » ,243°Dits et Ecrits, tome II, texte n [21]
.679 .retard », p
Téhéran : la foi contre le » ,244°Dits et Ecrits, tome II, texte n [22]
.683 .chah », p
A quoi rêvent les Iraniens » ,245°Dits et Ecrits, tome II, texte n [23]
.688 .? », p
Une révolte à mains nues » ,248°Dits et Ecrits, tome II, texte n [24]
.701 .», p
.DéÞ à l'opposition », p » ,249°Dits et Ecrits, tome II, texte n [25]
.704
La révolte iranienne se » ,252°Dits et Ecrits, tome II, texte n [26]
.709 .propage sur les rubans des cassettes », p
Le chef mythique de la » ,253°Dits et Ecrits, tome II, texte n [27]
.713 .révolte de l'Iran », p
,« Clastres P., La société contre l'Etat, Minuit, coll. « Critique [28]
.2004
Une poudrière appelée » ,261°Dits et Ecrits, tome II, texte n [29]
.759 .islam », p
L'esprit d'un monde sans » ,259°Dits et Ecrits, tome II, texte n [30]
Ce texte a été publié in Lanchet P. et Brière C., Iran : .743 .esprit », p
.1979 ,la révolution au nom de Dieu, Paris, Seuil
L'esprit d'un monde sans » ,259°Dits et Ecrits, tome II, texte n [31]
.743 .esprit », p
.1978 ,Furet F., Penser la révolution, Paris, Gallimard [32]
La liberté de critique est totale en URSS et le citoyen » [33] soviétique améliore sans cesse sa condition au sein d'une société de retour ,1954 en progression continuelle » déclarait Sartre en .d'URSS, dans Libération
Inutile de se soulever ? » ,269°Dits et Ecrits, tome II, texte n [34]
.790 .», p
Lettre ouverte à Mehdi Bazargan », Le Nouvel Observateur, » [35]
,265°Cf. Dits et Ecrits, tome II, texte n .46 .p ,1979/04/20-14 ,753°n
.780 .p



# وەهمی شرۆڤەی ئۆبژێکتیڤ

حەسەن شێخانی

پێش ئـەوەی وتـارەکـەم دەسـت پێبکەم، دەبـێ ئـەوە بڵێم ئـەم وتـارە کاریگەریی کتێبی «مێتۆدۆلۆژیی زانستە مرۆڤایەتییەکان»، لە نووسینی «ماکس ویبێر»ی، بەسەرەوەیە. گوتنی ئەم ڕاستییە بەم مانایە نیە ئەم وتارە دووبارە نووسینەوەی پرش‌وبڵاو یان بە گومانی هەندێک کەس، لاوازتری بەشگەلێکی ئەو کتێبەیە؛ بەڵکوو وێڕای کاریگەری وەرگرتن لەو کتێبە، لە حەددی خۆمدا بیرم کردۆتەوە و بە سەرەنجدان بە نموونە و پرسەکانی جێی سەرنجی خۆم، تێڕامانم بۆ بابەتی «نامومکین بوونی شرۆڤەی ئۆبژێکتیڤ»، کـردووە و بە پێی توانا تەتەڵەم کـردووە. لەم وتارەدا دەڵێم شرۆڤەی ئۆژێکتیڤ، وەهم و گومانێکی زێهنییە کە دروست دەکرێ و واقعیەتی نیە. ئێستاش باسەکەم بە سێ پێشەکی دەست پێدەکەم:

پێشـەکی یەکەم: واقعیەت چەندڕەهەندی و تێکڕژاوە؛ واتە کۆنکرێتە. شرۆڤەکار نەزم و واتای پێدەبەخشی. نەزم و واتابەخشینیش بەپێی هەندێک پێوانە و بنەما و لە پێرسپێکتیڤێکەوە دەکرێ. ڕوونکردنەوە، شیکردنەوە یان بە واتایەکی باشتر تێگەیشتن لە واقعیەت، لە فیلتێری زێهنەوە تێپەڕ دەبێ. ئەمە خۆی ڕەهەندێکی مەفهوومی بە شرۆڤە دەدا و لێرە دایە کە وەهمی شرۆڤەی ئۆبژێکتیڤ بەتاڵ دەبێتەوە. جیاوازیی مرۆڤ لەگەڵ حەیوان، یان باشترە بڵێم جیاوازیی دیتنی شتەکان لەلایەن مررۆڤەوە لەگەڵ دیتنی شتەکان لەلایەن حەیوانەوە، ئەوەیە کە حەیوان ناتوانێ نەزم و واتا بە بەشە جیاواز و پرش‌وبڵاوەکانی واقیعیەت بدا، بەڵام مرۆڤ ئەو توانای هەیە. خودی دۆزینەوەی پێوەندیی نێوان بەشە جیاجیاکانی واقعیەت و دۆزینەوەی وەکیەکیی نێوانیان، تایبەتمەندیی مرۆڤە. مرۆڤ تیشکی تێگەیشتن، گوتار، یان عەقڵ، لە واقعیەت وەک ڕەشاییەکی ناڕوون، دەگرێ و ڕوونی دەکاتەوە و مانا و فۆڕمی پێدەدا و پێناسەی دەکا. کارێک کە حەیوان ناتوانێ بیکا.

پێشـەکی دووەم: ئـایدۆلـۆژی واقعیەتە کۆنکرێتی و تاقانەکان، لە چوارچێوە و قاڵبی دوگمی تیۆریک داوێـژێ و واقعیەتە جیاوازەکان دەخاتە نێو قاڵبە گشتی و گشتگیرەکانەوە؛ بەم شێوەیە کە ئەو بەشانەی واقعیەت کە لەگەڵ ئەو قاڵبانە نایەنەوە حاشایان لێدەکا و نادیدەیان

دەگرێ، یان بە شێوەیەكی ناڕاست خوێندنەوەیان بۆ دەكا كە لەگەڵ قاڵبە ئایدۆلۆژیكەكە بێنەوە، یان وەک شتێكی بەڕێكەوت و كەم بایەخ دەیانوێنێ.

پێشەكی سێهەم: مێتافیزیسم واتە شرۆڤەیەكی نابەستێنمەند، بانمێژوویی، ئابستراكت، گشتی و خڕە و ناتوانرێ ڕەد بكرێتەوە یان بسەلمێنرێ. ئەمە ڕەتكەرەوەی تاقانەبوونی دیاردە سیاسی و كۆمەڵایەتیەكانە. بەپێچەوانەی دیدی مێتافیزیكی كە دیاردە سیاسی و كۆمەڵایەتییەكان دەخاتە سەرووی هەلومەرج و بەستێنی جیاوازی زەمانی و مەكانیی دیاریكراو، ئەو دیاردانە لەنێو بەستێنی شوێن و كاتی دیاریكراودا بیچم دەگرن و دروست دەبن و پێویستە لە چوارچێوە و گرێدراو بە بەستێن و هەلومەرجی دەركەوتنیان شرۆڤە بكرێن. واتە شرۆڤەیەكی بەستێنمەند و مێژوومەند.

ئاكامێک كە لەو سێ پێشەكیە وەریدەگرین ئەوەیە كە واقعیەتی كۆنكرێتییەكان نابێ بە دیدێكی بەرتەسكبین و كاریكاتۆریی ئایدۆلۆژیک ـ ئایدۆلۆژی زۆر جار خوێندنەوەیەكی كاریكاتۆری لە واقعیەتەكان دەخاتە ڕوو، بەم مانایە كە بەشێكی دڵخوازی واقعیەت زۆر زیاد لە حەد و زیاد لە واقع و لەسەر حیسابی نادیدەگرتن یان كەمبایەخ نیشاندانی بەشەكانی دیكە، گەورە و بەرجەستە دەكاتەوە ـ و بە شێوەیەكی مێتافیزیكی و دابڕاو لە واقعیەت شرۆڤە بكەین. دیاردە سیاسی و كۆمەڵایەتییەكان، واتە بیاڤی زانستە مرۆڤایەتییەكان، دەبێ بە میتۆدی تایبەت بە خۆیان و جودا لە میتۆدی زانستە سروشتییەكان شرۆڤە بكرێن. لەم وتارەدا دیدی پۆزیتیویستی كە لەسەر بنەمای یەكیەتیی میتۆدۆلۆژیی زانستە سروشتی و مرۆڤایەتییەكان هەڵچنراوە و لەڕاستیدا وێنای زەینیی شرۆڤەی ئۆبژێكتیڤیش، بەرهەمی ئەو دیدەیە، دەبمە ژێر پرسیار و دەڵێم تێزی هاوتابوونی شرۆڤە و واقعیەت، یان بە واتایەكی دیكە هاوتابوونی سووژە و ئۆبژە، كە بەرهەم یان دەربڕینێكی دیكەی پۆزیتیویزمە، لەگەڵ چییەتیی زانستە مرۆڤایەتییەكان نایەتەوە.

جیاوازیی بنەمایی نێوان زانستە سروشتی و مرۆڤایەتییەكان ئەوەیە لە زانستە سروشتییەكاندا ئێمە لەگەڵ سووژەیەكی زاڵ بەسەر ئۆبژەدا بەرەوڕووین، سووژە لە ئۆبژە جیایە و بەشێک نیە لەو، لەحاڵێكدا لە زانستە

مرۆڤایەتییەکاندا ئێمەی سووژە لەنێو پێوندییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان داین و بەشێکین لەو ئۆبژەی کە ئەو زانستانە هەوڵی تێگەیشتن و ڕوونکردنەوەیان دەدەن. بە دەربڕینێکی دیکە ئێمە هەم بوونەوەرێکی نۆڕماتیڤ و کولتوورین و هەم لەنێو پێوەندییەکان و واقعیەتی کۆمەڵایەتیدا دەژین. لە سەرەوەی ئەو پێوەندی و واقعیەتانەدا نین کە بەبێ باندۆر وەرگرتن لەوان، چەمکەکان بئافرێنین و واقعیەتەکان شرۆڤە بکەین. لەڕاستیدا چەمک و کۆنسێپتەکان لە دڵی ئەو پێوەندی و واقعیەتانە دێنەدەر و لە ڕەوتێکی کارلێکی و لێکەوتەییدا بۆ نێو ئەو پێوەندی و واقعیەتانە دەگەڕێنەوە.

لە شرۆڤەی پرسە مرۆڤییەکاندا پێویستمان بە تیۆری هەیە وەک ئامرازێک بۆ تێگەیشتن. تیۆری نە قاڵبێکی ئایدۆلۆژیکە کە ئێمە واقعیەتەکان بە باڵای ئەو بگرین و بە زۆری واقعیەتەکان لە چوارچێوەی تەسک و تەنگی ئایدۆلۆژییەکان بترنجێنین و هەروەک لە پێشەکی یەکەمدا ئاماژەمان پێکرد، ئەگەر بەشگەلێکی واقعیەتەکان لەگەڵ قاڵبەکە نەهاتەوە نادیدەی بگرین یان خوێندنەوەیەکی ناڕاستی بۆ بکەین. واتە نابێ ئایدۆلۆژی ڕۆڵی چاویلکەیەک ببینێ کە هەموو شتێک لە دەلاقەی ئەوەوە تێڕامان و خوێندنەوەی بۆ بکەین. لەلایەکی دیکە تیۆری لە زانستە مرۆڤایەتییەکاندا ڕەنگدانەوەی ئاوێنەیی واقعیەتەکان نیە، بە چەشنێک کە بەتەواوی یەکتر داپۆشن و پڕاوپڕی یەکتر بن. هەروەها تیۆری هێزێکیش نیە کە مێژوو و داهاتوو دیاری بکا. بەڵکوو تیۆری ئامرازێکی شرۆڤەییە کە ڕۆڵی چرایەکی گوتاری دەبینێ کە لە گۆشەنیکایەکی دیاریکراوەوە لە واقعیەت دەگیرێ و ڕوونی دەکاتەوە و فۆڕمی پێدەدا. تیۆری ئامرازێکی مەفهوومییە کە ئاسۆی ڕوانینت پێدەبەخشێ و جودا نیە لە زانست و فێرکراوە کەڵەکەبووەکانی نێو زێهنی مرۆڤ. لە زانستە مرۆڤایەتیەکاندا ئێمە لەگەڵ فاکتۆری «زێهنییەت» و «پسکۆلۆژی»ی شرۆڤەکار بەرەوڕووین و هەموو زانستە مرۆڤایەتیەکان بە فیلتێری زێهنییەتدا تێدەپەڕن و کاریگەری لێوەردەگرن. ئەمەش خۆیلەخۆیدا بە واتای ئەوەیە کە هیچ شرۆڤەیەک لە بایەخ و بەها و نۆڕمەکانی شرۆکار جودا نیە و لەبنەڕەتدا شرۆڤەی «بێلایەنانە»

وەک ئـەوەی لـە زانستە سروشتییەکاندا بـەدی دەکـرێ، بوونـی نیە.
عەقڵی ڕۆشنگەریی بەگشتی و پۆزیتیویزم بەتایبەتی، ئیدیعایان دەکرد تەنیا یەک حەقیقەت هەیە و ئەویش بە ئامرازی عەقڵ دەتوانی بیدۆزیەوە و هەموو پرسی زانست و شرۆڤە لە ئێپیستمۆلۆژیدا کورت دەبێتەوە؛ لەوەی کە چۆن و بە چ میتۆدێک بەش و توخمە پێکهێنەرەکانی واقعیەت لێکجیا بکەیەوە و تاقە مانا و حەقیقەتی دیاردەکان دەرخەی و بدۆزیەوە. ئەمە پێناسەیەک لە فەلسەفە یان لقێکی فەلسەفەیە، کە تیۆری ناسینی پێدەگوترێ؛ واتە هەمان مەعریفەناسی یان ئێپیستمۆلۆژی. لێرەدا ئێمە لەگەڵ یەک حەقیقەتی ئۆبژێکتیڤ بەرەوڕووین کە دەکرێ بدۆزرێتەوە و هەموو پرسی مەعریفە و فەلسەفە و زانست ئەوەیە کە چۆن ئەو حەقیقەتە بدۆزرێتەوە. نەدۆزینەوە یا نەگەیشتن بە تاقەحەقیقەتی دیاردەکان، بۆ کەمایەسیی مەعریفەناسی مرۆڤ دەگەڕێتەوە و بە مانای ئەوە نیە کە دیاردەکان تەنیا یەک مانا و حەقیقەتیان نیە. لەحاڵێکدا لە دوای ڕۆشنگەری، ئەو ڕەوتە فکرییە سەریهەڵدا کە پێی وایە لە بیاڤی زانستە مرۆڤایەتییەکاندا (بەتایبەتی)، تاقەحەقیقەتێکی ئۆبژێکتیڤ لە دەرووەی زێهنی مرۆڤ و کاریگەرییەکانی بوونی نیە، بەڵکوو مرۆڤ لە مانابەخشین و فۆڕمدان بە حەقیقەتدا بەشدارە و ڕێک بەو هۆیەش چەشنێک ڕێژەگەرایی و پلۆڕالیزم دێتە ئارا کە تاقەحەقیقەتیی دیاردەکان دێنێتە ژێر پرسیار و جیاوازیی حەقیقەتەکان دێنێتە ئارا. هەر تێگەیشتن و شرۆڤەی پرسە مرۆڤییەکان، زێهنییەت، مەعریفە و ئاسۆی ڕوانینی لەپشتە. ئەتۆ بە شێوەیەکی چارەهەڵنەگر لە پێگەیەک و لە ئاسۆیەکەوە لە دیاردەکان ڕادەمێنی و بەپێی جیاوازیی ئاسۆی ڕوانین، تێگەیشتن لە واقعیەت و مانابەخشین و فۆڕمپێدانی جیاواز دەبێ. خۆ زێهنی مرۆڤ ئاوێنەیەکی بەتاڵ لە نێوەرۆک و نێوئاخن نیە کە تەنیا واقعیەتی «ئۆبژێکتیڤ»، بنوێنێ و تێیدا ڕەنگ بداتەوە. مرۆڤ بوونەوەرێکە کە باوەڕ، بایەخ، ئامانج و زانستێکی کەڵەکەبووی هەیە و لە پەنجەرەی مێشکی خۆی و مەعریفەی خۆیەوە لە دیاردەکان ڕادەمێنێ. مرۆڤی واقعی بەم شێوەیە. ناکرێ مرۆڤ لە هەموو ئەو شتانە

بەتاڵ بکەیەوە تا ئەوەی کە پێی دەڵێن «شرۆڤەی بێلایەنانە»، پێشکەش بکرێ. نۆرم و بایەخەکانی مرۆڤ لەسەر شرۆڤەی واقعیەت کاریگەری هەیە و لە بنەمادا شرۆڤەی بەدەر لەوانە، ناموومکینە. هەروەک گوتمان شرۆڤە واتە نەزم و مانابەخشین بە واقعیەتە جیاواز و پرش‌وبڵاوەکان، ئەمەش بە کەڵک وەرگرتن لە زمان، وشە، چەمک و کۆنسێپت دەکرێ. لەبنەڕەتدا ئێمە بەوانە بیر دەکەینەوە و زمان و وشە و چەمک تەنیا ئامراز نین کە ئێمە بیرکردنەوە و ئەندێشەمان بۆ ئەوان وەرگێڕێن، هەر بەبێ ئەمانە ناتوانین بیر بکەینەوە. بیرکردنەوەی ئێمە پێکهاتەیەکی زمانیان هەیە. هەمووی ئەمانەش هەڵگری پێشفەرزی نۆرم و بایەخەکانی مرۆڤن.

مرۆڤ بوونەوەرێکی بێخود و بێ‌ئامانج نیە و لەخۆڕا ناجووڵێتەوە. لە پشت پاڵنەرە توێژینەوەکانی مرۆڤ، فەرزکراو و ئامانجەکانی مرۆڤ هەیە و توێژینەوەکان لە خزمەت ئەو بایەخ و نۆرمانەدان. هەروەک ماکس ویبێر دەڵێ، بۆ نموونە نەهێشتنی هەژاری و بەدیهێنانی عەدالەت، بایەخ و ئارمانێکە کە لێکۆڵینەوەی لەپێناودا کراوە و کۆمەڵێک ڕێکاریشی بەرهەم هێناوە. ئامانجی لێکۆڵینەوە لە خزمەت ژیان دایە. بۆ باشتر کردنی ژیانە کە زانستەکان سەریانهەڵداوە و گەشەیان کردووە. زانستی حقووق، کە زانستێکی کۆمەڵایەتی و مرۆڤییە، لەپێناو بایەخ و ئامانجگەلێکدا سەریهەڵداوە و بێ‌ئامانج و بێ‌هۆ بنیات نەنراوە. لە توێژینەوە و لێکۆڵینەوەدا ئامانجێک هەیە و لەپێناو ئەو ئامانجە دایە کە ڕێکار دەخرێنە ڕوو. ئەگەر ڕێکارەکان لە بواری کردەییدا خزمەتی باشی ئامانجیان نەکرد، رەخنەیان لێدەگری و ڕێکاری دیکە پێشکەش دەکەی. تازە ئەگەر دەرکەوت ئامانجی پشت لێکۆڵینەوە، پارادۆکسییە، ئامانجەکە دەگۆڕی. واتە زانستەکان لە دیالکتیکی پێویستییەکان و دەرکەوتەکاندا سەرهەڵدەدەن و گەشە دەکەن.

بایەخ و ئارمانج و مەعریفەی مرۆڤ لە دیاریکردنی پێرسپێکتیڤی مرۆڤدا نەخشیان هەیە؛ ئەوەی کە لە چ دیدێک، لە کام پێگە و گۆشەنیگاوە لە بابەتەکە دەڕوانی، ئاراستە و ئاقاری شرۆڤە و توێژینەوە دەگۆڕێ. بەم مانایە هیچ شرۆڤەیەک بەدەر لە نۆرم و بایەخەکانی مرۆڤ نیە.

لە ئاڵوگۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا مرۆڤ ڕۆڵی هەیە. لەپشت کردەوە و چالاکییەکانی مرۆڤدا، ئیدە، ئامانج و پاڵنەر بوونی هەیە. واتە مرۆڤ بێخود و بێهوودە ناجووڵێتەوە و چالاکی ناکا. بۆ نموونە ئەگەر من خەبات دەکەم لەبەر ئەوەیە ئەسڵی ئازادی بۆ من بایەخی هەیە و بۆ بەدیهێنانی تێدەکۆشم. واتە هۆکاری خەباتی من ئەوەیە کە شتێک بەبایەخ دەزانم. هەر ئەوەیە کە دەڵێم لە شکڵگرتن و دروستبوونی دیاردە سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکاندا، فاکتۆری نۆڕم و بایەخەکانی مرۆڤ ڕۆڵی هەیە بەم پێیەش لە هەڵبژاردنی بابەتی لێکۆڵینەوە و ئەوەی کە لەسەر کام بەشی واقعیەت فۆکۆس بکەی، فاکتۆری نۆڕم و بایەخ بەشدارە. شرۆڤەش بۆخۆی چالاکییەکی زێهنییە و وەک هەموو کردە و چالاکییەکانی دیکەی مرۆڤ لە فاکتۆری بایەخ کاریگەری وەردەگرێ. واتە مەحاڵە نۆڕم و بایەخەکان لە هەموو کردەوەکانی مرۆڤدا دەخیل بن، بەڵام لە شرۆڤە و تەتەڵەی ئەواندا بێباندۆر بن؛ ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و کولتوورییە و مرۆڤی بەتاڵ لە بایەخ و بایەخەکان، بوونی نیە.

کەسانێک هەن کە ئیدیعای ئۆبژێکتیڤیزم لە شرۆڤەدا دەکەن، کە باسمان کرد شتی وا مەحاڵە، لە بەرامبەردا تاقمێکی دیکە هەن کە لەپشت چاویلکەی سیاسی و بەهاکانی خۆیانەوە لە واقعیەت دەڕوانن کە لە تاپیە پەڕگیرەکەیدا شرۆڤەیەکی تەواو ئایدۆلۆژیک و کاریکاتۆری لە واقعیەت پێشکەش دەکەن؛ شرۆڤەیەکی ئامانجدار کە ڕوویەک لە واقعیەت بەرجەستە دەکەنەوە و لەگەڵ هەموو واقعیەت هاوتای دەکەن. لەنێوان ئەم دوو ڕەوتە پەڕگیرانەدا، ڕەوتێکی دیکە هەیە کە بایەخ و ڕوانینەکانی مرۆڤ لە شرۆڤەی بابەتدا بەکاریگەر دەزانێ.

لێرەدا ئەو پرسە دێتە ئارا ئەگەر هیچ شرۆڤەیەکی «بێلایەن» و بەدەر لە نۆڕم و بایەخەکان بوونی نیە، کەواتە جیاوازی لەگەڵ ئەوەی کە پێی دەڵێن «قەزاوەتی ئەرزشی» چیە؟ ئەم پرسیارە لە جێی خۆی دایە و لەوانەیە کەسانێک بە خوێندنەوەی ئەم شیکارییانەی سەرەوە ئەم پرسیارەیان لە مێشکدا دروست بێ.

گوتمان لە زانستە مرۆڤییەکان و لە شرۆڤەی پرسە مرۆڤییەکاندا ئەو بایەخ و پاڵنەرانەی کە ئاراستەبەخشن، بەشدارن. تەنانەت کاتێک دۆخێک لەگەڵ ئارمانەکانی مرۆڤ نایەتەوە، زیاتر ئێمکانی پرۆبلماتیزە بوون و بوون بە مەوزووعی، هەیە. هەڵبەت ئەوە بە مانای قەزاوتی ئەرزشی نیە و نابێ تێکەڵ بکرێن. هەروەک «نیچە» دەڵێ: شرۆڤە لەو دیوی باشی و خراپی دایە. ڕاستە لەوەی کە واقعیەت چۆن دەبینین زێهنییەتی ئێمە بەشدارە، ڕاستە زێهنی مرۆڤ لە فۆرمبەخشین بە واقعیەت دەخیلە، بەڵام ئەمە بە مانای ڕەتکردنەوەیەکی زێدەڕۆیانەی ئۆبژێکتیڤیزمی ئۆبژەکان نیە. واتە نابێ ئێمە بکەوینە داوی زێهنگەراییەکی ڕەها و واقعیەتی دەرەوەی زێهنی مرۆڤ رەت بکەینەوە و جیهانی دەرەوە بە دروستکراوی زێهن و بە شتێکی زێهنی بزانین. هەروەک چۆن ئۆبژێکتیڤیزمی بەدەر لە زێهنی مرۆڤ نادروستە، بە هەمان شێوە زێهنیگەراییەک کە شتەکان بەتەواوی بە دروستکراوی زێهنی مرۆڤ دەزانێ کە بوونێکی دەرەوەی زێهنییان نیە، هەڵەیە. ئەمە هەمان ئێپیستمۆلۆژیی تەفسیرییە کە تا نیهایەتی مەنتقیی خۆی دەڕوا و ڕێژەگەراییەکی ناواقعی لێدەکەوێتەوە کە لە هەموو بنەماکانی زانست و ئەخلاق و مەعریفەی مرۆڤ دەدا. ئەگەر شتەکان بەتەواوی زێهنی بن، ئەمە جیاوازییەکی ڕەها دێنێتە ئارا کە وەکیەکیی شتەکان کە شوناسبەخش و مانابەخشی ئەوانن، رەت دەکاتەوە. ڕاستە واقعیەتەکان کۆنکرێتن و تێکڕژاو و جیاواز و پرشوبڵاون، بەڵام هاوبەشی و وەکیەکیشیان هەیە کە ئەم وەکیەکییە شوناس و مانایان پێدەدا. ڕاستە هەروەک مرۆڤەکان بوونێکی تاکەکەسییان هەیە، ڕووداو و دیاردەکانیش بە هامان شێوە تایبەتمەندییەکی تاکەکەسییان هەیە؛ واتە ئێمە لەگەڵ «ئەفرادی تاریخی» بەرەوڕووین. بەڵام لەولاش ئەگەر وەکیەکی و هاوبەشی بوونی نەبا، لەگەڵ دنیایەکی ناکۆک، بە توندی پرشوبڵاو و نایەکانگیر بەرەوڕوو دەبووین کە بەرد لەسەر بەرد بەند نەدەبوو و ئەسڵەن شتێکمان بە ناوی کۆمەڵگای مرۆڤیش نەدەبوو؛ شتێکمان بە ناوی تیۆری، زانست و مەعریفە نەدەبوو، چونکە ئەوانە لە نەبوونی هاوبەشیدا پێک نایەن.

ئـەگـەر وەک عەقڵگەرایی رۆشـنـگـەریش بـاوەرمـان بـە دۆزیـنـەوەی حەقیقەت و تاکەمانای واقعیەتەکان نەبیَ کە لە تایپە پۆزیتیویستییەکەی بە مێتۆدۆلۆژییەکی یەککرتووشدا تێدەپەڕیَ، ئەگەر باوەڕمان بە مەعریفەناسیی تەفسیریش بیَ کە لە شکڵی مەعقولێدا باوەڕی بە بەشداریی زێهنی مرۆڤ لە دروست کردنی حەقیقەتدا هەیە و دەڵیَ حەقیقەت ڕەهەندێکی گوتاری و زێهنییشی هەیە، دەبیَ هەوڵ بدەین ئەوەندەی دەکریَ باوەڕ و بایەخەکانمان لە کەوانە باوێژین و لە شرۆڤەدا دەخیلیان نەکەین؛ واتە ئەوەندەی دەکریَ بەدەر لەوەی ئێمە پێمان باشە یان خراپە و، بەدەر لە «تەجویز»، واقعیەتە چۆنە، ئاوا ببینین. دیارە بەم تێبینییە کە هیچ شرۆڤەیەک لەگەڵ واقعیەت بە تەواوی یەکناگرێتەوە و هەمیشە لەنێوان ئەو دووانە مەدایەک هەیە؛ چونکە واقعیەت بمانەویَ و نەمانەویَ بە فیلتێری زێهنیەتدا تێدەپەڕیَ. هونەری شرۆکار ئەوەیە کە ئەم مەوادیە زۆر نەبیَ و شرۆڤەیەک بخاتە ڕوو کە نزیکتر بیَ لە واقعیەت. ئەمەش ئامرازی مەفهوومی و تیۆری دەویَ و لەخۆڕا نایەتە دی. بەم شیکردنەوەیە هەرچەند شرۆڤەی بەدەر لە کاریگەریی نۆرم و بەهان بوونی نیە، بەڵام ئەو بە مانای تێکەڵکردنی شرۆڤە لەگەڵ قەزاوەتی ئەرزشی نیە. ئەو دووانە دوو تایپەی جیاوازی خوێندنەوەن و نابیَ لەجێی یەکتر بەکار بێن یان لە لیباسی یەکتردا بخرێنە ڕوو.


FREE
HEALTH
CARE
FREE
EDUCATION
ME
ME
ME
MORE!

# خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ سوسیالیزمی دێمۆکراتیک

سمایل بازیار

# پێشەکی

لەو کاتەوەی کە بیرۆکەی سوسیالیزم هاتۆتە ناو بەرنامە و پێڕەوی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان کەم و زۆر ئەم بابەتە جێگای مشتومڕ و راو بۆچوونی جیاواز بووە لە ناو ریزەکانی حیزبدا و ئەمەش ئەگەر لە لایەک بەڵگەی زیندووبوونی قەوارەی ئەو حیزبە بووە. بە جۆرێک کە لە ئاست بابەتە فیکری و سیاسییەکان بە خەمساردی تێنەپەڕیوە و لە لایەکی‌تر نیشانەی هەستیار بوون و گرینگی ئەو مژارەش بوو کە راستەوخۆ پەیوەندی بە بەڕێوەچوون و چارەنووسی دوارۆژی کۆمەڵگاکەمانەوە بووە.

لوتکەی ئەو باس و گەنگەشانە لە کۆنگرەی شەشەمی حیزب لە ساڵی ١٣٦٢ی هەتاوی (١٩٨٤ی زایینی) دابوو، کاتێک دوکتور قاسملوو بیرۆکەی «سوسیالیزمی دێمۆکراتیک»ی هێنایە گۆڕێ. ئەمەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕایەوە، کە لەوکاتدا لە باری نەزەری و تیۆرییەوە، چەپی کلاسیک باڵی بە سەر فەزای فیکری کوردستاندا کێشابوو؛ئەم بیرۆکەیە وەک مەلەوانی کردنی بەپێچەوانەی ئاراستەی رووبار بوو.

لە رەوتی کاری کۆنگرەی سێزدەهەمی حیزبدا لە ساڵی ١٣٨٣ی هەتاوی (٢٠٠٤ی زایینی) و ئەم جارە لە سۆنگەی ئەوەی کە سوسیالیزمی ئارایی (مەوجوود) لەبەریەکهەڵوەشابوو هەڵبەت ماوەیەکی زەمانی لێ تێپەڕیبوو_ بەرەی چەپیش تووشی شکست و سەرلێشێواوی هاتبوو، جارێکی‌تر مشتومڕ لەسەر ئەم بابەتە گەرم بۆوە. هەر بۆیە یەکێک لە بڕیارەکانی پەسەندکراوی ئەو کۆنگرەیە بریتیی بوو لە خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ سوسیالیزمی دێمۆکراتیک. مخابن بەهۆی ئەو قەیرانە نێوخۆیی‌یەی کە لە پاش کۆنگرەی سێزدە تووشی حیزب هات

ئەم پرۆژەیە وەدوا کەوت و لە کۆنگرەی چواردەهەمی حیزبدا، دەستەی نووسینەوە و پێداچوونەوەی بەرنامە و پێڕەو خوێندنەوەیەکی نوێی بۆ سوسیالیزمی دێمۆکڕاتیک ئەنجام دا. کە لە چەند خاڵ دا فۆرمۆلە کرابوو کە پاش باس و موناقشەیەکی زۆر لە کۆنگرەدا پەسند کرا.
ئەم نووسراوەیە هەوڵێکە بە مەبەستی تیشک خستنە سەر و روونکردنەوەی ئەم روانگە نوێیە کە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە:

١ ـ سوسیالیزم لە بەرنامەی حیزبدا (سووکە ئاوڕێکی مێژوویی)

٢ ـ خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ سوسیالیزمی دێموکڕاتیک

٣ ـ سنووربەندییەکانی خوێندنەوەی نوێی سوسیالیزمی دێموکڕاتیک

شایانی باسە ئەم نووسراوەیە پاش «نامیلکەی کورتە باس» دووهەمین هەڵوێستیی رەسمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانە، لەسەر سوسیالیزم، چون لەمبارەیەوە هیچ دەق و هەڵوێستێکی تری رەسمیان نەبووە. ئەم دێڕانەیش تەنیا وێنای چوارچێوەی گشتی ئەو بیرۆکەیە دەکات و دیمەنێکی گشتی وێنا و بەدەستەوە دەداتو بێگومان وردەکارییەکانی بۆ پیادەکردنی لە دواڕۆژدا لە کۆمەڵگا پێویستیی بە شارەزایانی بوارە جۆراوجۆرەکانی زانستی ئابووری و بەڕێوەبەریێتی (مودیرییەتی) هەیە.

## بەشی یەکەم
## سوسیالیزم لە بەرنامەی حیزب‌دا
## (سووکەئاوڕێکی مێژوویی)
### ئەلف) سوسیالیزم و کۆنگرەکانی حیزب

پاش ئەوەی بەیاننامەی ١١ی مارسی ١٩٧٠ی زایینی لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە دەرکرا و لە ئەنجامدا بەشێک لە تێکۆشەرانی سیاسی و یەک لەوان دوکتور قاسملوو لە دەرەوەی وڵات را گەڕانەوە باشووری کوردستان و وەرزێکی نوێ لە خەبات و ژیانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دەستی پێکرد. حیزب بۆ یەکەم جار لە کۆنفرانسی سێیەم دا ( ١٣٥٠ی هەتاوی) (١٩٧١ی زایینی) بوو بە خاوەن بەرنامە و پێڕەوێکی کۆنکرێت. لە بەرنامەی حیزبدا و لە فەسڵی یەکەم (ئامانجە گشتییەکان)، مادەی دووهەم دا سوسیالیزم هاتە نێو بەرنامەی حیزب. ئەوە بۆ یەکەم جار بوو کە حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بە راشکاوی لە بەرنامەی خۆیدا باس لە پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی سوسیالیستی دەکا و سوسیالیزمی وەک ڕێگەچارەیەک بۆ کێشەی کۆمەڵایەتیء وەک فۆرمولێک بۆ دابین کردنی دادپەروەریی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا هەڵدەبژێرێ. ئەم پرۆژەیە لە هەڵوێستی باڵی چەپی حیزبەوە سەرچاوەی دەگرت کە تازە لەگەڵ باڵی ناسیۆنالیستیی حیزب لە سەر دارشتنەوەو بونیاتنانەوە (بازسازی)ی حیزب ڕێککەوتبوون. ئەمە ئاشت بوونەوەوی حیزب لەگەڵ هزری چەپ بوو کە نزیک بە دە ساڵ دەبوو لێی دوور کەوتبووە.

ئەو سوسیالیزمەی کە لە کۆنفرانسی سێیەم (١٣٥٠ی هەتاوی) (١٩٧١ی زایینی) و دواتر لە کۆنگرەی سێیەم (١٣٥٢) (١٩٧٣)دا پەسند کرا، «سوسیالیزمی دادپەروەرانە» بوو، دیارە خودی لایەنی چەپیش کە پرۆژەی سوسیالیزمی هێنابووە نێو بەرنامەی حیزب، لە سەر چەشنی سوسیالیزم کۆک نەبوون وە خوێندنەوەی جیاوازیان بۆ سوسیالیزم هەبوو، بۆ وێنە لە کۆنگرەی چوارەم دا (١٣٥٨) (١٩٨٠) کە لە شاری مەهاباد پێکهات، بە هۆی زاڵ بوونی ئاخێو (گفتمان)ی چەپی رادیکاڵ بە سەر فەزای سیاسیی ئەو کاتی کوردستان و بوونی بڕشت و دەستڕۆیشتوویی حیزبی توودە لە نێو تەشکیلاتی حیزبی دیمۆکرات دا، سوسیالیزم بە بێ پاشگر و پێشگر پەسند دەکرێ. واتە «سوسیالیزمی زانستی». کۆنگرەی پێنجەمی حیزب (١٣٦٠) (١٩٨٢) لە هەلومەرجی دژواری خەباتی چەکداریدا پێک دێ و لەم کۆنگرەیەدا «سوسیالیزمێک کە وڵامدەری هەلومەرجی وڵاتەکەمان بێ» پەسەند کرا. بێگومان جیابوونەوەی تاقمی حەوت کەسی کە بە شوێنپێی حیزبی توودە دا رۆیشتن (١٣٥٩)(١٩٨٠)شوێنەواری هەبوو بۆ ئەوەی کە «سوسیالیزمی زانستی» پاش گوێ بخرێ. سەرەنجام لە کۆنگرەی شەشەمدا (١٣٦٢) (١٩٨٤) «سوسیالیزمی دیمۆکراتیک» کە لە سەرەتای نووسینی بەرنامە و پێڕەو لە کۆنفڕانسی ساڵی (١٣٥٠) (١٩٧١)دا دوکتور قاسملوو لە سەری پێداگر بوو، بە زەحمەت و پاش باس و موناقشەیەکی زۆر پەسند دەکرێ. ئەم خوێندنەوەیە لە سوسیالیزم سەرەنجام پاش ١٢ ساڵ خەباتی فیکری و هەڵکشان و داکشان بە هۆی پشوودرێژی و نفووزی مەعنەویی لایەنگرانی و لە سەرەوەی هەمووانەوە دوکتور قاسملوودا سەرکەوت.

## ب) سوسیالیزمی دیمۆکراتیك

پێش ئەوەی کۆنگرەی شەشەم لە رێبەندانی ساڵی (١٣٦٢ی هەتاوی)

(١٩٨٤ی زایینی) دا پێک بێ، دوکتور قاسملوو بۆ پێناسە کردن و ئاشنا بوونی ئەندام و لایەنگرانی حیزبی بەو ئیدەیە دەستی دایە نووسینی نامیلکەیەک لە ژێر ناوی «کورتە باسێک لە سەر سوسیالیزم». بە پێی ئەو پێناسەیەی کە لە کورتەباس دا هاتوە، دەکرێ وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەینەوە:

١ ــــ سنووربەندییەکانی سوسیالیزمی دیمۆکراتیک

- سنووربەندی لەگەڵ ئەو سیستمە فیکریەی کە نزیکەی ٤٠ ساڵ بوو لە کوردستان و ئێران باو بوو سیستمێکی فیکری وشک و دوگم، کە ڕێگەی جیابیری، پێداچوونەوە و ڕەخنەگرتنی بە هیچ کەس نەدەدا.

- سنووربەندی لەگەڵ ئەو سوسیالیزمەی کە هێزەکانی دیکە بە نیازی دامەزراندنی بوون.

- سنووربەندی لەگەڵ ئەو کەس و لایەنانەی کە بێ ئەملاوئەولا پێڕەوییان لە وڵاتانی سوسیالیستی دەکرد.

- سنووربەندی لەگەڵ بیروباوەڕی توودەئیستی یا ئیستالینیستی کە لە نێوخۆی حیزبدا پاشماوەی مابوو.

٢. گرینگترین خاڵەکانی ئەو خوێندنەوە لە سوسیالیزم

- پێداگری لە سەر پێگەی دیمۆکراسی و ڕەتکردنەوەی هەر چەشنە دیکتاتۆرییەک لە ژێر هەر ناوێک دا.

- دوورکەوتنەوە لە هەر چەشنە ئۆلگووسازییەک.

- لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵی کوردەواری واتە سوسیالیزمێک کە وەڵامدەری هەلومەرجی وڵاتەکەمان بێ.

- گرتنە پێشی سیاسەتێکی سەربەخۆ لە بەرانبەر وڵاتانی سوسیالیستیی ئەو کاتداو دەسنیشانکردنی هەڵوێست و کەموکووڕی سیستمە سوسیالیستی□یەکانی بەرەی ڕۆژهەڵات (سوسیالیزمی ئارایی (موجود)).

خستنەبەرباسی ئەو خوێندنەوەیە لە سوسیالیزم بۆ یەکەم جار لە کوردستان کە تێیدا ئاخێو (گفتمان)ی باڵادەست لە فەزای سیاسیدا چەپی ڕادیکاڵ بوو، وەک مەلە کردن بە پێچەوانەی ئاراستەی ئاوی

ڕووبــار بــوو. کــە هــەم ژێــری دەویــســت و هــەم بــوێــری. ئــەو ڕوانگە نوێیە بۆ زۆر کەس و تەنانەت بۆ بەشێکی بەرچاوی ئەندامانی حیزب، حیزبێک کە مارکسیست ـ لنینیستیش، نەبوو هــەزم نــەدەبــوو. هــەر بۆیەش دەبینین کاتێک کورتە باسێک لە سەر سوسیالیزم لە کۆنگرەی شەشەمدا دەخرێتە دەنگەوە، لە یەکەم دەوردا دەنگی پێویست ناهێنێتەوە.

بەڵام هەر وەک دیتمان ڕەوتی ڕووداوە مێژوویی‌یەکان تێگەیشتنی دروست و واقیعبیانەی ئەو ڕوانگەیەیان دەرخست. ماوەی نێوان شەهید بوونی دوکتور قاسملوو (١٣ی ژوئیەی ١٩٨٩) تا ڕووخانی دیواری بێرلین لە نوامبری هەمان ساڵ دا (١٩٨٩) کەمتر لە ٤ مانگە، بە داخەوە چارەنووس وایکرد کە ئەو نەتوانێ ئەو ڕووداوە ببینێ کە مۆری تەئیدێکی مێژوویی بوو لەسەر ڕوانگەو بۆچوونەکانی لە مەڕ وڵاتانی سوسیالیستی.

ج) بەکگراوندی دروست بوونی ئەو ڕوانگەیە لە لای دوکتور قاسملوو ژیانی تاراوگەیی لە وڵاتانی سوسیالیستیی پێشوو و لە نزیکەوە ئاشنا بوون و هەست کردن بە کەموکووڕی و ناتەواوییەکانی سوسیالیزمی ئــارایــی (مــەوجــوود)، بە تایبەتی لە بــواری نەبوونی دێموکراسی و ئازادی و بوونی دەوڵەتانی تۆتالیتێر بۆ دوکتور قاسملوو زۆر پرسیار و گومانی لە سەر سیستمی سوسیالیستیی ئەو وڵاتانە هێنابە ئاراوە.

ڕووداوەکانی لەهێستان لە دەیەی ٥٠ی زایینی و شۆڕشی ١٩٥٦ لە مەجارستان و بە تایبەتی ڕووداوی بەهاری پراگ لە ساڵی ١٩٦٨ لە چێکوسلۆواکی کە بۆ خۆی نیشتەجێی ئەو وڵاتە بوو، شوێنەواری قووڵیان لە سەر دانا. ئەو ڕووداوانـەی کە ئامانجیان سەربەخۆیی بڕیاردان لە سۆڤیەت و باڵکشانی دیمۆکراسی بە سەر گشت لایەنەکانی ژیاندا بوو. بۆ وێنە فەیلەسووف (ئیڤان سڤیتاک ـ Ivan Svitak) بە کورتترین و کاملترین شێوە ئامانجەکانی «بەهاری پراگ» هەر لە سەرەتاوە ئاوا فۆرمولە دەکا:

## «جێگیر کردنی سوسیالیزمێکی دیمۆکراسییانە لە جێگەی دیکتاتۆرییەکی تۆتالیتێرانە»

یان لە پرۆگرامی نوێی ریفۆرمخوازانی نێو حیزبی کۆمۆنیستی چێکوسلۆواکی لە ١٠ی ئاوریلی ١٩٦٨ی زایینی راگەیەندرا: «مودێلێکی نوێی سوسیالیزم؛ ئێمە دەمانەوێ هەوڵی هێنانە کایەی مودێلێکی نوێی ئەوپەڕی دیمۆکراسییانە بدەین کە لەگەڵ هەلومەرجی چێکوسلۆواکیدا گونجاو بێ».

بەشداری کردنی دوکتور قاسملوو لە بزاڤی دیمۆکراسیخوازانە وسەربەخۆیی-خوازانەی ریفۆرمیستەکانی نێو حیزبی کۆمۆنیستی چێکوسلۆواکی بە رێبەریی «ئێلکساندێر دۆبچێک» لە بەهاری پراگ دا بە چەشنێک بوو کە پاش تێکشکاندنی ئەو بزووتنەوەیە بە هۆی دەستێوەردانی نیزامیی یەکیەتیی سۆڤییەتی و هاوپەیمانانی لە پەیمانی وەرشۆ و سەرکوتی لایەنگرانی سوسیالیزمی دیمۆکراتیک و هاتنە سەرکاری دیکتاتۆرەکانی سەر بە مۆسکۆ، دەرفەتی مانەوەی لەم وڵاتە پێنەدرا و دەرکرا.

هەمووی ئەمانە بوون بە هۆی ئەوەی کە دوکتور قاسملوو لە روانینی خۆیدا سەبارەت بە سوسیالیزمی ئارایی (مەوجوود)، پێداچوونە بکات، بە جۆرێک بە تەواوی لەگەڵ ستالینیزم سنووربەندی بکاو لەگەڵ زۆر بنەمای لێنینیزم  ماڵاوایی بکات و لە کلاورۆژنەیەکی نوێوە بڕوانێتە پرسە سیاسی و فیکرییەکان.

بۆ وێنە لە شیکردنەوەی کورتە باسدا دوکتور قاسملوو پێی وایە کوردستان دەتوانی قۆناغی سەرمایەداری دەور لێبدا و بچێتە قۆناغی سوسیالیستییەوە. هەمان تیۆری رێگەی هەڵدانی غەیرەسەرمایەداری (راه رشد غیرسرمایەداری) کە لێنین لەسەر رووسیای ساڵی ١٩١٧ تاقی کردەوە.

## ١. ئایا سوسیالیزمی پێناسەکراو لە کورتە باسدا، سوسیال دیمۆکراسییە؟

هەر لە سەرەتای بڵاوبونەوەی کورتەباس□دا تەیفی چەپی رادیکاڵ و بە شێوەی دیاریکراو «کۆمەڵە ـ رێکخراوی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران» و رێکخراوی شورشگێری کرێکارانی ئێران (راه کارگر) بەرانبەر بە کورتەباس ئەوە بوو کە ئەو سوسیالیزمی دیمۆکراتیکە شتێک نییە بێجگە لە سوسیال دیمۆکراسی و ئاو لە ئاشی سەرمایەداری کردنە. دیارە لە تێڕوانینی هێزێکی چەپی رادیکاڵ، ئەگەر روانگەیەک دیکتاتۆریی پرۆلتاریا رەتبکاتەوە، بێئەملاوئەولا لە خانەی سوسیال دیمۆکراسی□دا جێی دەگرت. هەروەها روانگە و بۆچوونی دیکەش هەبوون کە هەر چەند خۆیان بە مارکسیست ـ لێنینیست نەدەزانی بەڵام پێیان وابوو ئەمە شتێک نییە بێجگە لە سوسیال دیمۆکراسی.

بەڵام ئەو پێناسەیەی کە بۆ سوسیالیسمی دیمۆکراتیک کرابوو، پێچەوانەی ئەو بۆچوونانەیە. رەنگە بە لامانەوە سەیر بێ ئەگەر بڵێین بە دەیان چەشن سوسیالیزم هەیە. تەنانەت سوسیالیزمی ئیسلامیشمان هەیە. مارکسیش بۆ خۆی لە مانیفیستەکەیدا ئاماژە بە چەندین جۆر سوسیالیزم دەکا. سوسیالیزمی دیمۆکراتیکیش یەکێک لەو سەدان خوێندنەوەیە لە سوسیالیزمەو تەنانەت خودی سوسیالیزمی دیمۆکراتیکیش پێناسەیەکی ستاندارد و تاقانەی نییە و خوێندنەوەی جیاوازی بۆ کراوە.

تايبةتمةنديةكاني سؤسياليزمي ثي□ناسةكراو لة كورتةباسدا

لە راستیدا هەروەک لە نامیلکەی کورتەباسدا بە راشکاوی گوتراوە «سوسیالیزمی دێموکراتیک» لەگەڵ سوسیال دێموکراسی جیاوازی هەیە. بۆ پشت راست کردنەوەی ئەم ئیددیعایە دەتوانین ئاماژە بەم ئیستدلالانە بکەین:

ـ سوسیالیزمی دێمۆکڕاتیکی پێناسە کراو لە کورتەباس دا، ئانالیزو لێکدانەوەی مارکسیزمی لەسەر سەرمایەداری پەسەندە.

ـ سیستم (نظام)ی سەرمایەداری رەتدەکاتەوە و دەڵێ سەرمایەداری

وەک نیزامێکی کۆمەڵایەتی لە لایەن مێژووەوە مەحکوومە.
- بۆ دامەزراندنی سوسیالیزم وەک سیستمێکی ئابووری - کۆمەڵایەتی هەوڵ دەدا کە تێیدا هەر کەس بە پێی لێهاتوویی کاری پێ دەسپێردرێ و بە پێی کارەکەی حەقی خۆی لە کۆمەڵ وەردەگرێ.

## ٢ . خاڵە جیاکەرەوەکانی لەگەڵ کۆمۆنیزمی رووسی یان سوسیالیزمی ئارایی

- لەگەڵ ئەو پاوانخوازی و تۆتالیتاریزمەی کە کۆمۆنیزمی رووسی یا سوسیالیزمی ئارایی بەرێوەیدەبا لەگەڵ سوسیال دیمۆکراسی هاودەنگە، هەر بۆیە جەخت لە سەر دێمۆکراسی و رەتکردنەوەی هەر چەشنە دیکتاتۆرییەک دەکا.
- تێروانینی مارکسیستی لە جێگای خۆیەتی، ئەگەر نە هەمووی بەڵام زۆر بنەمای لێنینیزم وەلانراوەو ستالینیزم بە تەواوی ماڵئاوایی لێکراوە.
- ئەم سوسیالیزمی دیمۆکراتیکە شکڵێکە لە ئاکامی دوو خەت یان دوو نەریت، واتە هەوڵدانێکە بۆ تێکهەڵکێش کردنی حەرەکەتێکی واقیعی بەرەو سوسیالیزم بە دیمۆکراسییەکی راستەقینە.
شایانی باسە ئەم خوێندەوەیە لە سوسیالیزم تا ئێستا دەرفەتی پیادە بوونی نەبووە.

## بەشی دووەم

## خوێندنەوەیەکی نوێ بۆ سوسیالیزمی دێموکراتیك ئەلف) چارەگە سەدەیەك

پاش پەسەند کردنی سوسیالیزمی دێمۆکڕاتیک ئێستاکە لە بەرزایی چارەگە سەدەیەکەوە دەڕوانینە ئەو سەردەمەی کە سوسیالیزمی دێمۆکڕاتیک وەک ئامانجی درێژخایەنی حیزب پەسەند کرا. زۆر ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی بە سەر جیهاندا لە هەموو بوارەکانی سیاسی، فیکری، ئابووری، تێکنۆلۆژیک، کۆمەڵایەتی و نەخشەی سیاسیی جیهاندا هاتووە.

لەبەریەک هەڵوەشانی سوسیالیزمی ئارایی، کۆتایی شەڕی سارد، خێرابوونی ڕەوتی جیهانیبوون، سەرکەوتنی ئابووریی بازاڕ، شۆڕشی تێکنۆلۆژیی زانیاری و پێوەندی گرتن، پەرەسەندنی دیمۆکراسی، پەرەساندنی ناسیۆنالیزم و دەرکەوتنی دەیان وڵاتی تازە لە سەر نەخشەی جوغرافیا و زۆر ئاڵوگۆڕی دیکە. «ئێریک هابز باوم» دەڵێ: «هیچ کات مێژووی ژیانی ئینسان و ئەو کۆمەڵگەیانەش کە تووشی ڕووداو بوون لە دەورەیەکی زەمەنیی کورتدا ئەو ئاڵوگۆڕە بنەڕەتییانەیان بە خۆوە نەبینیوەو سەیر ئەوەیە کە ئەو ئاڵوگۆڕانە لۆکاڵی و ناوچەییش نین، بەڵکوو جیهانین و سیمای جیهان بە تەواوی گۆڕاوە».

هەمووی ئەمانە لە ئێمە دەخوازن کە خوێندنەوەیەکی نوێمان بۆ سوسیالیزمی دیمۆکراتیک هەبێ و بە ڕوانینێکی سەردەمیانە لەگەڵ ئەو پێناسەیە بە ڕەوڕوو بین، کە ٢٥ ساڵ لەوە پێش و لە گەرمەی شەڕی سارددا کراوە و بۆ سەردەمی خۆی لە فەزای سیاسیی کوردستاندا، خاڵی وەرچەرخانێکی نوێ، ژیرانەو بوێرانە بوو کە ئێستاش هێندێک پرەنسیپی لەگەڵ ئەم سەردەمە دەگونجێ.

هەر بۆیە لە شرۆڤەی نوێمان بۆ سوسیالیزمی دیمۆکراتیک بە جۆرێکی دیکە دەڕوانینە هەندێک چەمک و واتا کە جیاوازن لە

هەڵویستی پێشوومان و لەم سێ تەوەرەیە دا پوخت دەکرێنەوە.
١) نیزامی سەرمایەداری
٢) ئابووریی پلانمەندو سێنترالیزە
٣) سوسیالیزم وەک نیزامێکی ئابووری ـ کۆمەڵایەتی

## ب) سەرمایەداری

ئێمە بە وەڵامی چاکە یان خراپە، باشە یان باش نیە لە سەر نیزامی سەرمایەداری هەڵویست ناگرین، ئێمە سەرمایەداری وەک چۆن هەیە هەڵدەسەنگێنین. بە پێچەوانەی ئەو پێشبینیانەی کە نەیارانی ئەم سیستمە دەیانکرد، نیزامی سەرمایەداری لە نێو نەچووە و ئەو گۆڕهەڵکەنە واتە پرۆلیتاریا کە رەسالەتی بە خاک ئەسپاردنی ئەو نیزامەی لە ئەستۆ بوو هیچی بۆ نەکرا و ئەو سیستمە هەروا درێژە بە ژیانی خۆی دەدا. رازی ئەو تەمەندرێژییە سەرەڕای زۆر هەوراز و نشێوو چەندان قەیرانی گەورە کە تووشی هاتووە چیە؟ ئەو سیستمە بە پێچەوانەی سیستمە ئابووری ـ کۆمەڵایەتییەکانی پێش خۆی لە نێو شوێنگەی خۆیدا ناخولێتەوە (واتە لە نێو بازنەیەکی داخراو دا ناخولێتەوە)، بەڵکوو ئەو سیستمە دینامیکە و بەردەوام خۆی تێپەڕ دەکا و هەر وەک بینیومانە لە چەند قۆناغێک دا گەشەی کردوەو یەکێک لە دینامۆ سەرەکییەکانی ئەم گەشە کردنە بریتییە لە داهێنانی تێکنیکی کە بەردەوام سیستمەکانی بەرهەم هێنانی نوێ کردۆتەوە. کۆمەڵگەی سەرمایەداری سێ شۆڕشی تێکنیکیی بە خۆیەوە بینیوە، شۆڕشی سەنعەتی (١٨٧٥ ـ ١٧٦٠)، شۆڕشی کارەبا (١٨٩٠ تا ١٩٦٥) و شۆڕشی ئەنفۆرماتیک (١٩٧٠ـ ...) کە لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم دەستی پێکردوە و بە تێکنیکی تازەی راگەیاندن و پێوەندی کردن دەست پێدەکاو هەر ئێستاش بەردەوامە و دوورەدیمەنی تەواوبوونی

جارێ زۆر دوور لە چاوەڕوانییە. شایانی باسە کە تەنانەت کارڵ مارکسیش وەک یەکێک لە گەورەترین ئانالیزۆر و رەخنەگرانی نیزامی سەرمایەداری دانی بە تایبەتمەندیی پێویستی بەردەوامی و ئەمڕۆیی بوونی سەرمایەداری و داهێنان و ئاڵوگۆڕ بۆ وەدەسهێنانی سوود و قازانج داناوە. بێجگە لەمانە بە هۆی پێشکەوتنی سەرسوورهێنەری زانست و تێکنۆلۆژی کە بەرهەمی دنیای سەرمایەدارییە، گەورەترین یارمەتیدەری سەرکەوتنی ئینسان بووە بە سەر سروشتدا کە سەدان و بگرە هەزاران دەسکەوتی بە نرخی بۆ مرۆڤایەتی لێکەوتۆتەوە.

هەروەها سیستمی ئابووری سەرمایەداری لە ئاکامی ئەم تایبەتمەندی و سروشتەیدا و بە تایبەتی بە دوای لە شانۆ چوونە دەرێی رەکابەرەکەی واتە سیستمی ئابووریی سوسیالیستی، ئەمڕۆ لە کردەوەدا بۆتە سیستمێکی ئابووری بێ رەکابەر و زاڵ بە سەر جیهاندا و باڵادەستی خۆی لە وڵاتان، کولتوورەکان و لایەنەکانی ژیاندا قووڵتر دەکا.

ئەوە تا ئێرە نیوەی درەوشاوەی مانگەکەیە، چون سەرەڕای هەمووی ئەمانە، ریشاکە لە سیستمی سەرمایەداری هەر لە شوێنی خۆیەتی. ئێستاش بەرهەم بۆ وەدەستهێنانی سوود و قازانجەو وەدەستهێنانی ئەو سوودە لە سەر بنەمای خاوەنایەتی تایبەتییە کە بە بناخەی سەرمایەداری دەژمێردرێ. سەرمایەداری لە سەر بنەمای وەدستهێنانی لانی زۆرو ئەوپەڕی سوودو قازانج و کەڵەکە کردنی سەرمایەو سامان راوەستاوەو مەبەستی سەرەکی و هاندەرو ئەنگیزەی هەر خاوەنکار و سەرمایەدارێک بریتییە لە زیاد کردنی سامان بە هەر نرخێک و بە هەر فرتوفێڵێک. بۆیە دەکرێ بڵێین تیۆری زێدەبایی (ارزش اضافی) کارڵ مارکس هەر وەک لە سەرمایەداریی کلاسیکدا هەبوو، هەر وەک خۆی ماوەتەوە.

بەمجۆرە دەگەینە ئەو ئاکامە کە سەرمایەداری وەک سیستمێکی ئابووری بێڕکابەر و زاڵ بە سەر جیهانداو ئەوە کە جیهانیبوونی سەرمایەداری واقعیەتێکە لە بارودۆخی بە جیهانیبوونی ئابووریی سەرمایەداری و هەروەها لە دنیایەکدا کە سیاسەتەکان لە خزمەت ئابووری

دان، ئێمە ناتوانین دورگەیەکی بچووک بین لە پاناو (ئۆقیانووس)ێک داو بەتاک و تەریکی بژین. وتەکانی گۆرباچۆف لە بەردەم رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ساڵی (١٩٨٩ی زایینی) ئاماژەیەک بۆ ئەم حەقیقەتەیە:

«ئابووریی جیهان ئۆرگانیزمێکی یەکگرتووەو هیچ دەوڵەتێک یان هەر سیستمێکی کۆمەڵایەتی یا رەوشێکی ئابووری ناتوانێ لە دەرەوەی ئەودا بە شێوەی سروشتی پەرە بستێنێ».

بەمجۆرە دەبینین کە سەرمایەداری بۆتە ئەمرێکی واقیع و نە ئێستاکە ئاڵترناتیڤێکی هەیەو نە لە ئاسۆی ئێستادا کۆتاییی‌یەک بۆ ئەو نیزامە بەدی دەکرێ. کەوابوو رووخانی سەرمایەداری ئەمرۆکە ئیدی دروشمێکی واقیعبینانە نیە. با ئەوەش بڵێم کە ئەوەش وا لێکنەدرێتەوە کە ئەمە بە مانای پشتڕاستکردنەوەی وتەی فۆکۆیاما واتە «کۆتایی مێژوو»ە. هەر ئەوەندە بەسە بڵێم کە بۆ خۆشی دە ساڵ دوای نووسینی ئەو کتێبە پاش ئەو قەیرانەی کە تووشی ئابوورییەکانی ناسراو بە بەورەکانی ئاسیا هات خەریکی پاشەگەز بوونەوە بوو. بە وتەی چینییەکان سەرەتا بە نرکەی شێرێک هاتە مەیدان و دواتر بە نەرمونیانی مارێک پاشەکشەی کرد.

بەڵام ئەگەر رەتکردنەوەی سەرمایەداری دروشمێکی واقیعبینانە نییە، بەو مانایەش نییە کە جڵەوو پێشی سەرمایەداری ئاوەڵا بکرێ و بە شێوەیەکی رەها ئازاد بێ و سنوورێکی بۆ نەبێ. سەرمایەداری ئەگەر پێشی کراوە بێ تا دەتوانێ دەچەوسێنێتەوەو تا بۆی بلوێ لە چاوچنۆکی و کۆکۆدنەوەی سەروەت و سامان ناوەستێ و سنووری بێ عەداڵەتی دەگەیەنێتە ئەوپەڕی خۆی. سەرمایەداری هیچ کات پەرۆشی ئەوەی نییە کە خەڵک لە برسان دەمرێ، بێ سەرپەنایە و بەگشتی لە ئیمکانات و نیعمەتە ماددییەکان بێبەشە. (لە هێندێک کردەوەی سەمبوڵیکی چەند سەرمایەدار دەگەڕێین بۆ ژمارەیەک کاری خێرخوازانە).

کەوابوو ئێمە لەگەڵ ئەو هەوسارپچڕاویەی سەرمایەداریدا نین و پێمان وایە دەبێ دەسەڵاتی سیاسی و دیموکراتیکی خەڵک سنوورێکی بۆ دابنێ، ئەم سنوورە بۆ چ مەبەستێک؟ بۆ جێگیر کردنی هاوسەنگیی رێژەیی کۆمەڵایەتی

و پاراستنی دەسکەوتە کۆمەڵایەتی و دیمۆکراتیکەکان و دەبێ بۆ وەدی هاتنی ئەم پرۆژەیە سەندیکاکان، یەکیەتییە کرێکارییەکان و دامەزراوە جۆراوجۆرە مەدەنی و کولتوورییەکان هەرچی زۆرتر رێکبخرێن.

ئەمە راستییەکی روون و مێژووییە کە ئەو دەسکەوتە دیمۆکراتیکانەو ئەو دیمۆکراسییە کۆمەڵایەتییەی کە لە وڵاتانی پێشکەوتووی سەرمایەداری‌دا وەدەست هاتوون و پیادە کراون، سەرمایەداری لە سەر کەشەفی زێڕین پێشکەشی نەکردوون، بەڵکوو هەمووی ئەوانەی بە سەردا سەپاوە: بوونی یاسای کاری پێشکەوتوو، بیمەی کۆمەڵایەتی، مووچەی خانەنشینی، پشووی ساڵانە، کەم کردنەوەی ساعەتی کار بۆ ٨ ساعەت، مافی مان گرتن، مافی دامەزراندنی سەندیکاو یەکیەتییە کرێکارییەکان و .. ئەگینا هیچ خاوەن کارو سەرمایەدارێک ئامادە نییە رێککەوتنی کۆمەڵایەتی لەگەڵ هێزەکانی خوارووی کۆمەڵ پێک بێنێ. بە کورتی و بە پوختی بە قەولی ئانتۆنی گیدێنز، کۆمەڵناس و داهێنەری رێگەی سێیەم:

«چیتر کەس هیچ جێگرێکی باشی لەمەڕ سیستمی سەرمایەداری لە لا نیە، ئەوەی ئێستا قسەی لە سەر دەکرێ، ئەو بەڵگانەی دەهێنرێنەوە ئەوەیە کە تا چ رادەیەک و لە چ رێگایەکەوە، دەبێ سەرمایەداری کۆنترۆڵ و رێکبخرێ».

## ج) ئابووریی پلانمەندو سێنترالیزە

ئێمە ئەگەر لە رابردوودا لەگەڵ ئەم شێوەیە لە ئابوور□ی□دا بووین، ئێستا بۆمان دەرکەوتووە کە ئەم شێوەیە لە ئابووری، ئەزموونی خۆی داوەو سەرکەوتوو نەبووە. هۆکارەکانی ئەم سەرنەکەوتنە چ بوون:

ــ لە هیچ شوێنێکی ئەم دنیایە نەبینراوە کە خێرایی کاری دەوڵەت زۆرتر بێ لەو کەسانەی کە بە دوای کاری تایبەتی خۆیانەوەن و بەرەنجامی کارەکەش زیاتر بێ.

- بوونی دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی ئابووری لە دەستی دەوڵەتدا ئاکامی ئەوە دەبێ خەڵکی کۆمەڵگە لە هەموو لایەکەوە

چاو لەدەست و دیلی دەوڵەت دەکات و بچووکترین هیوا بۆ دەس وێراگەیشتن بە دەسەلاتێکی خەڵکسالار و ئازاد ناهێڵێتەوە.

ـ لەم ئابوورییەدا بەکردەوە سەرمایەی دەرەکی بە هۆی قان و پوانی دەوڵەت رادەکات.

ـ لەم ئابوورییەدا خەڵک بە شێوەیەکی راستەوخۆ و یا ناراستەوخۆ دەبن بە خزمەتگوزاری (نانخۆری) دەوڵەت، بەستراوەیی ئابووریی خەڵک بە دەوڵەت دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەوان بە ناچار ملکەچی ئیرادەی حاکمان بن، هەر بۆیەش دەبینین کە هەموو حاکمانی دیکتاتۆرو ملهوری مێژوو مەیل و بەریانیان بە دەوڵەتی کردنی ئابووری هەیە، چونکە ئەمە دڵنیاترین رێگەیە بۆ لە نێوبردنی دەرەتانەکانی وەدیهاتنی ئازادی و دیمۆکراسی و لە یەک وتەدا جێگیرکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی.

بۆ وێنە هەر لە دەورووبەری خۆمان دەتوانین ئاماژە بەو نموونانە بکەین: تورکیە لە سەردەمی کەماڵ ئاتاتۆرک، (١٩٢٣ـ ١٩٣٨ی زایینی).

ئێران چ لە سەردەمی بنەماڵەی پەهلەوی (١٩٢٥ـ ١٩٧٩ی زایینی) و چ لە سەردەمی کۆماری ئیسلامی (١٩٧٩ـ ...) میسر لە سەردەمی عەبدولناسر (١٩٥٤ـ ١٩٧٠) عێراق لە سەردەمی بەعس (١٩٦٨ـ ٢٠٠٣، سەلماندوویانە کە دەوڵەت یا گرووپی دەسرۆیشتووی ناو دەوڵەت و یان بنەماڵە چەند بە خەستی کۆنترۆڵی بازار بکەن ئەوەندەش کەمترین بڕی ئازادی و دیمۆکراسی بە کۆمەڵ دەبەخشن.

ـ ئەزموون نیشانی داوە کە ئەو ئابوورییانەی لە سەر ئەو بنەمایە دامەزراون، نە خۆشگوزەرانی ماددی لەگەڵ خۆیان دێنن و نە پێداویستییەکانی بەکارهێنەران دابین دەکەن و نە بواریش بە نۆار و ئافراندنی بەرهەمهێنەران دەدەن. لەوێڕا کە هەموو ئیمکاناتی بەرهەم و دابەش کردن (تولید و توزیع) ی ماددی و مەعنەوی دەخەنە ژێر کونترۆڵی ناوەندی بەرنامەرێژێکی دەوڵەتی بەهێز، بمانەوێ و نەمانەوێ بە سەرەڕۆیی هەمەلایەنە دەگات.

ـ سیستمی پلان دانان هیچ حیسابێک بۆ زەوق و سەلیقە و ئارەزووەکانی مشتەری ناکەن.

- ئابووریی بەرنامەداریێژراوی دەوڵەتی لە کردەوەدا ناکارامەیی خۆی سەلماندووە، لەم ئابوورییەدا بۆ پێکهێنانی ئازادی ئەرێنی هەوڵ دەدەرێ، بەڵام پێداویستی ئازادی نەرێنی یا ئازادی هەڵبژاردن لە بەرچاو ناگیرێ.
- لە سەر یەک بەرنامەرێژی سێنترالیزە و دەستێوەردانی دەوڵەت لە ئابووریدا بە بەستێنی پەیدا بوونی تۆتالیتاریسم و لە نێوچوونی ئازادیی تاک دەزانرێ و ئیمکانی دامەزراندنی دیمۆکراسی بوونی نیە.
- لەم سیستمەدا بەڕێوەبەرانی وڵات نە تەنیا ئامرازەکانی دەسەڵاتی سیاسی بەڵکوو هەموو ئیمکاناتییان لە بەر دەست دایەو ئەوەش باشترین هەلومەرج بۆ بێعەداڵەتی دەڕەخسێنێ. کەوابوو بە لەبەرچاو گرتنی ئەو فاکتانەیە ئێمە ئابووریی پلانمەند و سێنترالیزە لە لایەن دەوڵەتەوە ڕەتدەکەینەوە و پێڕەوی لە سیستمی بازاڕی ئازاد دەکەین.
١. پێڕەوی لە سیستمی ئابووریی بازاڕی ئازاد
- ڕکەبەرایەتیی ئازاد دەبیتە هۆی چوونەسەری کارامەیی، بازار پەرە بە کارامەیی دەدا و وەڵامی ویست و داخوازەکانی مشتەری دەداتەوە و سەربەستیی ئیختیار و ئازادیی سیاسی دەپارێزێ.
- دەبێتە هۆی کەم کردنەوەی تێچووی بەرهەمهێنان.
- دەبێتە هۆی پەیدا بوونی کەلوپەلی نوێ.
- ئەوە شتێکی روون و سەلمێندراوە کە دەبێ لەپێشدا لە نێوخۆی کۆمەڵگەدا سەروەت و سامانێک بەرهەم بێ، تا بۆ دابەش کردنی عادڵانەی هەوڵ بدرێ. ئەگەر هەوڵ و تەقالا بۆ دابەش کردنی وەک یەک و دامەزراندنی یەکسانیی ئابووری بە جۆرێک بێ کە ئەسڵی بەرهەم هێنانی سەروەت لە نێو ببا، دەبێ تەسلیمی دابەش کردنی هەژاریی بە کۆمەڵ بین، کە تەنانەت ئەوەش واتە ئەو دابەش کردنە وەک یەکەش بوونی نابێ هەر وەک لە سیستمی سوسیالیستی پێشوودا دیتمان ژمارەیەک دەوڵەمەندتر دەبن.
بەڵام سەرنج بدەین کە دەڵێین پێڕەوی لە سیستمی ئابووریی بازاڕی ئازاد دەکەین لە هەمان کات دا جەخت لەسەر ئەوە دەکەین کە ئەو سیستمە دەبێ لە لایەن دەسەڵاتی سیاسی و دێموکڕاتیکی خەڵکەوە چاوەدێری بکرێ، بۆ؟

سەرەتا لێمان تێک نەچێ ئێمە پێمان وایە دەوڵەت خاوەنایەتی نییە، سەروەری (حاکمیەتی) هەیە. کاری دەوڵەت بەرهەمهێنان نییە. چون بۆ بەرهەمهێنان پێویستی بە سەربەخۆیی بەرهەمهێنەران و کێبەرکێ لە نێوانیاندا هەیە. لە هەر کوێ دەوڵەت بە نیاز بێ وەک بەرپرسی بەرهەم دەربکەوێ، پەرەستاندن راوەستاوە، بەڵام دەوڵەت ئەرکی دیاری کردنی رێوشوێنی گونجاو و کۆنترۆڵ کردنیانی لە ئەستۆیە.

ئابووریی ئازاد بە مانای لاچوون و وەلانانی چاوەدێری یا کۆنترۆڵی دەوڵەت نییە، ئەوەی کە نامێنێ هەڵاواردن لە بەڕێوەبردنی یاساکان و دابەش کردنی ئیمکاناتە، مەبەست ئەوەیە کە لەو چاوەدێرییەوە کە هەموو ئاسانکارییەکان، پشتگری و پشتیوانیکردنەکان دەبێ بۆ هەموو لایەک وەک یەک بێ. ئەگەر بەشی تایبەتی پشتگری لێنەکرێ ئابووری برەو ناستێنێ.

لەم سیستمەدا واتە ئابووریی بازاڕی ئازادی چاوەدێریکراو لە لایەن دەوڵەت و ئۆرگانەکانی هەڵبژێردراوی خەڵکەوە، دەوڵەت نەخش و دەوری دەبێ، بەڵام ئەو دەور و نەخشە سنووردارو کەمترەو ئەوە تەنیا کەلوپەلی گشتی دەگرێتەوە. بەڵام لە سیستمی ئابووری دەوڵەتیدا، دەوڵەت سەرەڕای بەڕێوەبردنی کەلوپەلی گشتی، بەڕێوەبردن و حاکمییەتی خۆی بۆ کەلوپەلی تایبەتیش پەرە پێدەدا.

پشتیوانی لە بەرهەمهێنانی نێوخۆیی لە بەرانبەر بەرهەمی دەرەکیدا (ئەمریکا کە خۆی نموونەی ئابووریی بازاری ئازادە، بۆ داکۆکی لە کەلوپەلی نێوخۆیی، یاساو رێسای بۆ ئەو کەلوپەلانە داناوە کە لە دەرەوە دێن).

بازاڕ دەتوانێ زانیاری سەبارەت بە گۆڕان و رەوشی ئابووری بخاتە بەر دەست. بەڵام ناتوانێ بەتەواوی دەرفەتی کار «اشتغال» پێک بێنی و ناشتوانێ دابەش کرنی دادپەروەرانە بکا یان ژینگە بپارێزێ.

پیسکردنی ژینگە و مەترسییەکانی: تەنیا ئەوە دەوڵەتە دەتوانێ بە دەستێوەردان یا قەدەغە کردن یا فشار خستنە سەر بازرگانەکان ناچار بکا بەرانبەر بە وێران بوونی ژینگە پارە بدەن، چون خۆیان هۆکار و بەرپرسی وێران بوونن.

هێندێک شتی دیکە هەن کە ئابووریناسان ناوی لێ دەنێن «کاڵاگشتییەکان» کە لە لایەن بازاڕەوە دابین ناکرێن وەک کارەبا، چاوەدێریی تەندروستی، گوازتنەوەو پەروەردەو ناکرێ خەڵکی لە قازانجی کاڵاگشتییەکان بێبەش بکەی.
ئەگەر بازاڕ هەروا بەری ئاوەڵا بکرێ، نایەکسانی قووڵی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە. ئەگینا کەم کەس هەیە گومان لەوەی بکا کە میکانیزمی بازاڕ زۆر پڕبەرهەمتر و کارامەترە بۆ پێکهێنانی سەروەت و سامان.
بەڵام هەمووی ئەمانە بەو مانایە نیە کە ئێمە بازاڕ بە بایەخێک لە قەڵەم بدەین، لێرەڤا مەبەست بایەخی مەعنەوی ئینسانییە. بازاڕ ئامرازێکی کاریگەرو بەنرخە، بەڵام لە ئامرازێک زیاتر نییە کە دەبێ رێک بخرێ و لە خزمەت کۆمەڵ دا بمێنێتەوە، بازاڕ بۆ خۆی ناتوانی رێبازو بەرنامەو پڕۆژە دابنێ، ئێمە باوەڕمان بە خوڕافەی دەستی نادیاری بازاڕ نییە کە پێیوایە هاوسەنگیی ئابووری پێک دێنی. ئەزموونی کومونیستی دەریخست کە ناکرێ هیچ شتێکی تر جێنشینی هاندەری بەرهەم لەسەر بنەمای قازانجی شەخسی بێ، ئەو هاندەرە دەبێ کۆنتڕۆڵ و بەربەست بکرێ بەڵام وەلانانی لە راستیدا بە مانای فەلەج کردنی هەموو کۆمەڵگایە.

## د) سوسیالیزم وەك سیستمێکی ئابووری ــ کۆمەڵایەتی

ئێمە روانیمان بۆ سوسیالیزم نە وەک سیستمێکی بەرهەم هێنانەو نە وەک سیستمێکی ئایدۆلۆژیی یە. کێشەی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی کە تەوەرو مەبەستی سوسیالیزمی دێموکراتیکە، وەک یەکێک لە پرسە ئەخلاقییەکان باس دەکەین، نەک وەک یەکێک لە پرسە ئابوورییەکان و نە وەک پێویستییەک کە لە بنەماکانی ماتریالیسمی مێژوویییەوە سەرچاوە بگرێ.
ئێستا بەو بەرچاوڕوونییەوە دەتوانین بڵێین کە ئەم پێناسە نوێیە لە سوسیالیزمی دیمۆکراتیک، تێکەڵاوییەک و ئاوێتەیەکە لە بەهاو بایەخەکانی لیبراڵی و سوسیالیستی. نموونەی ئەم مودێلەش لە دەورەی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی لە نێوان ئەم دوو روانگەیەدا پێکهات، کە چەشنێک

سازان بوو کە لە سەر بنەمای تیۆری ئابووریی «جان مینارد کینز» پێکهات کە لە «دەوڵەتی خۆشگوزەران»دا دەرکەوت و بە سەردەمی زێڕینی سەرمایەداری ناوبانگی دەرکرد، دەرکەوت کە تێیدا پشکووتنی ئابووری بازاڕ، دیموکراسی و خۆشبژیوی زۆر سەرکەوتوو بوو، هەڵبەت ئێستا ئەو مودێلەش بەرەوڕووی زۆر دیاردەی تازە بۆتەوەو تووشی ململانێ هاتووو و بەرەوڕووی پرسیار کراوەتەوە، وەک بە جیهانی بوون، نیولیبرالیزم، ژینگەپارێزی و سەرمایەداری پاش سەنعەتی. ڕێگای سێهەمی ئانتونی گیدێنز ئاڵتێرناتیڤێکە بۆ ئەم هەلومەرجە نوێیە».

ئەم نەریتە واتە تێکەڵ کردنی بایەخەکانی پۆزەتیڤی سوسیالیزم و لیبرالیزم شتێکی نوێ نییە و ئەو مەسەلەیە لە سەدەی نۆزدەیەم بە «جان ستوارت میل» دەستی پێکردو لە سەدەی ٢٠ دا بە هۆی کەسانێک وەک «بێرتراند راسێل»و «کارلۆرۆسلی» درێژەی پێدراوەو لەم سێ دەیەی دوایەشدا کەسانێکی وەک «جان رالز»و «مەک فێرسۆن»و هی تر هەوڵیان بۆ داوە. دیارە تێکەل کردنی بایەخەکانی لیبرالیزم و سوسیالیزم کارێکی زۆر دژوارە، چون لیبراڵیزم لە تاک و سوسیالیزم لە کۆمەڵەوە دەست پێدەکا، «هەڵبەت لیبراڵیزم لە مانای سیاسی دا». بیرمەندانی لیبرال پێیان وایە مرۆڤ تەنیاو خۆخوازەو ناکۆمەڵایەتی، بەڵام سوسیالیزم پێی وایە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە.

## ئێستا تیشك دەخەینە سەر گرینگترینی ئەو بایەخانە:

### ١. ئازادی

ئێمە لە بایەخەکانی پۆزەتیڤی لیبراڵی بۆ دابین کردنی یاساگەلێک بۆ ماف و ئازادییەکانی تاک، داکۆکی دەکەین و لە ئازادییەکانی نێگەتیڤ کە دەور و نەخشی هەرە پێویست و تەواوکەری ئازادییەکانی پۆزەتیڤن داکۆکی دەکەین و پێمان وانییە کە ئازادیی پۆزەتیڤ و ئازادیی نگەتیڤ بەستراوەیی دوو لایەنەیان نییە و پێمان وایە ئازادی تاک لێرە دەبێ ئەو

چوارچێوە کۆمەڵایەتییانە لە بەرچاو بگرێ کە تێیدا کار دەکات، چون تاک لە نێو کۆمەڵدا دەژی و ناتوانێ دووڕگەیەکی سەربەخۆ و بێنیاز بێ.

هەروەها پێمان وایە بەبێ ئازادی، عەدالەتی کۆمەڵایەتی کە جەوهەری سوسیالیزمی دیمۆکراتیکە و ئامانجی ئێمەیە، دابین ناکرێ چون تەنیا لە سێبەری ئازادی دایە کە بە ڕێکخستنی جەماوەر، چ لە شکڵی سەندیکا و یەکیەتیی کرێکاران و چ لە شکڵی دامەزراوە جۆرواجۆرە مەدەنی و کولتوورییەکان دایە کە دەسکەوتە کۆمەڵایەتی و دیمۆکراتیکەکان لە هێرشی ڕاستی نوێ و کۆنسێرڤاتیڤەکان دەپارێزرێن.

## ٢. دێمۆکڕاسی

ئەوە ڕاستە کە هەم جووڵانەوەی لیبڕاڵ و هەم جووڵانەوەی سوسیالیستی ئاڕمانی دیمۆکراسییان پەسند کردوە و ئەمەش خۆی لە حکوومەتی لیبراڵ دیمۆکرات و سوسیال دیمۆکرات دا دۆزیوەتەوە، بەڵام ئەوەی ڕاست بێ لیبراڵیزم خۆی لە ئاست دیمۆکراسیی کۆمەڵایەتی گێل دەکاو چەپی رادیکاڵیش لە ئاست دیمۆکراسی سیاسی (مافی تاک). ئێمە دیمۆکراسی تەنیا لە دابین کردنی نان و خانوو و لەشساغی و فێرکردن و ئاوو بەرق دا نابینین واتە دیمۆکراسیی کۆمەڵایەتی و ئەگەر ئەرکی دیمۆکراسی ئەوە بێ، ئەوە دووپات بوونەوەی ئەزموونی سوسیالیزمی ئارایی (مەوجوود) ە و ئەگەریش بە مانای مافی دەنگدانی هەمووانەو لە ئاکامدا ئامرازێکە بۆ دەربڕینی ئازادانەی ئیرادەی هەر تاکێک ئەوە سەقەت و نەقوستانە. کەوابوو دەبێ هەر دووی ئەو دیمۆکراسییانە لە بەرچاو بگیرێن، دەنا دیمۆکراسییەکی سەقەت دەبێ. ئێمە پێمان وایە مافی مەدەنی سەدەی ١٨ و سیاسیی سەدەی ١٩ و کۆمەڵایەتیی سەدەی ٢٠ تەواوکەری یەکترن.

## ٣. یەکسانی

یەکێک لەو بایەخانەی کە ئێمە لە سەری پێداگرین و بە بەهایەکی سوسیالیستی دەژمێردرێ یەکسانییەو ئێمە لە پێناسەی یەکسانی دا لەگەڵ لیبراڵەکان جیاوازییمان هەیە. یەکسانی لە روانگەی ئێمەوە وەک لیبراڵەکان دەخوازن هەر ئەوە نیە کە هەمووومان تەنیا لە بەرانبەر یاسادا وەک یەک بین. یەکسانی واتە شانسی وەک یەک بۆ بەشداریی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاسایشی کۆمەڵایەتی و هەلی وەک یەک بۆ بەشداری و کێبڕکێ، ئیدی ئەوە خەڵک چۆن کەڵک لەو هەل و شانسە وەردەگرێ پێوەندیی بە خۆیانەوە هەیە. یەکسانی شانسی ژیانی وەک یەک بەو مانایە نییە کە هەموو کەس دەبێ هەموو شتێکیان بە یەک رادە هەبێ، بە مانای یەک شکڵ بوون نییە، بەڵکوو بە مانای مەیدانی پەرەپێدانی داخوازو بەهرەکانی تاکە. لەوانەیە یەکسانی دابەش کردن لە رووی ئایدیۆلۆژی و ئەخلاقەوەو سەرنج راکێش بێ، بەڵام کارێکی ئەوتۆ ناکا بۆ برەو پێدان بە بەرژەوەندیی ئابووری.

## بەشی سێیەم

## سنووربەندییەکانی خوێندنەوەی نوێی سوسیالیزمی دێمۆکراتیك

ئەگەر سوسیالیزمی دیمۆکراتیک بە پێناسەی کورتە باس، لە (١٩٨٣ی زایینی) ڕێگەی سێیەم بوو لە نێوان سوسیال دیمۆکراسی و کۆمۆنیزم (سوسیالیزمی مەوجوود) واتە سنووربەندی هەم لەگەڵ سوسیال دێمۆکراسی هەبوو و هەم لەگەڵ سوسیالیزمی مەوجوودو هەوڵێک بوو بۆ دابین کردنی سوسیالیزمێکی واقیعیی تێکەڵ بە دێمۆکراسییەکی حەقیقی. ئێمە لەم خوێندنەوەیە نوێیەدا لە نێوان سوسیالیزمی دیمۆکراتیک لە لایەک و نیولیبراڵیزم و چەپی رادیکاڵ لە لایەکی دیکە سنووربەندی دەکەین.

## ئەلف) نیولیبرڕاڵیزم

ئێمە سیاسەتی نیولیبراڵیزم رەت دەکەینەوە: نیولیبراڵیزم کۆمەڵێک روانگە و بۆچوونی رۆژئاوایی‌یە لە بیرکردنەوەی سیاسی و ئابووری کە لە بنەڕەت دا دژکردەوەیە لە ئاست دروست بوون و چێ بوونی قەوارەی دەوڵەتی خۆشگوزەران. ئەو دەوڵەتەی کە بەدوای قەیرانی گەورەی ئابووری (١٩٢٩_ ١٩٣٣ی زایینی) و بە تایبەتی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی لە سەر بنەمای بۆچوونەکانی ئابووریناس «جان مینارد کینز» پێک هات. (سەیر ئەوەیە کە چەپی رادیکاڵیش رەخنە لە دەوڵەتی خۆشگوزەران دەگرێ چۆن پێی وایە بە سیاسەتەکانی کۆمەڵایەتی دەوڵەتی خۆشگوزەران ئاشتیی چینایەتی پێک دێ و تیۆری شەڕی چینایەتی ئەو سەرناگرێ). لیبرالیزمی نوێ لە سەر ئەم خاڵانە پێدادەگرێ:

- چوارچێوەو سنووری چالاکیی دەوڵەت تا ئەو جێگەیەی

دەلوێ کەم بکرێتەوە و یاساکانی بازاڕ بێدەستێوەردانی دەوڵەت لە هەموو بوارەکانی ژیان و ژیانی کۆمەڵایەتی باڵادەست بن.
- دەوڵەت شەیتانێکی پێویست و لازمە کە تەنیا ئەرکی پشتگری لە تاکەکان و سەروەت و سامانی هاووڵاتیانە. هەروەها، پێشگیری لە دزی و ساختەکاری دەکات و گەرەنتی بەڕێوەچوونی رێکەوتنەکان دەکاو ئەگەر بە رادەی سەری نووکە دەرزییەک لەوەی بترازێ ئەوە مافی خەڵکی سەربەستی پێشێل کردووە.
ـ لە هەمووان گرینگتر هێرش کردنە سەر دەسکەوتەکانی دەوڵەتی خۆشگوزەرانە، بە بیانووی ئەوەی برەو بە تەمبەڵی دەداو پشت بە خۆ نەبەستن دروست دەکات.
- هێرشی هەوسارپچڕاو بۆ تایبەتیترین لایەنەکانی ژیانی مرۆڤ، ئەمە بێجگە لەوەی کە دەخوازن تەنانەت پۆلیس، دەزگەی قەزایی و بەرگریی نیشتمانی (دفاع ملی)یش بە تایبەتی بکرێن و تەنانەت سیستمی قوتابخانەو پەروەردەو فێرکردن، تایبەتی بێ و نابێ خوێندن ئیجباری بێ، چونکە پێچەوانەی ئازادیی سروشتی مرۆڤە.
ـ ماڵیات دەبێ تەنیا بۆ دابین کردنی نەزم و ئاسایش بێ، نە بۆ خزمەتە کۆمەڵایەتی و خۆشبژیوی(رفاهی)یەکان و نابێ دەوڵەت هێندێک مەجبوور بکا بە هێندێکی دیکە یارمەتی بدەن.

## ب) هەڵوێست بەرانبەر بە نیولیبراڵیزم

ئێمە لەگەڵ ئەم روانگە و هەڵوێستەی لیبراڵیزمی نوێ نین و پێمان وایە:
-دەوڵەتی خۆشگوزەران یەکێک لە گەورەترین دەسکەوتەکانی مرۆڤایەتییەو دەوڵەت نابێ تەنیا پارێزەری سەروەت و سامانی هاووڵاتیان بێ.
- دەوڵەتی خۆشگوزەران میکانیزمێکە بۆ دابەش کردنەوەی سامان لە دەوڵەمەندەوە بۆ هەژار.
- دەوڵەتی خۆشگوزەران نە ئامانجی یەکسانیی

رەهـــای کـۆمـەڵایـەتـییـە و نـە دەتـوانـێ ئـەمـەش ئـەنـجـام بـدا.
- دەوڵـەتـی خـۆشـگـوزەران بـۆ کـەم کـردنـەوەی نایەکسانی هـەوڵ دەدات، زۆر جار خەڵک بە هۆی جیاوازی وەک: نەخۆشی، بێکاری، پیری و ... ناتوانن ژیانی خۆیان دابین بکەن، دەبێ ئەمانە ئاسایشیان دابـیـن بـکـرێ. چـۆن نـاکـرێ بـە بـێ دەسـتـێـوەردانـی دامـەزراویـەکـی نـاوەنـدی، نایەکسانیی کـۆمـەڵایـەتـی و ئـابـووری کـەم بکرێتەوە.
- دەوڵەتی خۆشگوزەران هەوڵ دەدا لانیکەمی هەلومەرجێکی باشتر بۆ چینە بێبەشەکان دابین بکرێ تاکوو بتوانن لانیکەم لە ژیانێکی شیاو بەهرەمەند بن. بۆیە ئێمە پێمان وایە ئـەوەی لە بەرانبەر ئەم بەرپرسیارەتییە کۆمەڵایەتییەدا دەروەستە، دەوڵەتە. دەبێ یەکێک لە بەرانبەر بەرپرسارێتیی کۆمەڵایەتی بەرپرسیار بێ، ئەویش کەس نیە بێجگە لە دەوڵـەت کە مافی کۆمەڵایەتی هاووڵاتییان دابین بکا.
ئـەوە راستە کە لیبراڵیزمی ئـابـووری باڵادەستی تـەواوی هەیە و کارامەترە بە سەر ئابووری دەوڵەتی و بەرنامەرێژی لە چەشنی یەکیەتی سۆڤییەتی پێشوو، بەڵام ئەو قازانج و سـوودەی لیبراڵیزمی ئابووری بە شێوەی نابەرانبەر بە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە دەگات، کەوابوو دەبێ ئەو داهاتە سەر لە نوێ دابەش بێتەوە، بە مەبەستی کەم کردنەوەی مەودای نێوان چینەکان و ئەمەش لە ئەستۆی کێیەو کێ بە ئەنجامی دەگەیەنێ، کام دامەزراوە دەبێ بڕیاردەرانە و بەدەسەڵاتەوە ئەنجامی بدات؟ ئەوە دەوڵەتە، ئەم سەر لە نوێ دابەش کردنە، نە دەبێ بە شێوەی یەکسان و نە هەمووی بڕواتە گیرفانی چەند کەسێکەوە.

## ج) چەپی رادیکاڵ

هاوکات لەگەڵ ئەو سنووركێشانە لەگەڵ لیبراڵیزمی نوێ، ئێمە لەگەڵ چەپی رادیکاڵیش سنووربەندی دەکەین.

١ـ ئێمە لەگەڵ خۆگێل کردنی چەپی کۆن یان رادیکاڵ لە بەرانبەر مافی تاک دا نین (ئازادییە مەنفییەکان).

٢ـ چەپی رادیکاڵ لە سەر یەکسانیی رەها پێدادەگرێ و ئەوە هیچکات نایەتەدی، مەگەر کەرتی تایبەتی لە ناو بچێ و ئابووری پلانمەندو دەوڵەتیی بەڕێوە بچێ و ئەوەش یەکسانە لەگەڵ ماڵئاوایی لە ئازادی و دێمۆکراسی و ئابوورییەکی گەشەکردوو.

٣ـ ئێمە لەگەڵ سیستمی بەڕێوەبەرێتی (مودیرییەت) و کارگێڕی چەپی رادیکاڵ نین کە تێیدا تاقمێکی پێشڕەو و بژاردە لە جێی خەڵک بیر دەکەنەوە، چون پێیان وایە ئەگەر ئەو ئاڤانگاردەیە کە لە راستییەکان تێدەگات، هەر بۆیە بێ پرسی خەڵک کە چۆن بیر دەکەنەوە، بڕیار دەدەن، و بە ناوی خەڵک دەستپێشخەری پرۆسەی ئاڵوگۆڕەکان دەبن.

# دوایین وتە!

لە کۆتاییدا پێویستە جەخت لەسەر ئەو خاڵە بکەینەوە کە سوسیالیزمی دیمۆکراتیک دەبێ وەڵامـدەری هەلومەرجی وڵاتەکەمان بێ و پێش هەموو شتێک لەگەڵ بەرژەوندیی نەتەوەییمان بگونجێ. ئێمە دەتوانین لە زۆر بەرنامە و پرۆگرامی ئەو وڵاتانەی سوسیالیزمی دیمۆکراتیکیان پێڕەو کردوە کەڵک وەرگرین، هەڵبەت لە تەواوەتی خۆیدا، بەڵام نابێ هیچکات تایبەتمەندییەکانی وڵاتی خۆمان لە بیر بکەین کە لە زۆر لایەنی ئابووری، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و مێژوویی جیاوازی لە گەڵ وڵاتانی دیکە هەیە. بـەرەی چـەپ لە ئـورووپا ئەمڕۆ کێشـەی سیکۆلاریزمی نیە، کێشـەی پاشماوەکانی نیزامی فیئۆدالی و عەشیرەتی کێشـەی دێمۆکڕاسی نییە، بەڵام ئەمانە هەموو کێشـەی جیددین بۆ بەرەی چەپ لە وڵاتەکەماندا. سەرمایەداریی ئەمریکا لەگەڵ سەرمایەداریی ئورووپا جیاوازیی هەیەو سەرمایەداریی ژاپۆن لە تەک هەردووکیان. هەر وەک سیستمی دەوڵەتی خۆشگوزەران لە نێو وڵاتانی ئورووپایی جیاوازە.

خوێندنەوەی نوێی ئێمە لە سوسیالیزمی دێموکراتیک دەقێکی پیرۆز نیە، کە رەخنەهەڵنەگر بێ، نەگۆڕ نییە، ئەمە رێککەوتنێکی کۆمەڵایەتیە بە مەبەستی دابین کردنی هاوسەنگیی رێژەیی لە نێو کۆمەڵدا. ئەو رێککەوتنە بە دەستی مرۆڤ ئەنجام دەدرێ کەوابوو قابیلی گۆڕانە. رازی مانەوەی رێبازی سوسیال دیمۆکراسی لە چیدایە؟ خۆگونجاندن لەگەڵ هەلومەرجی نوێ. ئەگەر بەرنامەی حیزبی سوسیال دیمۆکراتی ئاڵمان (SPD)وەک کۆنترین حیزبی سوسیال دیمۆکرات لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم لەگەڵ بەرنامەی ئەم حیزبە لە کۆتایی سەدەی بیستەم پێکبگرین، دەبینین مەودای جیاوازیان چەندەیە، ئەو کاتەیە رازی ئەو مانەوەیەمان بۆ دەردەکەوێ.


ئامانجی ئێمە ئەوەیە کە هەوڵ بدەین و خەبات بکەین بۆ ئەوەی ئەو

کۆمەڵگەیەی تێیدا دەژین لە چاو دۆخی ئارایی یەکسانتر بێ. ئێمە لەو خوێندنەوە نوێیەدا دەستمان هەڵگرت  لە هێندێک خەون و ئارەزوو، هەر چەندە مرۆڤدۆستانە، دادپەروەرانە  و جوان دەهاتنە بەرچاو، بەڵام فکری ئەوەی کە ژیانی مرۆڤ ئاسوودەترو یەکسانتر بێ هەمیشە وەک ئەستێرەیەکی قوتبی رێنوێنمانە. کاتێک یەکسانی و بەرابەری ئابووریی سەقامگیر نابێ و تا ئێستاش رێگەیەک بۆ بەرقەرار بوونی ئەو یەکسانیە پەیدا نەبووە، لانیکەم دەتوانین هەلومەرجێکی باشتر بۆ چینە بێبەشەکان دابین بکەین کە تێیدا لە ژیانێکی قابیلی قبووڵ بەهرەمەند بن.
ئەوەش دەزانین کە بە لە بەر چاو گرتنی واقعییەتی جیاوازییەکانی نێوان مرۆڤەکان و بەرژەوەندی تایبەتیان هیچ سیستمێکی یەکدەست کە بۆ هەمووان ئەیدەئاڵ و دڵخواز بێ بەدی ناکرێ.

## لیستی سەرچاوەکان:

١- کریستیان دلاکامپانی، فلسفه سیاست در جهان معاصر، ترجمه: بزرگ نادرزاده، چاپ اول، تهران، ١٣٨٢
٢- در این زمانه پر آشوب (ملاحظاتی درباره سیاست بین الملل)، گفتگو با برونوکراسیکی، ترجمه: دکتر حسن دولو، چاپ اول، تهران ١٣٦٥
٣- ریچارد ساکوا. پساکهونیسم، ترجمه: محسن حکیمی، چاپ اول، تهران، ١٣٥٨
٤-سون اریک لیدمن، سبکی فکر، سنگینی واقعیت، ترجمه: سعید مودم، چاپ اول، تهران ١٣٨٤
٥- ترنس بال و ریچارد داگر، ایدئولوژیهای سیاسی و ایدەال دمکراتیک، ترجمه،: دکتر رویا کیوانشکوهی، تهران، چاپ اول ١٣٨٤
٦- دیویدهاروی، نئولیبرالیسم، ترجمه: دکتر محمود عبداللهزاده، تهران چاپ اول ١٣٨٦
٧-حسین بشیریه، آموزش دانش سیاسی (مبانی علم سیاست نظری) چاپ اول، تهران، ١٣٨٠
٨- حسین بشیریه، تاریخ اندیشەهای سیاسی در قرن بیستم (اندیشەهای مارکسیستی) چاپ دوم، تهران، ١٣٧٨
٩- داریوش آشوری، دانشنامەی سیاسی (فرهنگ اصلاحات و مکتبهای سیاسی) چاپ سیزدهم، تهران ١٣٨٥
١٠- حسن علیزاده، فرهنگ خاص علوم سیاسی، چاپ اول، تهران ١٣٧٧
١١- ڤولگانگ لیۆنارد، کۆمۆنیزمی ئەورووپایی (راستبوونەوەیەک بە رووی خۆرهەڵات و خۆرئاوادا) وەرگێڕانی: کوردۆ عەلی، بەرگی یەکەم، سلێمانی، ٢٠٠٤
١٢- ئاندرۆ هیوود، تیۆری سیاسی، وەرگێڕانی............ چاپی یەکەم، هەولێر، ٢٠٠٣
١٣- ئینگڤارکارلسۆن و ئان- ماری لیندگرێن ، سوسیال دێموکڕاسی چیە؟ ، وەرگێڕانی: کەماڵ حەسەن پور، لینگشوپینگ، ٢٠٠٧
١٤- د. عەبدولڕەحمانی قاسملوو، کورتە باسێک لەسەر سوسیالیزم، بڵاوکراوەی کومیسیونی ح. د. ک. ا، ١٩٨٣
١٥- د. عەبدولڕەحمانی قاسملوو، شی کردنەوەی کورتە باس، بڵاوکراوەی کومیسیونی حدکا، ١٩٨٦

١٦- ئانتۆنی گیدێنز، رێگای سێهەم، بنیاتنانەوەی سوسیال دێموکڕاسی، وەرگێڕ بۆ کوردی: پێشڕەو حوسێن، چاپی یەکەم، سلێمانی ٢٠٠٢
١٧- حوسێن بەشیری، دێموکڕاسی بۆ هەمووان، وەرگێڕانی: حوسێن موحەممەدزادە، هەولێر ٢٠٠٥
١٨- محمد علی همایون کاتوزیان، خاطرات سیاسی خلیل ملکی، چاپ دوم، اروپا، ١٩٨١
١٩- میشل روکار، سخنرانی در کنگره انترناسیونال سوسیالیست، «لیما» (پرو) بڵاوکراوەی کومیسیونی چاپەمەنی حدکا خرداد ١٣٦٥
٢٠- بولتن اتحاد چپ کارگری، شماره ٢، زمستان ١٣٧٨
٢١- راه کارگر، ارگان سازمان کارگران انقلابی ایران (راه کارگر) شماره ٦، خرداد ١٣٦٧
٢٢- د. عەبدولڕەحمانی قاسملوو، عەبدوڵلا حەسەن زادە، کورتە مێژووی حدکا و...، ١٣٨١
٢٣- مجله اطلاعات سیاسی- اقتصادی، شماره ٤٣ و ٤٤، سال پنجم، ١٣٧٠
٢٤- سوسیالیزمی دێموکڕاتیک، وتاری لیۆنێل ژوسپەن لە کۆنگرەی ئینترناسیۆنال سوسیالیست، نوامبری ١٩٩٩ وەرگیراو لە «تێکۆشەر» نامیلکەی نێوخۆیی حدکا، ژمارە ٦٧، ٦٨، ١٣٧٩
٢٥ – برنامەی حزب سوسیال دمکرات سوئد، ١٩٨٨



# ناردنەدەرەوەی شۆڕشی ئیسلامی

## (بەشی سێهەم)

حەسەن حاتەمی

دەستێوەردان و هەوڵدانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە دوای شەڕ خوێناوی و پڕ تێچوویی مرۆڤی و ماڵی و وێرانکاری لە عێراق درێژی کێشا. بەتایبەتی دوای هێرشی نیزامی ئەمریکا و لەسەر دەسەڵات لابردنی سەددام حوسێن و حیزبی بەعس، و ڕێگا خۆش کردن بۆ زۆربەی شیعەکانی عێراقی و حیزب و ڕێکخراوەکانیان – کە زۆربەیان سەر بە کۆماری ئیسلامی ئێران و لەنێو ئەو ڕێژیمەش دا، سەر بە بەیتی ڕێبەری خامنەیی بوون-.

ئەو دەستێوەردانە نەرێنییە – کە پێشتر لە لوبنانەوە و بە پشتیوانی سووریە دەستی پێکردبوو، کە دواتر باس دەکرێ- لە ماوەیەی ١٥ ساڵی رابردوو لە عێراق دا، دوو قۆناخی پێوا.

## قۆناخی یەکەم

دەسەڵاتی سێکۆلار- ئیسلامی سەدام و حیزبی بەعس – کە دوای هێرش بۆ کوویەت بەشی ئیسلامی لە نێو دەسەڵاتی سێکۆلاری سەرەڕۆیی حیزبی بەعس بروەی پتری پەیدا کرد و بە نووسینی «اللهاکبر» لە سەر ئاڵای عیراق- لە ١٩٩١ دا- ڕەنگەدانەوی زەق و بەرجەستەی دەرکەوتبوو، دوای ساڵی ٢٠٠٣، بەهۆی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بە مێژوو سپێردرا.

لەو چوارچێوەیەدا، کە دژایەتیی هێزەکانی ئەمریکا لە تەکریت را کرا؛ و بە هەڵوەشاندنەوەی حیزبی بەعس و هێزە نیزامییەکان لە لایەن ئەمریکا، بۆشاییەکی گەورە و بێ سەرەوبەرەیی دروست کرد. ناکۆکێی نێو دەسەڵاتی ئەمریکا لە نێوان وزارەتی بەرگری ئەمریکا (پێنتاگۆن) بە دانانی جی گارنێر- ژنراڵی تا رادەیەک شارەزا لە وەزعی نێوخۆیی عێراق- و لابرانی دوای ماوەیەکی کورت بە گوشاری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و لە جێ دانانی پۆل بریمەری دیپلۆماتی کەم شارەزا و و ڕاگەیاندنی تەواو بوونی شەڕی لە عێراق بە هۆی جورج بووشی دوویەم یا جورج بووشی کوڕ، هۆگەلێک بوون، بۆ دەستێوەردانی نەرێنی، لە ڕێگەی نیزامی و ئەمنییەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، لە عێراق لەو قۆناخە دا.

کاتێک ئەو مەترسییە پتر خۆی نیشان دا، کە چەمکی «هیلالی

شیعە» بە هۆی شا عەبدووڵڵای ئوردۆن هاتە نیو ئەدەبیات و ئاخاوتنی سیاسی. ئەو چەمکە رووی لە زیدەخوازاییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانە لە ناوچەیەکی بەربەرینی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و پەل و پۆ هاویشتنی گرووپە ئیسلامییە جۆراوجۆرە گەورە و بۆچووکەکانی ئیسلامی سیاسی دەستکردی دەسەڵاتی سەرەڕوی بەرهەم هێناوە.

لە یاسای بنچینەیی عێراق پەسندکراوی ساڵی ٢٠٠٥ دا، سیستێمێکی تا رادەیەک هاوشێوەی لوبنان – دوای دەیەی ٩٠ی زایینی - هاتە ئاراوە کە تێدایە عێراقی نوێ بە فیدراڵی راگەیاندرا.

لە پێکهاتەی حکوومەتی نوێی دوایی ئیجرایی کرانی یاسای بنچینەیی دا، بە پێی تەوافوق و هاوبەشی دامەزرا. سەرکۆمار – کە دەسەڵاتی هاوئاهەنگی و هێندێک ئەرکی کەمی نائیجرایی هەیە- دراوە بە کوردەکان و لەنێو کوردەکانیش دا، بە یەکیەتیی نیشتیمانی کوردستان. سەرۆک وەزیران – کە بەرپرسی ئیجرایی، فەرماندەری هێزە چەکدارەکانە- بە شیعەکان و سەرۆکی پارلمان بە سوننەکان درا.

کۆماری ئیسلامی ئێران – کە وەک حەوشەی پشتەوەی ماڵی خۆی دەیڕوانییە وڵاتی عێراق- لە رێگای شیعەکان و سەرۆک وەزیران- نووری مالکی- و ژمارەیەک لە وەزیر و کاربەدستەکانی خوارووتر، هەوڵی ئاژاوە نان و چەند بەراکایەتیی و پاشان تێرۆر و کوشتنی نێزامیی و کاربەدەست و ژمارەیەک لە لایەنگرانی بەعسییەکانی پێشووی دەوری گرینگی دەگێڕا. بە تایبەتی لە گوشار بۆ سەر سوننییەکان و جیابیرانی شیعەدا، پتر هەوڵی دەدا.

کۆماری ئیسلامی ئێران لەبەربەرەکانی لەگەڵ ئەمریکا دا، ئەو تێز و کردەوەیە جێ خست کە، ئەمریکا داگیرکارە و دەبێ لە عێراق دەرکەوێ. لاوازی خۆ دەرخستنی ئەمریکا بەرانبەر بە دەستێوەردانە زیدەخوازەکانی ئێران و نەخوێندنەوەی پێویستی راستییەکان لە لایەک و گۆڕانی خولی کۆماریخوازەکان بۆ دێمۆکراتەن لە هەڵبژاردنی باراک حوسێن ئۆباما لە ژانویەی ٢٠٠٩ دا، لە لایەکی دیکە، بوون بەهۆی دەست ئاواڵەیی پتری کۆماری ئیسلامی ئێران، بە تایبەتی بەشی سپای بەدەسەڵاتی قودس و دەست و پێوەندکانی لەنێو عێراق بە گشتی و کوردستانیش تا رادەیەک بەتایبەتی.

لەوبارەیەوە بەڵگە نوێیەكانی ویكی لیكس دەری دەخەن كە نەخشی ئێران لە عێراق چۆن بوە. رۆژنامەی والستریت جۆرناڵ، هاوهەنگاو لەگەڵ میدیاكانی ئەمریكایی و ئوروووپایی، هەوڵی لێكۆڵینەوەی بڵاوكراوەكانی ویكیلیكسی لە سایتەكەی دا، كردەوە و دەنووسێ: لەنێو بەڵگەكان دا، نەقشی سوپای پاسداران شۆڕشی ئیسلامی لە عێراق و هەوڵی ئەو هێزانە بۆ كاریگەری پتر لە گۆڕەپانی سیاسی، لە كاتی شەڕی ٨ ساڵە دا و دوایی شەڕی ٢٠٠٣ و رووخانی سەددام لە گۆڕەپانی ئابووری و سیاسیدا، كارتێگەری زۆر هەبوو. ئێران بە پێی هەڵكەوتەیەكەی لە رۆژانی سەرەتایی لە وەزعی نوێ كەلكی وەرگرت. (١)

لە یەكێك لە بەڵگە نهێنییەكانی باڵیوێزخانەی ئەمریكا لە بەغدا، لە ئاوریلی ٢٠٠٣ دا، هاتوە كە هێزەكانی قودس- لقی چالاكییەكانی سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی-لە كاتێك دا، كەس سەرنجی لای ئێران نەبوو، مەئموورەكانی خۆی بۆ عێراق نارد. سەرەكییترین كاری ئەو مەئموورانەی ئێرانی، تیرۆڕی خەلەبانی جێتەكانی شەڕی ٨ ساڵەی نێوان ئێران و عێراق بوو. بە پێی بەڵگەیەك – كە لە دیسامبری ٢٠٠٩ دا- رادەی ١٨٠ خەلەبان لە ساڵی ٢٠٠٨ كوژران.

بەپێی ئەو بەڵگانە روون دەبێتەوە كە، ئامانجەكانی ئێران بە پێی كات بەربڵاوتر بوون و هەوڵی بەستراویی كردنی ئابووری عێراق بە ئێران و هەروەها كارتێكەری سیاسی تاران بۆ لای بەغدا پتر دەبێ. هەروەها باسی قاسم سولەیمانی- وەك فەرماندەری سپای قودس- و كەسێكی زۆر دەست رۆیشتوو لە بەڕێوەبردنی گەڵاڵە و عەمەلیاتەكانی كۆماری ئیسلامی ئێران لە عێراق ناوی براوە. هەروەها ناوبراو، بەپێی واستریت جۆرناڵ، جگە لە ئامووزش و راهینانی چەك و چۆڵ بە شەڕكەرانی شیعە، چاوەدێری بەسەر یارمەتی ئابووری بە عێراقییەكان، كردوە. سولەیمانی هەروەها، وەك: چاوەدێر بەسەر كاروباری نۆژەنكردنەوەی شوێنە مەزهەبییەكانی شیعە لە عێراق دانرابوو.

لە بەڵگەیەكی دیكەی دەفتەری ئەمریكایی لە دۆبەی لە ئۆكتۆبری ٢٠٠٨ دا، نووسراوە: مەئموورانی هێزی قودسی سپای پاسداران، لەژێر هێزەكانی «مانگی سوور» یا (هلال احمر) دا، هاتنە نێو عێراق. ئەو هێزانە بەدروست كردنی دەرمانگە لە شارەكانی پتر شیعەنشین، وەك: بەسرە، كەربەلا، نەجەف،

خەریک بوون لە دەرمان و دەرمانگە، بۆ شاردنەوەی چەک کەلکیان وەردەگرت. *
لە بەشێک لەو بەڵگانەدا، لە حەسەنی کازمی قومی- بالیۆێزی پێشووی ئێران لە عێراق- وەک: یەکێک لە نزیکانی هێزی قودسی سپا ناوی دەبرێ.
بۆ پتر تیشک خستنە سەر کارتێکەری ئێران لە عێراقی دوای سەددام، ئاماژە بە جێگە و پێگەی ئایەتوڵڵا سیستانی- یەکێک لە مەراجعی بەرزی نەجەف- کراوە کە، ناوبراو بۆخۆی ناونووسی لە تەلەبەکانی ئێرانی لە حەوزەی عیلمییەکان قەدەغە کردوە، هەتا پێش بە کارتێکەری سپای پاسداران بگرێ. (٢)
کاتێک ڕێژیمەکانی سەرەڕۆی تالیبان لە ئەفغانستان و بەعس لە عێراق لە لایەن ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی ڕووخێندران، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران هەم نەرم نوێن بوو، هەم هاوکار. بەڵام دوای جێگیرکردنی هێزێکی زۆری ئەمریکایی لە ناوچەکە و لە دانانی ئێران لە «محوری شرارت» لە لایەن جورج بووشی دوویەم (کوڕ)، دەسەڵاتداران لە ئێران هەستیان بە مەترسی کرد، و خراپکاری و بەربەرەکانیان دەست پێکرد.
لەو پێوەندیشدا، والستریت ژۆرناڵ دەنووسێ:ساڵی ٢٠٠٨ قاسم سولەیمانی لە ڕێگای ئەحمەد چەلەبی پەیامێکی بۆ ژێنراڵ دەڤید پاتریۆس دەنێرێ و دەڵێ: سیاسەتەکانی ئێران لە شوێنەکانی وەک: عێراق، لوبنان، لێوارەکانی غەزە و ئەفغانستان لە ژێر دەسەڵاتی ئەو دایە. (٣)

## قۆناخی دووەم

ناڕەزایەتییەکانی سووریە لە ٢٠١١دا، و دەستێوەردانی نەرێنی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئێران لەو ناوچەکەدا، و گیرانی مووسڵ و ڕاگەیاندنی دەوڵەتی ئیسلامی عێراق و شام (داعش)، لە ساڵی ٢٠١٤ دا، دیاردەیەکی نوێ بە ناوی «حشدالشعبی» یا بەسیجی گەلی بە فتوای ئایەتووڵڵا سیستانی بەرهەم هێنا.
ئەو فتوایە هەلێکی نوێ و باش بوو بۆ کۆماری ئیسلامی ئێران، هەتا پتر لە پێشوو سپای قودس و دەزگاگەلی ژێر کۆیەکەی بە ئیمکانات و پارە و پوولێکی زۆر و هێزی نیزامی و ئەمنییەتی و بەسیجی، لایەنەکانی دەستپەروەردی خۆی لە «حشدالشعبی» دا، جی بخا. – ناو و کردەوەی ئەو هێزە بۆ گەلانی

ئێران و بە تایبەتی کوردەکان وەبیر هێنەرەوەی دروست کرانی بەسیج لە هێرش بە کوردستان، ناوچەکانی عەربستان (ئەحواز) و تورکەمەنستان ( تورکمەن سەحرا)، بەلوچستان و سەرکوت و کوشتار لەو ناوچانە بوو.-
لە پێکهاتەی حەشد دا، چەند هێز و ڕێکخراوی ڕاستەوخۆ ی سەر بەکۆماری ئیسلامی تێدابوو، کە پتر لە ٣٠ ساڵ بە ئیمکانات و ماڵی و نیزامی ئێران ئەزموونی پیلانگێری و هەوڵدان بۆ بە دەسەڵات گەیشتن بوون.
حەشد لە چەند گرووپی جۆراجۆر دروست بوو بەشی زۆریان سەربە کۆماری ئیسلامی ئێرانن. بۆ وێنە باسی چوار گرووپیان گرینگترە. سپای بەدر کە پێشتریش باسی کراوە. هێزی کەتائیبی حیزبوڵلا، ئەسائیبی ئەهلی حەق و سەرەیا خوراسانی.

## کەتایبی حیزبوڵڵا

گوردانەکانی حیزبی خودا یا گوردانەکانی حیزبوڵڵا، گرووپێکی ملیشای شیعەیە کە لە لایەن ئێران پشتیوانی لێدەکرێ. ئەو گرووۆە لە شەڕێکی کە لە عێراق و سووریە هەیە، چالاکە و لەگەڵ هێزەکانی ئەمریکایی لە ٢٠٠٣ وە بەشەڕ دێ.
ئەو گرووپە کە ڕێڕەو (مقلد) ی ئا. خومەینی و ئا. محەممەد باقری سەدرن لە ساڵی ٢٠٠٣ لە لایەن هێزەکانی قودسی سپای پاسدارانی ئێران دامەزراون. ئەو گرووپە موخالیفی ئەمریکاییەکان لە عێراقە کە دوای رووخانی سەددام و دەسەڵاتەکەی، یەکەمین عەمەلیاتیان بە دژی لە ٢٣ ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٣ بە جێگا (نیابت) ی ئێران ئەنجام دا. (٤)
لە راپۆرتی ئەمریکا سەبارەت بە تێرۆریسم لە ساڵی ٢٠١٦، کە لە لایەن وەزارەتی دەرەوەی لە ٢٠١٧ لە حەوت فەسڵ دا، بڵاوکراوەتەوە؛ لە فەسڵی شەشەمیدا، لە ژێر ناوی «ڕێکخراوەکانی تێرۆریستی خاریجی» دەنووسێ: کەتائیبی حیزبوڵڵا لە ساڵی ٢٠٠٦ دامەزرا و لە ساڵی ٢٠٠٩ وەک ڕێکخراوێکی تێرۆریستی ناوی لێنرا.
کەتائیبی حیزبوڵڵا (هێ کێ)، گرووپێکی توندڕۆی شیعەی ئیسلامییە کە روانگەی دژی رۆژئاوایی، ئیدئۆلۆژی توندڕۆیانە و شۆڕشی هەیە. پێش

پاشەکشەی هێزەکانی ئەمریکایی لە عێراق لە ساڵی ٢٠١١ دا، ئەو گرووپە هێرشی بە ئامانجەکانی عێراقی دەکرد و هەڕەشەی لە سیاسەتمەدار و نا نیزامییەکانی لایەنگری پرۆسەی سیاسی دەستپێکراو لە عێراق دەکرد. ئەو گرووپە عەمەلیاتەکانی بەکەلکوەرگرتن لە میدیا گشتییەکان بە فیلم و ڤیدئۆ بڵاو دەکردەوە. کەتائیبی حێزبوڵڵا بەستراویی ئیدئۆلۆژیکی بە ئێران هەبوو و لە لایان ئەو وڵاتەوە پشتیوانی لێ دەکرا. (٥)

بیبیلۆگرافیای کەتائیبی حیزبوڵلا بەو جۆرە نووسراوە: ئارم یا ئاڵاکەی تێکەڵاویک لە نیشانەکانی حیزبوڵلای لوبنان و سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی ئێرانە. ئیدئۆلۆژییەکەی، شیعە و ئیسلام گەرای ویلایەتی فەقیهە. رێبەرەکەی ئەبوو مێهدی موهەندیس (جمال الابراهیمی) یە. پێگەکەی، ناوەند و خوارووی عێراقە. هێزە نیزامییەکەی، ساڵی ٢٠١٠ ، دوو هەزار (٢٠٠٠) کەس و لە ساڵی ٢٠١٤دا، پتر لە ٣٠ هەزار کەسن. بەشێک لە بەسیجی خەڵکی [حشدالشعبی] عێراقن. سەرچاوەکەیان، عێراق، ئێران، سوورییە، حیزبوڵلای لوبنان، عەسائیبی ئەهلی حەق، تیپی رۆژی مەوعوود، گوردانەکانی تایبەتی عێراق. شەڕەکانی: شەڕی نێوخۆی عێراق ٢٠١٤، عەمەلیاتی سەلاحەدین، گەمارۆی ئەمەرلی، هێرش بۆ زلووعییە،بیجی ٢٠١٤ و ١٥،شەڕی دوویەم لە تکریت. (٦)

## عەسائیبی ئەهلی حەق

عەسائیبی ئەهلی حەق (الحق) یا شەبکەی خزعەلی یەکێک لە گەورەترین گرووپەکانی میلیشایی نیزامی لە عێراق و سوورییەن کە، لە چالاکییەکانی نهێنی لەو دوو وڵاتە بەشدارن. لەکاتی شەڕی عێراق - دوای ٢٠٠٣- ئەو گرووپە وەک: گەورەترین «گرووپی تایبەت»- کە ئەمریکا بەو جۆرە ناویان دابا- شەش هەزار (٦٠٠٠) هێرشیان بۆ سەر هێزەکانی ئەمریکایی و ئیئتیلاف وەئەستۆ گرتۆ. ئەو گرووپە دوای ئازاد کرانی عێراق، بە کۆکردنەوەی میلیشیاکانی شیعە، لە گوردانگەلێک بە ناوی «مجامع

خـاصـه» و بـه فـهرمـانـدیـی شـێـخ «الـقـیـس الـخـزعـلـی» دامـــهزرا.
بـه دهسـتـپـێـکـردنـی شــهڕی داعــش لـه عـێـراق لـه سـاڵـی ٢٠١٤ دا، ئـهو گـرووپـه ئاگالێبوون لـه شوێنه مهزههبییهکانی شیعه (عتبات)ی بـه ئـهرکـێـکـی خـۆی دانــابــوو. ئــهوان لـه لایــهن هـێـزی قـودسـی سـپـای ئـێـران ئیمکاناتی مـاڵـیـان دهدرێـتـێ و راهـێـنـانـیـان پـێ دهکـرێ.

## کورته مێژووی عهسایب

بـه دهسـپـێـکـردنـی داعـیـش لـه عـێـراق لـه سـاڵـی ٢٠١٤ دا، قیس ئهلخزعهلیی له ئهرتهشی مێهدی موقتهدا سهدر جیابۆوه و شبهکهیهکی سـهربـهخـۆیی بـه نـاوی خـۆی دامـــهزرانــد. کاتێکی ئـهرتـهشـی مێهدی، ئهمریکاییهکان و دهوڵـهتـی عـێـڕاق ئاگربهستێکیان ئیمزا کـرا، شـهڕی نێوانیان راوهستا. بهڵام گرووپی قیس ئهلخزعهلیی شـهڕ ی درێـژه دا.
لـه کـاتـی شـــهڕ خـهزعـهلـیـی بـۆ خـۆی دهسـتـووری بـه میلیشاکانی دهدا، بـه بـێ ئــهوهی بـه پـهسـنـدی مـوقـتـهدا ســهدری بگهیهنێ. ئـهو و عـهبـدولـهادی ئـهلـدۆڕاجـی- لایـهنـگـری جـووڵانــهوی مێهدی- و ئـهکـرهم ئهلکهعبی لـه نـێـوهی سـاڵـی ٢٠٠٥ دا، لـهگـهڵ ســهدر ئـاشـتـبـوونـهوه.
لـه ژووئـیـهی ٢٠٠٦ دا، گـرووپـی عـهسـائـیـب دامــهزرا و بـوو بـه یـهکـێـک لـه گـوردانــه ســهربــهخــۆ یــهکــان. لـه ٢٠٠٨ ســهدر تـیـپـی ئـهلـموعـیـدی دامهزراند هـهتـا جێگرهوهی جهیشولمێهدی بێ. سهدر داوای لـه عهسایب کـرد تێکهڵ بـهو گـرووپـه نـوێـیـه بـێ، بـهڵام ئــهوان قبووڵیان نـهکـرد.

## هێرشهکانی گرووپی عهسائیب

هەر وەک ئاماژەی پێکرا، عەسائیب تا ئێستا ٦ هەزار عەمەلیاتی لە عێراق وەئەستۆ گرتوە. بۆ وێنە »هێرش بۆ کەمپی فالکۆن هێزە نیزامی یەکانی ئەمریکایی لە ئۆکتۆبری ٢٠٠٦ دا. تێرۆڕی یەکێک لە فەرماندەکانی نیزامی ئەمریکا لە نەجەف. خستنە خوارەوەی هێلی کۆپتێرێکی ئینگلیسی لە جۆری لینکس لە ٦ ی

مەی ٢٠٠٦ دا. هێرش بە باڵیوێزی لیهستان لە عێراق لە ٣ی ئۆکتۆبری ٢٠٠٧ دا.

## هەڵاتن بۆ ئێران

لە ساڵی ٢٠٠٨ دا، دوای ئەوەی ئەرتەش نوێی عێراق بۆ جاری دوویەم ئیزنی پێدرا شارۆچکەی سەدر کۆنترۆڵ بکا، زۆربەی ڕێبەرانی عەسائیبی ئەهلی حەق هەڵاتن بۆ ئێران و ئەرتەشی مێهدی ناپاسایی کرا. لە ئێرانێ زۆربەی شەرکەرەکانیان راهێنانی نیزامی‌یان پێکرا. ئەو وەزعە بوو بەهۆی ئەوە لە مانگی مەی هەتا ژوئییەی ٢٠٠٨ ئارامی‌یەکی گشتیی لەنێو ئەو گرووپەدا، بێتە ئاراوە.
لە ڕێکەوتی٢١ ی ژووئییەی ٢٠١٠ دا، ژێنراڵ ریـۆ ئیدرنۆی وتی: ئێران پشتیوانی لە سێ گرووپی رادیکاڵ و توندڕۆی شیعە لایەنگری دەکـا کە هانیان دەدا، هێرش بە پێگەکانی ئەمریکاییەکان بکەن. ئەو گرووپانە، ئەسائیبی ئەلحەق، تیپی ئەلمەوعید و کەتائیبی حیزبوڵلان.
لە دیسامبری ٢٠١٠ دا، راپـۆرات درا کە فەرماندەکانی میلیشیا شێعە وەک: ئەبوو دەرع و مستەفا ئەلشیمانی لە ئێران را بۆ عێراقێ دەگەڕینەوە، هەتا لەگەڵ عەسائیبی ئەهلی حەق کار بکەن. سەید کازمی حائیری- یەکێک لە مەرجەعەکانی شیعە- وەک ڕێبەری مەعنەوی ئەو گرووپە دەناسرێ.
لە ڕۆژی هەینی (جومعە) ١٠ ئۆکتوبری ٢٠١٢، ملیشیاکانی ئەلحەق لە ناوچەی ئەلئەمین ئەلسانی بەغدا، هێرشیان بە مزگەوتێکی سونیان کرد و کردیان بە مزگەوتێکی شیعەکان و پێشگیریان لە چوونی سوننیەکان دەکرد.
عەسائیب ئەلحەق لە ئووت و سێپتامبری ٢٠١٢ دا، بە ئامادەکارییەکی زۆر پتر لە ٢٠ هـەزار پۆستێری سید عەلیی خامەنیان لە عێراق بڵاو کـردوە. کاربەدستێکی بەڕێوەبەری ناوچەیەکی بەغدا کوتی:لە ترسی تۆڵەی میلیشیا شیعەکانی عەسائیبی ئەلحەق، ناوێرن ئەو پۆستێرانە داگرن.

## سەرایا خوراسانی

ئەندامانی گوردانی «سەریا خوراسانی» پتر لە شیعەکانی جنووب و ناوەندی عێراق پێک دێ و ئامانجی سەرەکییەکەیان، چالاکی بەدژی «داعـش»ە. فەرماندەکەیان کەسێکە بە نـاوی «سید علی الیاسری» کە، لە گفتوگۆیەک دا، خوازیاری دامەزرانی سپای پاسدران لە عێراقە.

یەکێک لـە تـایبەتمەندییەکانی گـوردانـی «سـەریا خـوراسـانـی» ئەوەیە و لە گرووپەکانی دیکەی نیزامیی و جیا دەکاتـەوە، لۆگۆکەی وەک: ئـارمـی سـپـای پـاسـدارانـی ئـێـرانـە. ئـەو گـرووپـە بـەستراویی راستـەوخـۆی بە رێژیمی ئـێرانـەوە هـەیـە، بۆیە لەگرووپەکانی دیکەی لەپێش‌ترە و لـەبواری نیزامی و لۆجێستیکی پتر پشتیوانی لێدەکرێ.

لە یەکێک لە ڤیدئۆ کلیپەکانی کە لە لایەن گرووپی «سەریا خوراسانی» بڵاوکراوەتەوە، حەمیدی تەقوایی بە دامەزرێنەری ئەوان دانراوە. ناوبراو یەکێک لە فەرماندەرانی سپای قودس بوە کە لە دێسامبری ٢٠١٤ لە سامرا کوژراوە. وێنەکانی لە چەند شەقامی شارەکانی عێراق دا، هەڵاوەسراوە.

تلویزیونی ئۆفۆقی سەر بە سپای پاسداران، موستەنەدێکی لە عەمەلیاتێکی ئەو گرووپە لە گرتنەوەی شاری «بلد» بڵاوکردەوە، کە ژمارەیەک لە ئەندامەکانیان، وێنەی آ. عەلیی خامنەیان لە جلەکانیان درووبـوو. (٨)

سەرچاوەکان:
١/ مأموریت‌های سپاه قدس در عراق، رادیو فردا، ١٣ آذر ١٣٨٩.
٢- هەمان.
٣/ بی‌بی‌سی فارسی.
٤/ پانزده گروهی کە بە نیابت از ایران در عراق و سوریە می‌جنگند، رادیو فردا.
٥/ گوگل، ویکی‌پێدیا.
٦/ هەمان.
٧/ هەمان.
٨/ رادیو فردا، پانزدە گروهی کە بە نیابت از ایران در سووریە و عێراق میجنگند، ٢٤ خرداد ١٣٩٤.